# ناوچە گەشت و گوزاریەکانی
# پارێزگای هەولێر

[متیودەیەکی ناساندن]

نووسین و ئامادەکردنی:

**دەشتی مەنتك**

بەرگی یەکەم

هەولێر ٢٠٢٠

**١٤.٨٥×٢١ سم**
**مەنتك، دەشتی مەنتك**
**ئـ:ناوچە گەشت و گوزاریەكانی پارێزگای هەولێر/ دەشتی مەنتك، پێداچوونەوە: د. ئاراس ئیسماعیل – د.مازن محەمەد، چ١، هەولێر، (چاپخانەی..........)، ٢٠٢٠.**
**٢٦٢ لاپەڕە.**

| |
|---|
| **ناوی کتێب: ناوچە گەشت و گوزاریەکانی پارێزگای هەولێر** |
| **بابەت: گەشتوگوزار** |
| **دیدارو ئامادەکردنی: دەشتی مەنتك** |
| **پێداچوونەوەی: د. ئاراس ئیسماعیل خضر– د. مازن محەمەد أمین** |
| **تایپکردن:ئامادەکار** |
| **دیزاینی ناوەرۆکو بەرگ: سەرباز سیامەند مەنتك** |
| **چاپی: یەکەم، هەولێر ٢٠٢٠** |
| **تیراژ: (   ) دانە** |
| **نرخ:(   )دینار** |
| **چاپخانە:** |

**بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە.**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی (   ) ی پێدراوە.**

**گشت مافەکانی ئەم پەرتووکە بۆ نووسەر پارێزراوە.**

## سوپاس و پێزانین:

- بـۆ خـودای گـەورە کەتەمـەنی پـێ بەخشـیم بۆتـەواو کردنـی ئـەم پەرتوکە.
- بۆ دایك و باوکی بـەڕێزم کەهەمیشـە هاوکـارو یارمـەتی دەرم بـوون لەسەرەتای ژیانمەوە تا ئێستا.
- بۆ سەرجەم مامۆستایانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن.
- بۆ بەرێز م. صالح حاجی مەنتك کاری وەرگێرانی بۆکردم.
- بـۆ بـەرێز سـەرباز سـیامەند کـە کـاری دیـزاینی نـاوەڕۆك و بـەرگی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرت.
- بۆ هاوسەری بەرێزم و کچە خۆشەویستەکانم.
- بۆ ستاف و ئەندامانی رێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە.
- بۆسـەرجەم فەرمانبـەرانی دام و دەزگاکـانی تایبـەت بـە ناونیشـانی ئەم پەرتوکە، کە هاوکاریان کردووم.

## پێشکەشە بە :

- پێشمەرگەوشەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردو کوردستان.
- ئەو کەسانەی کەهەوڵی فێربوونی زانست دەدەن.
- ئەو کەسانەی خزمەت بە بواری گەشت و گوزاری کوردستان دەکەن.

ناوەرۆك


| بابەت: | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١٣ |
| | |
| **شاری هەولێر لەڕووی گەشت و گوزاریەوە** | ١٥ |
| جوگرافیای شاری هەولێر | ١٨ |
| مێژووی شاری هەولێر | ٢٢ |
| قەڵای هەولێر | ٢٤ |
| مزگەوتی قەڵای هەولێر | ٢٧ |
| گەرماوی قەڵا | ٢٩ |
| مۆزەخانەی شارستانی هەولێر | ٣١ |
| مۆزەخانەی ڕستن و چنین | ٣٤ |
| قوتابخانەی ئەربیل ئولا | ٣٥ |
| ئەنتیکە خانەی قەڵا | ٣٧ |
| مۆزەخانەی کەلەپوری سریانی | ٣٨ |
| قشلەی سوارێ | ٣٩ |
| بازاڕی قەیسەری | ٤١ |
| منارەی مزەفەرالدین کۆکبری | ٤٣ |
| گردی قالینچ ئاغا | ٤٧ |

| | |
|---|---|
| گردی کلك مشك | ٤٨ |
| گردی قەسرە | ٥٠ |
| چایخانەی مەچکۆ | ٥٢ |
| مە زاری سوڵتان مزەفەرالدین کۆکبری | ٥٤ |
| پارکی سامی عبد الرحمن | ٥٥ |
| پارکی منارە | ٥٧ |
| پارکی شانەدەر | ٥٩ |
| پارکی گلکەند | ٦٢ |
| باغی شار | ٦٤ |
| پارکی شار | ٦٥ |
| پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر | ٦٦ |
| کتێبخانەی زەیتون | ٦٧ |
| کۆتەڵی شەهیدان | ٦٩ |
| ماجدی لاند | ٧٠ |
| شاری یاری فاملی فان | ٧٢ |
| ئەکوا تارین | ٧٣ |
| باخچەی ئاژەڵانی هەواری تازە | ٧٤ |
| قەڵای بانەمان (خانزاد) | ٧٦ |
| قەڵای دێری | ٧٩ |

| | |
|---|---|
| کانی دەرماناوی بابەجیسك | ٨٣ |
| سەیرانگای هەنارە | ٨٥ |
| سەیرانگای دلۆپە | ٨٦ |
| سەیرانگای بێستانە | ٨٧ |
| فرۆکە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر | ٨٩ |
| | |
| **شەقلاوە** | ٩١ |
| جوگرافی شەقلاوە | ٩٢ |
| مێژووی شەقلاوە | ٩٤ |
| مەزاری رەبەن بۆیە | ٩٦ |
| قەڵای دوین | ٩٨ |
| ئەشکەوتی کاوانیان | ١٠١ |
| شارۆچکەی هیران | ١٠٣ |
| مەزاری شێخی هیران | ١٠٤ |
| نەخشی چیای هەریر | ١٠٦ |
| قەڵای خانزاد | ١٠٨ |
| سەیرانگەی ماوەران | ١١١ |
| سەیرانگەی هیران | ١١٢ |
| سەیرانگای حاجی بایز | ١١٣ |

| | |
|---|---|
| سەیرانگەی تەوسکە | ١١٤ |
| سەیرانگای شێرە سوار | ١١٥ |
| | |
| **ڕواندز** | ١١٧ |
| جوگرافیای ڕواندز | ١١٩ |
| مێژووی ڕواندز | ١٢١ |
| خەرەند | ١٢٢ |
| تۆپەکەی وەستا ڕەجەب | ١٢٣ |
| قەلاّی پاشای گەورە (ئیچ قەلاّ) | ١٢٥ |
| هاوینە هەواری گەلی علی بەگ | ١٢٨ |
| هاوینەهەواری جوندیان | ١٣٠ |
| هاوینە هەواری بێخاڵ | ١٣١ |
| دۆڵی مەلەکان | ١٣٣ |
| دۆڵی ئالانە | ١٣٤ |
| سەیرانگەی بێرۆیان | ١٣٥ |
| سەیرانگەی گەلی ئاکۆیان | ١٣٦ |
| هاوینەهەواری وەرتێ | ١٣٨ |
| هەوارگەی پانکی گەشتیاری | ١٣٩ |
| تەلەفریکی کۆرەك | ١٤١ |

| | |
|---|---|
| | |
| **سۆران** | ١٤٣ |
| جوگرافیای سۆران | ١٤٤ |
| مێژووی سۆران | ١٤٧ |
| پارکی گوڵان | ١٤٩ |
| پردی بەرسیرین | ١٥٠ |
| کانی ماران | ١٥٣ |
| | |
| **مێرگەسۆر** | ١٥٥ |
| جوگرافیای مێرگەسۆر | ١٥٦ |
| مێژووی مێرگەسۆر | ١٥٧ |
| ئەشکەوتی شانەدەر | ١٥٨ |
| ئەشکەوتی بێستون | ١٦١ |
| ئەشکەوتی هاودیان | ١٦٤ |
| ناحیەی بارزان | ١٦٥ |
| مەزاری نەمران | ١٦٦ |
| سەیرانگای ڕێزان | ١٦٧ |
| مەیدانۆک | ١٦٨ |
| سەیرانگای پیران | ١٦٩ |

| | |
|---|---|
| ڕووباری چەمێ | ١٧٠ |
| | |
| **چۆمان** | ١٧١ |
| جوگرافیای چۆمان | ١٧٢ |
| مێژووی چۆمان | ١٧٤ |
| ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران | ١٧٦ |
| پێشانگای هەمیشەیی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران | ١٨٠ |
| سەیرانگای دۆڵی سەکران | ١٨٢ |
| چیای هەڵگورد | ١٨٣ |
| ئەشکەوتی بەفری | ١٨٥ |
| قەلای ڕوستێ | ١٨٦ |
| دۆڵی ڕوست | ١٨٨ |
| تاڤگەی وەلزێ | ١٨٩ |
| سەیرانگای خۆشکان | ١٩٠ |
| گوندی ناوەندە | ١٩١ |
| حاجی ئۆمەران | ١٩٣ |
| کانی دەرماناوی شێخی باڵەکان | ١٩٤ |
| مەزاری شێخی باڵەك | ١٩٥ |
| | |

| | |
|---|---|
| **کۆیە** | ١٩٧ |
| جوگرافیای کۆیە | ١٩٩ |
| مێژووی کۆیە | ٢٠١ |
| قەیسەری کۆیە | ٢٠٢ |
| قشلەی کۆیە | ٢٠٤ |
| مۆزەخانەی (خانەی کلتوری لەپ زێڕین) | ٢٠٦ |
| خان کاروان سەرای (محمود ئاغا) | ٢٠٨ |
| چوار تاقان | ٢٠٩ |
| خانی قەیسەری دەشتی کۆیە | ٢١١ |
| قەڵای شیلە | ٢١٤ |
| مەزارگەی ماربێنا قدیشا | ٢١٦ |
| قەڵای بۆگد | ٢١٧ |
| کۆساری گەشتیاری | ٢١٩ |
| هەیبەت سوڵتان | ٢٢٠ |
| هاوینە هەورای چنارۆك | ٢٢١ |
| ڕووباری جەلی | ٢٢٢ |
| کانی دەرمانایی جەلی | ٢٢٣ |
| سەیرانگای حەمامۆك | ٢٢٥ |
| چۆم حیدەر | ٢٢٦ |

| | |
|---|---|
| تەق تەق | ٢٢٧ |
| | |
| **مەخمور** | ٢٢٩ |
| جوگرافیای مەخمور | ٢٣٠ |
| مێژووی مەخمور | ٢٣٢ |
| قشڵەی مەخمور | ٢٣٣ |
| چیای قەرەچوخ | ٢٣٦ |
| ئاوی دەرماناوی (ئاوی شێخی چۆلی) | ٢٣٧ |
| ئاوی بن بەر دی | ٢٣٧ |
| گردی عەوێنە | ٢٣٩ |
| مۆزەخانەی کەلەپوری دیبەگە | ٢٤١ |
| | |
| بەشێك لە چالاکیەکانی رێکخراوی ئاقیاری هۆشیاری ژینگە | ٢٤٣ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٥٠ |
| کورتەیەك لە ژیانی نوسەر | ٢٥٩ |

# پێشەکی

گەشت و گوزار بەیەکێك لەفاکتەرە گرنگەکانی سەردەمی ئیستا دادەنرێت، چونکە پێویستیەکە لە پێویستیەکانی مرۆڤی هاوچەرخ، وەبەیەکێك لە پیشەسازیە گرنگەکانی ئەم سەردەمە دادەندرێت. توێژینەوەکان سەلماندوویانە کەوا پیشەسازی گەشت و گوزار ڕۆلێکی گەورەی لەئابووری ولاّتان داهەیە، بەتایبەتی لەهەبوونی پەیوەندی لەنێوان ولاّتان و هەبوونی بازاڕی ئازاد، گەشت و گوزار کۆمەلێك دیاریدەو چالاکی ئابووری و ڕۆشنبیری کۆمەلاّیەتی و چەندی تریش دەگرێتەوە، کەتاك پێی هەلّدەستێ شوێنی هەمیشەیی خۆی جێدە هێلّێت بۆماوەیەك کەمتر نەبێت ٢٤ کات ژمێر و زیاتر نەبێت لە سالّێك و دووریەك ببڕێت، مەبەست لە گەشتەکەی پڕکردنەوەی حەز وئارەزووەکانی بێت نەوەك بۆ بەدەست هێنانی ماددی بێت، ئەم کتێبە باس لە گەشت و گوزاری پارێزگای هەولێر دەکات، کەتێیدا تیشك دەخاتە سەر بنەما سروشتی و مرۆیەکانی هەولێری پایتەخت. لەبەرئەوەی هەولێر دەولّە مەندە بەسەر چاوەی ئاوی وەك (ڕووبارو کانیاو تاڤگە...هتد) وە هەروەها کۆمەلێك زنجیرە چیای هەیە وەك (چیای سەفین و چیای هەلگۆرد و چیای برادۆست و چیای حەسەن بەگ و چیای شیرین...هتد) لەگەلّ ئەوەش هەبوونی چەندین شوێنەواری وەکو (قەلاّی هەولێر ئەشکەوتی شانە دەر ئەشکەوتی بێستوون قەلاّی خانزادقشلەی کۆیەقشلەی مخمور گردی قالینچ ئاغا....هتد) ئەوە لەلایەك،

وە لە ڕووی رووەکـی سروشـتی و ئـاژەڵ و باڵنـدەی کێـوی یـەوە دەورێکـی باڵای هەیە لە پێش کەوتنی کەرتی گەشتیاری ئەوەش لە لایەکی تر.

ئەم هەموو پێشکەوتنەی پارێزگـای هـەولێر وای کـردووە قـەڵای هـەولێر دەستنیشـــان بکرێـــت بۆچـــوونە نێـــو ناوەنـــدی کەلـــە پـــوری جیهـــانی (unessco)، ئەمەش بۆتە هۆی سـرنج ڕاکێشـانی بەشـێکی زۆری خـەڵکی وڵاتـانی جیهـان، کەبۆگەشـت وگـوزار ڕوولـە هـەولێری پایتـەختی هـەرێمی کوردسـتان بکـەن. هەڵبەتـە بەمەسـتی زیـاتر ناسـاندنوو سـرنج ڕاکێشـانی زیـاتری گەشـتیارانی بیانیـیـە، شـاری هـەولێر لەسـاڵی (٢٠١٣) بـەژداری پێشبڕکێیەکی تایبـەت بەشـارە گەشـتیارەکانی وڵاتـانی عـەرەبی کـرد، لـەم پێش بڕکێیەدا شاری هەولێر دەست نیشـان کـرا وەك پایتـەختی گەشـتیاری وڵاتانی ناوچەکە بۆسـاڵی (٢٠١٤)، بۆیـە لەڕێگـەی ئـەم کتێبـەوە دەتوانیـت ئاشـنای سـەرجەم شـوێنە گەشـتیارەکان بیـت هـەرکاتێك بتـەوێت گەشـت بکـەیت بۆناوچـەیەکی گەشـتیاری زانیاریـت هـەبێت لەسـەری بۆئـەوەی بەئاسانترین شێوە بگەیتە شوێنی مەبەست، بەو هیوایەم خزمەتێکی بچـوکم بـە کـەرتی گەشـت و گوزارکردبێـت، وەلـە هەڵـەو کـەموو کوڕیـەکان داوی لێبوردن لەخوێنەران دەکەم چونکە هـیچ کەسـێك نیـە هەڵـەو کـەموو کـوڕی نەبێت تەنیا خودای گەرە نەبێت، هەرسرنج و پێشنیارێکتان لەسەری هەبێت مـن بـەدڵکی فـراوان وەری دەگـرم بۆئـەوەی سـودی لێـوەر بگـرم، بـەهیوام کەسانی تریش خزمەت بەبواری گەشت و گوزار بکـەن جگـە لـەکتاب نوسـین کتێب لەزمانەکانی تر وەر بگێرنە سەر زمانی شیرینی کوردی.

**ئا: دەشتی مەنتك**

# شاری هەولێر لەڕووی گەشت و گوزاریەوە



وێنەی ژمارە (١) شاری هەولێر، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٠ وەرگیراوە

شاری هەولێر لەهەندێ ڕووەوە توانای سروشتی و مرۆیی هەیە بۆ پێشکەوتن لەبواری گەشت و گوزاردا، بەتایبەت ناوچە شاخاویەکان کەتوانایەکی گەشت و گوزاری سروشتی زۆر گەورەیان هەیە ئەگەر بێت و ئەم توانایە بەشێوەیەکی زانستی بەکار بهێنرێت. لەگەڵ بوونی هەندێ بنەمای سروشتی وە دەوڵمەندی ناوچە شاخاویەکان بەرووەکی سروشتی و سەرچاوە ئاویەکان وەکو (کانیاو و ڕووبارەکان و بوونی چەندین کانیاوی تەندروستی وەك گڕاوو کانیاوی کانزایی وگەرماو)، وەهەروەها هەبوونی باڵندەو ئاژەڵی کێوی وەچەندین شوێنەواری دێرین وجگە لەناوچە شوێنەواریانەی کەلەدروست کردنی مرۆڤن،

وەهــەروەها بــوونی چــەندین مەزارگــەی ئـایینی و گـۆڕی پیـاو چـاکان و هونەری فۆلکلۆرو، گونـدو گـازینۆی گەشـتیاری هۆکـارێکن بۆڕاکێشـانی گەشتیاران.[1]

بونی شوێنەواری گرنگ و دێرین کەناوبانگی نـاوەخۆیی و جیهانیـان هەیە، پاشماوەکانی کۆنترین مرۆڤ لەئەشـکەوتی شانەدەربەشـێوەیەکی ئێسك و پەیکـەری نیانـدەرتالْ دۆزراوەتـەوە، کەمێژووەکـەی بـۆ (٤٥٠٠ ٦٠٠٠) ســالْ لەمەوبەردەکەرێتــەوە، شــاری هــەولێر کــۆنترین شــارە کەتاوەکو ئیستا مرۆڤی تیادەژی، ئەمانەهەمووی هۆکارن بۆ ڕاکێشـانی گەشتیاران.[2]

جگە لە ئاسەواری مێژوویی، پارێزگای هەولێر چـەندین سەرچـاوەی گرنگی سروشتی هەیە کەبونەتە ناوەندێکی گرنگی گەشت و گوزار.

ئەم فاکتــەرو سەرچـاوە سروشـتیانە خۆیـان لـەنزمی پلـەی گـەرماو بەرزی ناوچە شاخاویەکاندا دەبیننەوە، جگە لەبونی بـانی بـەرز، زۆری دارستان و دەشتایی وەناوچە بلْندەکانی شاخ و بانەکانـدا بـونی کانیـاو تاڤگە و زۆری ئاوی سازگارو سروشت و بارینی بەفرو بارانی زۆر لەپایزو زستان وبەهاردا، بێگومان ئەمە هەمووی بۆتەمایەی زۆر بوونی دارستان

[1] سەردار محمد عبدالرحمان ـ هۆشیار محمد أمین خۆشناو، الاطلس السیاحی لاقلیم کوردستان العراق (الاثار و السیاحة) الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٠.

[2] پرۆفیسۆر ئازارد نەقشبەندی، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، کتێبی سەنتەری برایەتی ـ٣ـ، ١٩٩٩، لا٢٦٠.

و لەوەڕگاو پاوانی سەوز کەلەئەنجامدا کشتوکاڵ و ئـاژەڵ داری بـرەوی سـەندووە و لەئاکامـدا بەرهەمـەکانی بەدرێـژایی سـاڵ دەردەکـەوێت، وەلەلایـەکی تـرەوە بـارینی بـەفری زۆر لەناوچـە شـاخاویەکانی پارێزگاکـەدا کەشـێکی لـەباری بۆگەشـت و گـوزاری زسـتانە فەراهـەم کردووە کەبۆ خلیسکێنەی سەر بەفر دەست دەدات.

هاوینە هەوارەکانیش لەپارێزگای هەولێر بایەخێکی گەورەیان هەیە، بۆیە پێویستە گرنگی بەدامو دەزگا گەشت و گوزاریەکان بـدرێ چـونکە سەرچـاوەیەکی بایەخـداری دەسـت خسـتنی داهـات وبەگـەر خسـتنی ئـابورین، جگـە لـە وەی خزمـەتکردنیان دەبێتـە مایـەی ڕاکێشـانی گەشتیاران لەدەرەوەی هەرێم.

دەتوانین گەشت و گوزار لە پارێزگای هەولێر بەسـەر چـەند جۆرێـك دابەش بکەین لەوانە: [١= گەشت وگوزاری خۆشی و کـات بەسـەربردن، ٢= گەشت و گوزاری کلتوری ومێژوویی، ٣= گەشـت و گـوزاری ئـابوری، ٤=گەشت و گـوزاری سیاسـی، ٥= گەشـت و گـوزاری کۆمەڵایـەتی، ٦= گەشت و گوزاری وەرزشی، ٧= گەشت و گوزاری زانستی، ٨= گەشت و گـوزاری چارەسـەری...هتد]. دەکرێ‌گەشـت و گـوزار ڕۆڵێکـی گرنگـی هـەبێت لەگەشـە سـەندن و خوڵقانـدنی هاوسـەنگی ئـابوری لـەنێوان هەرێمەکان و وولاتان داهەبێت، ئەمەش لەئەنجامی گەشـەی شارسـتانی و ئاوەدانی ناوچەکانی گەشت وگوزارە کەدەبێتـە مایـەی گواسـتنەوەی هێزی کڕین لەناوچە ئاوەدان و ئاپۆراکـانی ناوەنـدە پیشەسـازیەکانەوە

بۆناوچەگەشت و گوزاریەکان، هەموو ئەمانە کەباس کران هۆکارێکی بەهێزن بۆ دەوڵەمەند کردن و بەرەوپێش بردنی گەشت و گوزار لەپارێزگای هەولێر [1].

لەم ساڵانەی دوایی دا لەبەر ئەوەی کە گرنگی بە کەرتی گەشت و گوزار دراوە ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی ناوەوەی هەرێم و دەرەوە لەکاتی پشوو و بۆنەکاندا سەردانی شوێنە گەشتیاریەکانی شاری هەلێر دەکەن.

هەڵبژاردنی شاری هەولێربە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی ساڵی(٢٠١٤)ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی گەشتیارانی بیانی زیاتر ڕوو لەشاری هەولێر بکەن و شوێنە گەشتیاریەکان ببینن[2].

## جوگرافیای شاری هەولێر

هەولێر دەکەوێتە نێوان زێی گەورەوزێی بچووك. لەباکووریدا تورکیا و بەشێك لەشاری موسڵە، لەباشوریدا شاری کەرکوکە. لەرۆژهەڵات شاری سلێمانی ئێرانە، لەڕۆژئاواشی شاری موسڵە.ڕووبەرەکەی (١٦/٦٠٠کم) دووجایە بەپێی بۆچوونی داوسن، بەڵام بەپێی بۆچوونی بەڕێوەبەرایەتی ڕووپێوی گشتی (١٦/١٨٦کم) دووجایە، کەچی د.ئەحمەد سوسە بە (١٥/٨٧٠کم) دووجا مەزەندەی دەکات.

---

[1] سەلاحەدین حەفید، ئابووری کوردستان (١٩٧٧ ـ ١٩٩٠)، چاپی یەکەم، سلێمانی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٠، لا ١٧٧ـ ١٧٨.

[2] گەشتی مەیدانی لەرێکەوتی ١٢/١٧/ ٢٠١٦ .

هەولێر دەکەوێتە سەر هێلی پانی درێژیەکەی (٣٦/١١) ولە سەر هێلی (٤٢/٢) بەرەو ڕۆژهەلات، کەوتۆتە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت لەسەر بانێکی تەختایی ڕاست، کە نێوەندی بەرزاییەکەی (١٣٠٠) پێیە.بەلاّم ئەو دەشتەی لەنزیك قەلاّکەیە بەرزییەکەی (١٣٣٢) پێییە لەسەر ڕووی دەریاوە. ئەو بانە هێڵی دابەشی ئاوە، لەنێوان هەردوو زێیە کە.دەشتی هەولێر چەند چیایەکی هەیە کەهەندە بەرز نین لێوەی نزیکن. دەشتەکە لەشێوەی سێ گۆشەوایە بەدرێژ بوونەوەیەك هەتا کەرکوك. پێچەوانەیەکی، کەهەندێ خڵت و قوڕو لیتە و بەردی تیا کۆبۆتەوە [1].

وەگرینگترین ئەودەشتەی کەکوتۆتە نێوان زنجیرە بان و گردەکان بریتی یە لە پێچێکی قۆپاو و هۆکارەکانی داڕووتان و داماڵین پری کردوون لە چینێکی ئەستور لەنیشتەنی لم و گرینی و تەفەلی ئەویش دەشتی هەولێرە کەدرێژییەکەی ٨٥کم وە پانی یەکەی ٣٥کم وە بەرزیەکەی ٣٠٠٤٥٠م بەرزە [2]. ڕووبەرەکەی بەرزی و نزمی هەڵکەوتووە و چەندین دۆڵی تێدایە کەلەو ڕێگایانەوە ئاوەکەی دەڕژێتە نێو زێی گەورەو بچووك، چیای دێدەوان لەڕۆژئاواو زورگە زراو

---

[1] زوبێر بیلال ئیسماعیل، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٤٣ - ٤٤.

[2] کۆمەلێك مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای کوردستانی عێراق، وەرگێرانی : سەنتەری برایەتی و ئاسۆکەریم بەکوردیەکەی داچۆتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر کوردستانی عێراق،١٩٩٨، لا١٠٩-١١٠.

لەباشــووری هەڵكــەوتوون [1]. وە ســێ جــۆر دارســتانیش لــەپارێزگای هــەولێر بــەدی دەكرێــت ئــەمانیش دارســتانە كراوەكــان كەلــە چــیاكانی (صلاح الـدین) ە وە دارسـتانە چـرە مـام ناوەنـدەكان كەلـە (چـۆمان و رواندن)ە، وە دارسـتانە چـرەكان لـە ناوچـەی (حـاجی ئۆمـەران)ە وە ڕووبــەری دارســتانەكانی پارێزگــای هــەولێر بــە ٢,٣١٢,٠٠٠ ملیـۆن دۆنم دەخەملێنرێت كەلەناوچەی صلاحەدین كۆیە وە دەست پێ دەكات و تا دەگاتە حاجی ئۆمەران نزیك سنوری ئێران بەردەوام دەبێت [2].


ئاو و هەوای هەمان ئاو و هەوای دەریای ناوەراسـتە وەرزی هـاوینی گەرمە و زستانی ساردو باراناوی یە وە دەریای ناوەراست تاكە دەریایە كاریگەری بەسەر ناوچەكە بەگشـتی و هـەولێر بەتایبـەتی هـەبێت، بـای زستانەش كەسەرچاوەكەی لەدەریای سپی ناوەڕاست هەڵدەكات بریتـی یە لە بای باكووری ڕۆژئاواو و بە پێچەوانەوەش [3].

---

[1] عبدالله غفور،جوگرافیای كوردستان،چاپی پێنجەم،چاپخانەی خانی(دهۆك)،٢٠٠٨،لا٤٣.

[2] كۆمەلێك مامۆستای زانكۆ،جیۆگرافیای كوردستانی عێراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١١٠.

[3] مهدی محمد قادر، هەولێر لـەنێوان ساڵانی ١٩١٤ ـ١٩٣٠، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، سـاڵی ٢٠٠٨، لا١٧-١٨





نەخشەسازی: هوشیار

**﴿نەخشەی ژمارە (١)، ناوچە گەشت و گوزارییەکانی پارێزگای هەولێر﴾[١]**

---

[١] هۆشیار محمد امین و سەردار محمد، ئەتلەسی پارێزگای هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ .

## مێژووی شاری هەولێر



﴿وێنەی ژمارە (٢) شاری هەولێر، لەرێکەوتی ١٠ /٤/ ٢٠١٦ وەرگیراوە﴾

هەولێر کۆنترین شاری جیهانە کە تاوەکو ئیستا بەدانیشتوان ئاوەدانە، ناوەکەی بەر لە (٣٠٠٠)ساڵ پێش زایین تۆمارکراوە و مێژووەکەی دەرکەوتووە، کەبەشارێکی پڕ لەژیان و ئاوەدانی ناوبراوە و یەکێك بووە لەزەوی و زاری سومەریەکان. بەپێی تۆمارکراوەکانی سۆمەریەکان ناوەکەی بە (ئوربیلیوم) ناوبراوە، هەروەك لە یەکێك لەکتێبەکانی شولیکی پاشای سومری بەر لە (٢٠٠٠) ساڵ پێش زایین هاتووە. سۆمەریەکان یەکەم گەل بوونە کەلە ناوچەی میزوپۆتامیا دەرکەوتوون. زۆربەی مێژوونوسەکانیش دووپاتی داکشانیان دەکەنەوە لەکوردستان (باکووری میزۆپۆتامیا: عێراقی ئیستا) بەرەو دەشتاییە

**هەڵنیشتووەکەی باشووری عێراق کەتێیدا شاریان دامەزراندووە و یەکەمین شارستانیەتیان لەمێژووی مرۆڤیایەتیدا پێك هێناوە[1]. وە لەنوسراوە سۆمەری و بابلیەکاندا بە (اربیلم ،اربیلا،اروبلا،ربائیلۆ) ناوی براوە کەلەوسەردەمە مەڵبەندی پەرستنی خواوەندی عەشتار بووە [2]. هەروەها ناوی شارەکە لە کتێبی مێژوو نوسان و شارستانیەکانی عەرەب و موسڵمانان بەشێوەی:أربل و أربیل ناو براوە. کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بە هەولێر ناوی دەبەن، دەورووبەری شاری هەولێر یەکێك لە گرینگ ترین جەنگە مێژوویەکان تێیدا ڕویداوە (جەنگی أربیلا یاخود کوکەمیلا)لەنێوان ئەسکەندەری مەزن و دارا پادشای الاخمینی لەسەدەی چوارەمی پێش زایین لەساڵی (٣٣١) پێش زایین [3]. ەسەردەمی (مظفرالدین کوکبری) هەولێر ناوبانگێکی تایبەتی دەر کردبوو وە لەو ڕووەوە بە پێشکەش کردنی خزمەت کردن بە ڕێبواران و لێقەوماوان کەڕوویان لەشارەکە دەکرد وە سوڵتان ناوبانگی بەهاوکاری هەژاران دەر کردبوو [4].**

---

[1] دەستەی باڵای سەرپەرشتیارلەسەر چالاکیەکانی هەولێرپایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆساڵی ٢٠١٤، لا ٤.

[2] مەغدید حاجی، لە (ئوربیللۆم و ئەربەئیلۆ) وە بۆهەولێر، ٣٩ وتارو کورتە لێکۆلینەوە دەربارەی مێژووی هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لا ٧ .

[3] دەستەی باڵای سەرپەرشتیارلەسەر چالاکیەکانی هەولێرپایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆساڵی ٢٠١٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٤.

[4] مهدی محمد قادر،گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(٢) ی ساڵی دووەم، پایزی ٢٠٠٨، لا ٢٦ .

# قەڵای هەولێر



﴿وێنەی ژمارە (٣) قەڵای هەولێر، لە ڕێکەوتی١٥/١٢/٢٠١٦ گیراوە﴾

قەڵای هەولێر یەکەیەکی شارستانی زۆر بەرچاوەکەشارستانیەتی شاری هەولێر بەرجە ستە دەکات. ئەوشێوازە شارستانیەتەی خۆی و کارەکتەرە بیناسازیەکانی بەدرێژایی چەندین هەزار ساڵ پاراستووە. کەوا باوەڕ دەکرێ بۆ ماوەی (٦٠٠٠) ساڵ بگرە زیاتریش بەبەردەوامی ژیانی تێداهەبووە. بۆیە دەکرێت بە یەکێك لە کۆنترین شوێنی نیشتە جێبوون لەجیهاندا هەژمار بکرێت. کەبەڵگەی شارستانیە یەك بەدوای یەکەکان لەخۆدە گرێت لەوانە سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشوریەکان، فارسەکان، یۆنانی، ئیسلامی و عوسمانی. هەرچەندە وەکو زۆربەی شارۆچکە مێژوویەکانی تر بەدرێژایی ساڵەکان جۆرێك لە نۆژەنکردنەوە و دووبارە دروستکردنەوەی تێدا ئەنجامدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

توخمە سەرەکیەکان وەکو شوراو نمونەی شێوازی شارستانی و جوانی گشتی بەهای بیناسازی خۆی پاراستووە[1].

ئەگەر وەسفی قەلاکە بکەین دەبینین بەشێوەیەکی سەرەکی قەلا دەکەوێتە ترۆکی گردێکی (٣٢ــ٢٨م) بەرزە لەسەر زەوی. شارۆچکەیەکی شێوە هێلکەییە. نیوە تیرەکەی لە باری درێژییەوە (٤٣٠م) و پانیەکەی(٣٤٠م) دەبێت، ڕووبەرەکەی (١١٠٠٠٠) مەتر دووجادەبێت وەیەکێکە لەکۆنترین شارەکانی جیهان کەتاوەکو ئیستا ژیان تێیدا بەردەوام بێت.قەلاکە دابەش کراوەتە سەر سێ گەڕەکی شێوازی کۆن ئەوانیش گەڕەکی **(سەرا)** بەشێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی ئەو گەرەکە پێك هاتووە لە مالّی کاربەدەستانی حکومی وخێزانە خانەوادە دەولّەمەندەکان.

گەڕەکی**(تەکیە)** بۆیەپێی دە گوترێت تەکیە، چونکە هەندێك تەکیەی تێدابووە گەڕەکی **(تۆپخانە)** بەشێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانەکەی لەخێزانی پیشە گەرەکان پێکهاتبوو[2]. بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و پارێزگاری کردن لەپێگەی مێژوویی قەلا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سالّی ٢٠٠٧ کۆمسیۆنی بالای بوژاندنەوەی قەلای

---

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان - پارێزگای هەولێر، کۆمسیۆنی بالای بوژانەوەی قەلای هەولێر، www.erbilcitadle.org/ ، Email:info@erbilcitadle.org .

[2] دەستەی بالای سەرپەرشتیارلەسەر چالاکیەکانی هەولێرپایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆسالّی ٢٠١٤، هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٨.

هــەولێر هــەروەها ئامادەکــاری بــۆ لێکۆلینــەوەی زانســتی گشــتگیر و ماستەر پلانــی پاراســتنبە گــوێرەی ســتانداردی جیهــانی بــۆ پاراســتن و دووبارە زیندوو کردنەوەی ئاسارو کەلەپوور بەهاوکاری یونسکۆ.

بەم شێوەیە قەڵای هەولێر نوێنەرایەتی نموونەی شــارێکی بــێ وێنــە دەکات کە بۆ چەندین هەزار ساڵ بە زیندوویی ماوەتــەوە. لــەو کاتــەوە نەك تــەنها چــینە شــوێنەوارەکەی گرنگــە بــەڵکو خــاوەنی کەلــەپورێکی شارســتانی و بیناســازی کــۆنی زۆر گرنگــە. لــەوەها ئاســتێکدا شــایەنی ئەوەیە بچێتە ناولیستی کەلە پوری جیهان [1].



﴿وێنەی ژمارە (٤) قەڵای هەولێر، لە رێکەوتی٢٠١٦/١٢/١٥ گیراوە﴾

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ پارێزگای هەولێر، کۆمسیۆنی باڵای بوژانەوەی قەڵای هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو .

# مزگەوتی قەڵای هەولێر




﴿وێنەی ژمارە (٥) مزگەوتی قەڵای هەولێر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٧/٩گیراوە﴾

مزگەوتی قەڵای هەولێردەکەوێتەناوەڕاستی قـەڵا.(یاقوت حەمـەوی) لەکتێبی (معجم البلدان) لەساڵی (١٢٢٠ز) باسی ئەم مزگەوتەی کردووە، هەروەها (ابن مستوفی) لەنوسینەکانیدا (تاریخ أربـل) نـاوی (مزگـەوتی قەڵا) ی بۆدیاری کردووە [1].

سەرچاوە مێژوویەکان دەڵێن مزگەوتی گەورە و ناوداری قەڵا، کـەتا ئێسـتا مـاوە شـوێنی زیکـر و عیبـادەتی خـودای گەورەیـە، هـی ئـەمیر (سرفتطین کوڕی مەنسوڕی کوڕی عبدالله زینی) یە، کەلە سـاڵی ٥٣٢ی

[1] الدليل السياحى اربيل،وزاره البلديات والسياحه، المديرية العامة للسياحة ـ أربيل، ص (٣) .

کۆچـی، رێکـەوتی ١١٣٨ ی زاینـی لەناوەڕاسـتی قـەڵا بۆزانـاو ئـاین پـەروەری نـاودار مـەلا خـدر (ابـو العبـاس) بنیـاتی نـاوە، مزگەوتەکـە کەوتۆتـە تـەنیش گـەرماوی قـەڵا، هـەروەك لەسـەر بـەردێکی مێـژوویی مزگەوتەکەش دەرکەوتووە، دوای ئـەو تەمەنـە درێـژە لەساڵی ١٢٧٨ی زاینی نۆژەن کراوەتەوە، ئەگەر لەو شارەدا کۆمەڵێ مزگـەوت و شـوێنی ئاینی مێـژوویی کـۆن هـەبن، بـەڵام مزگـەوتی گـەورەی قـەڵا بەشـایەتی مێژووو تێپەڕ بوونی زەمەن و سەدەکان لەم شارە، بەکۆنترین مزگـەوت و شـوێنی خواپەرسـتی دادەنرێـت، گـەورە مامۆسـتایانی تەجویـدی قورئانی پیرۆز لەکاتی ڕووداوە سروشتیەکانی وەکو بومەلەرزەو مانگ و ڕۆژ گیران گێژەلۆکە، سورەتی (الدخان) ی تێدا دەخێندرا و خـەڵکیش دوعایـان دەکـرد تابەڵاکـەیان لەسـەر لابچـێت، لەسـەر دەمـە جیاجیـا کانیشدا مەلیك و وەزیرو لێپرسراوان سەردانی مزکەتەکەیان دەکرد [1].

---

[1] کارزان حیدەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩، لا(٧٩٧).

# گەرماوی قەڵا



﴿وێنەی ژمارە (٦) گەرماوی قەڵا، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٧/٩ گیراوە﴾

دەکەوێیتەناوەڕاستی قەڵا لەتەنیشت مزگەوت، دوو قوبەی لەسەرە، گەرماوەکە لەحەوشێکی گەورە پێك هاتووە، کەڕووبەرەکەی (٣٠٠) مەتر چوار گۆشەیە و هۆڵەکانیشی لە چوار هۆڵی سەرەکی پێك هاتووە، هۆڵی یەکەم سەرەتای چونەژوورەوەی گەرماوەکەیە و کەبۆ خۆ گۆڕین بە کاردێت، هۆڵی دووەم بۆهەمان مەبەست سوودی لێ بینراوە، بەڵام هۆڵی سێیەم بۆخۆئامادەکردن و هۆڵی چوارەم بۆ خۆشوشتنە کە پێنج ژووری جیا جیای تێدایە لە ناوەراستی گەرماوەکە سەکۆیەکی گەورە هەیە، کە پێی دەڵێن بەردی زاوا، بەپێی هەندێك لەسەر چاوەکانی مێژووی شوێنەوارلە ساڵی ١٧٧٥دروستکراوە، کەچی لەسەر چاوەیەکی دیکەی مێژوویدا ئاماژە بەوە دەکات کە (قاسم ئاغا

ی یعقوب) نۆژەنی کردۆتەوە. هەر لەناو گەرماوی قەڵادا بیرێکی گەورە هەڵکەندراوە کە قوڵاییەکەی نزیکەی (٦٠) مەترێك دەبێت و پێوانەی بازنەکەشی (٥) مەترە، سەردەمانێك ئەو گەرماوە لەلاَن چەند رۆشنبیرێکی شارەکە کرابووە بارەگایەکی رۆشنبیری بەناوی ناوەندی رۆشنبیری سەردەم، کە ماوەی چەند ساڵێك چەندین کۆروو سیمینارو پێشانگای جۆراو جۆری هونەری رۆشنبیری و کلتوریان تێدا پێشکەش دەکرد، لە ئێستاشدا چۆلکراوە گەشتیاران دین بۆ سەیرکردنی [1].



﴿وێنەی ژمارە (٧) گەرماوی قەڵا، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٧/٩ گیراوە﴾

[1] محمد سەعید کوردە، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (١٣)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ .

# مۆزەخانەی شارستانی هەولێر




﴿وێنەی ژمارە (٨) مۆزەخانەی شارستانی، لەڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٩ گیراوە﴾

سەرەتای دامەزراندنی مۆزەخانەی شارستانی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە پێك هاتبوو لە باڵەخانەیەکی سادە لە گەڕەکی منارە نزیك پەرلەمانی ئیستا، بەشێك بوو لە پشکنینی شوێنەواری هەولێر کە شوێنەوارێکی کەمی هەبوو لەو کاتەوە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا مۆزەخانەی هەولێر گواستراوەتەوە قەڵای هەولێر خانووی (ئەحمەد چەلەبی)، پاش خۆماڵی کردنی خانووە کەلەپوریەکان و نۆژەنکردنەوەیان ئەم خانووە بە شێوەیەکی فەرمی کرا بە مۆزەخانەی هەولێر، لەوکاتەدا لە لایەن بەڕێوە بەرایەتی گشتی

شوێنەوار لە بەغدا چەند پارچە شوێنەوارێك نـاردرا بـۆ مۆزەخانـەی هەولێر، کەهەموو سەر دەمەکانی لەخۆە دەگـرت و شـوێنێکی تایبـەتی هەبوو بۆ نمایش کردنی شوێنەواری گردی قالینچ ئاغا. چونکە بـە پێـی یاسای ئەو کات مۆزەخانە دەتوانێت یەك پارچە شـوێنەوار بپـارێزی لـە کاتی دۆزینـەوەی پارچـەی هـاو شێوە، بـەڵام ئـەو پارچانەی کـە هـاو شێوەیان نەبوو لە بەغدا دەپـارێزران و کـۆپی پارچـەکە دە نێـر درایـە مۆزەخانەکانی تر.لـە سـاڵی ١٩٨٥ مۆزەخانەیـەکی نـوێ دروسـتکرا لـە شوێنی قالینچ ئاغا پـاش ئـەوەی لەلایـەن لیژنەیـەکی نـاوەخۆی کـاری هەڵکۆڵینی تێدا کراو گەیشتە دواین چـینی زەوی شـوێنێکی گونجاویـان ئامادە کـرد بـۆ دروسـت کردنـی بیناکـە، کـە دەکەوێتـە سـەر شـەقامی سەرەکی نزیك بەرزە پردی ئێسـتای (**شـەهید ئـەکرەم مـەنتك**)، سـاڵی ١٩٨٩ دروست کردنی بیناکە تەواو بووو مۆزەخانەی شارستانی هـەولێر بە شێوەیەکی فەرمی لەو شوێنەی ئێستا جێگیر کرا.[1]

مۆزەخانەی هەولێر بۆپیشاندانی پارچە شوێنەوارەکان لەسێ هـۆڵ پێکهـاتووە کـەوا لەهـەر هۆڵێکچـەندین سـەردەمی جیـاوازی لـە خـۆ گرتووە، هەروەها جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هۆڵەکان بـەپێی کـۆنترین سـەردەمی شـوێنەواری تـانوێترین سـەردەمی شـوێنەواری ڕێکخـراون، هـۆڵی یەکەمئـەو کـەلو پەلانەیـە کەمێـژووی هەنـدێك لـەم ئاسـەوارانە بۆزیاتر لە (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایینەدەگەڕێتەوە کەشارسـتانەیەتی کـۆنی

---

[1] ڕیبەری شوێنەواری مۆزەخانەی هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٤، لا ٦.

کوردستان دەردەخات، هۆڵی دووەم ئاسەواری ئاشوریەکان و ئۆراتیەکان هەندێکی دیکەی شوێنەواری گرنگی لە خۆگرتووە وە هۆڵی سێیەم تایبەتە بە مێژووی ئیسلام و عەباسیەکان، چاوەڕوان دەکرێت لەئایندە گرنگی زیاتر ی پێ بدرێ و گەشتیاران زیاتر سەردانی دەکەن[1].

(تێبینی دەکەم شوێنەك تایبەت بە مۆزەخانە دروست بکرێت و تەواوی پێداویستیەکانی تایبەت بە مۆزەخانەی هەبێت سیمای مۆزەخانەی هەبیت تاوەکو ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بێن بۆ بینینی).



﴿وێنەی ژمارە (٩) مۆزەخانەی شارستانی، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/٩ گیراوە﴾

[1] گۆڤاری سەفین، ژمارە ٦٠، شوباتی ٢٠١٥، لا ٧٦ .

# مۆزەخانەی ڕستن و چنین



﴿وێنەی ژمارە (١٠) مۆزەخانەی ڕستن وچنین، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٧/٩ گیراوە﴾

دەکەوێتەسەرقەڵای هەولێر کە ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی دەستکردی کوردەواری لەخۆدەگرێت، بەتایبەت کەرستەی کشتو کاڵی و جل و بەرگ و پیشە دەستیەکان و خواردن و کەلوپەلی ڕستن و چنین. ئەمانە گوزارشت لەکلتوری کوردی دەکەن، بەشێکیان لەو کەلوپەلانە لەهەمان شوێن دروست دەکرێنەوە و لە لەناوچوون دەپارێزرێن و بۆ فرۆشتنیش بەکاردێن، واتە گەشتیار دەتوانێ بەدیاری بۆوڵاتەکەی خۆی بەرێتەوە. بەڵام بەشێکیان دروست ناکرێنەوە بۆیە تەنیا بۆ بینین وناسین و سەیرکردن بەکار دەهێنرێن. ئەمانە وەك بنەمایەکی گەشتیاری گرنگ سەیر دەکرێن، چونکە بەشێك لە گەشتیاران شەیدای ناسین و بینینی داب و نەریتی گەلانی ترن و

ئارەزوو دەکەن لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر دەسکردەکانیان بکەن، بۆئەم مەبەستە سەدان گەشتیار ڕوویان لەوڵاتان کردووە، ساڵانەزیاتر لە (٥٠ تا ٦٠) هەزار گەشتیار سەردانی مۆزەخانەی ڕستن چنین دەکەن. کوردستان بەم بنەما گەشتیاریە دەوڵەمەندە، بەڵام پێویستە هەوڵبدریێ لەڕێگای فرۆشتنیان لەناو نەچن و بپارێزرێت، باش وایە هانی پیشەوەران بدرێت و بەردەوام بن لەدروست کردنی کەلو پەلەکانی کولتوری کوردەواری.[1]

## قوتابخانەی ئەربیل ئولا



﴾وێنەی (١١) قوتابخانەی ئەربیل ئولا، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٢ گیراوە﴿

ئەم قوتابخانەیە بەیەکەم خوێندنگە دادەنرێت لەپارێزگای هەولێر کەدەرگای بەڕووی قوتابیان دا کردبێتەوە، مێژووی دامەزراندنی

[1] نادر ڕۆستی، گەشتێك بۆ گەشت و گوزار، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١ هەولێر، لا٣٠ .

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠ دواتریش قوتابخانەکانی وەك (ئەربیل سانیە) و(ئەربیل سالسە) کرانەوە، هەروەها لەساڵی ٢٠١٢ بەبریاری پارێزگای هەولێر لەشێوەی مۆزەخانەیەکی پەروەردەیی نۆژەن کراوەتەوە، کەچەندین هۆڵی تایبەت لە خۆ دەگرێت هەریەکەشیان بەناوی یەکێکەوەیە وەك هۆڵی عبداللە عزیز (عەبەهەولێری) ئەحمەد ناجی و عزالدین خەیری و کریس کۆچێرا و ئەسکەندەر عوسمان و ئیبراهیم باڵدر و دانیال عویز قەسابو خدر مولود کەچەندین کەسایەتی دیارو بەرچاوی شاری هەولێر لەسەرجەم چین و توێژەکانەوە پێگەیاندووە وەك (محسین دزەیی، ئەژی گۆران، شەهاب شێخ نوری، بڵندحیدەری، صالح حیدەری، جەودەت ئەحمەدناجی...هتد).

تەواوی ئەو نوسراو کەرستەو وێنانەی ساڵانی ڕابردوو لەم شوێنانەدا وەك ئەرشیف پارێزراە، بەو هۆیەوە بۆ بینین و ئاشنابوون گەشتیارێکی زۆر سەر دانی دەکەن [1].

---

[1] چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرێز (اسماعیل بەرزنجی ) بەرێوەبەری مۆزەخانەکە،لەرێکەوتی ٢٦ /١٢/ ٢٠١٦ کات ژمێر ١٠ ی بەیانی .

# ئەنتیکە خانەی قەڵا



﴿وێنەی ژمارە (١٣) ئەنتیکەخانەی قەڵا، لەرێکەوتی ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٧ گیراوە﴾

ئەنتیکـە خانـەی قـەڵات دەکەوێتـە نـاو قـەڵای هـەولێر لەبەشـی باشووری، ئەم ئەنتیکە خانەیە کۆمەڵێك کەلو پەلی جۆراو جـۆری کـۆنی خۆماڵی کەتەمەنیان بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ دەگەڕێتەوە لەئەنتیکەخانـە نمایش کراوە، کە پێشتر بۆ ژیانی ڕۆژانەلەکۆمەڵگای کـوردەواری بـەکار هاتوون، لەئەمڕۆدا بەکار نایەن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنـەلۆژیاوە، ئـەو کەلو پەلانەی کـە دووبـارە لەسـەریان دروسـت دەکرێتـەوە بۆفرۆشـتنن بەڵام ئەوانەی تر تـەنیا بۆجوانیـە و نافرۆشـرێت، ئەوانـەی کـە بـەزۆری سـەردانی ئـەو شـوێنە دەکـەن زۆربـەی گەشـتیاری بیـانی و قوتابیـانی

زانکۆکانی کوردستان و قوتابخانەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریش بۆئاشنابوونیان سەردانی دەکەن، [1]

(تێبینی دەکەم ئەو کەل و پەلانەی کە دروست ناکرێنەوە مێژیەکی کۆنیان هەیە نابێت کرین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت چونکە مەترسی لەناوچونیان لێدەکرێت لەداهاتوودا).

## مۆزەخانەی کەلەپوری سریانی




﴿وێنەی ژمارە (١٤) مۆزەخانەی کەلەپوری سریانی، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٣ گیراوە﴾

دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای عەنکاوە بەدووری ٥ کم، مۆزەخانەکە دوو نهۆمە، لە نهۆمی یەکەمدازۆر شتی کۆن و شوێنەواری و ڕۆشنبیری جیاوازی تێدا یە وەك جل و بەرگ و وە هەندێك شتی تریش کە کاری دەستین و کەلە زاویەی هۆڵەکەیە، هەندێ لە ژوورەکانی ترتایبەتن بە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز (خالص یونس) خاوەنی ئەنتیکە خانە، لەرێکەوتی ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٦، رۆژی دووشەمە، کات ژمێر ١١:٥٠ بەیانی .

مێژووی ڕۆشـنبیری سـریانیەکانی عـەنکاوە، لـە نهۆمی دووەم چـەندین وێنەوی کەسایەتی و کەلو پەلی نوسراوی کۆن کـە لـەرابردوو بـەکاریان هێناوە نمایش کراوە [1].

## قشلەی سوارێ



﴿وێنەی ژمارە (١٥) قشلەی سوارێ، لەرێکەوتی ٢٢/١٢/ ٢٠١٦ گیراوە﴾

قشلەی سوارێ دەکەوێتـە نـاو مەرکـەزی شـاری هـەولێر لەگـەرەکی عارەبان، بە دووری (١کم) کەوتۆتە ڕۆژئاوی قەلا. ئەم قشـڵەیە بـەناوی شـاری هـەولێرەوە نـاونراوە، چـونکە تاکـە قشـڵەیە لـەناو مەرکـەزی شاردایە، وپێی دەگوترێت قشڵەی (سوارێ) واتە جێگای سوپای سوارە بووە، بـەڵام وشـەی (قشـڵە) وشـەیەکی تورکیـە و وەرگـیراوە لەوشـەی

[1] گەشتێکی مەیدانی بە مۆزەخانەی کەلە پوری سریانی، لەرێکەوتی ١٣/٤/ ٢٠١٦ کاتژمێر ٢٣: ١٠ ی بەیانی .

(قاشلاخ) واتە(لواء) شوێنی حەوانەوەی سەربازان بەتایبەت لەوەرزی زستاندا.

مێژووی دروستکردنی بەشێوەیەکی دروست نازاندرێت، چونکە هیچ نوسراوێك لەسەر دیوارەکان و دەرگاکانی بە جێنەماوە و هیچ سەرچاوەیەك لە بەردەست دانیە کە ئاماژەبە مێژووی دروست کردنی بکات. تەنها ئەوە نەبێت کە (لیوا فاروق ئیبراهیم شەریف لە کتێبی (شرطة اربيل) مێژووی دروست کردنی قشلە بۆ ساڵی (١٩١٠) دەگەرێتەوە. هەروەها ئەگەر لەڕووی بیناسازییەوە بەراوردی بکەین بە قشڵەکانی تری سەردەمی عوسمانی، بۆمان دەر دەکەوێت کەئەم قشڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەر دەمی عوسمانیە کان لە کوردستاندا، دەتوانین بڵێن دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی سەر دەمی (١٩) ز، و سەرتایی سەدەی (٢٠) ز، مەبەستی سەرەکی لە دروست کردنیدا بۆ لایەنی سەر بازی بووە وەکو سەربازگەیەك بەکار هێنراوە.

ئەم قشڵەیە بە شێوەیەکی لاکێشەیی نزیك لە شێوەی چوار گۆشە دروست کراوە، دەرگای سەرەکی دەکەوێتە دیواری باکووریەوە، لە هەر دوو لای دەرگاکەیدا چەند ژوورێکی هەیە لە لای ڕاست و لە لای چەپ، بەڵام لەبەشی دواوەی قشڵە واتە بەشی باشور (١٠) ژووری هاو شێوەی هەیە، وەلە ناوەراستی دا حەوشەیەکی گەورەی هەیە. لەئیستاشدا

دەوری قشلەکە بەبلۆك گیراوە تـاوەکو خـەڵك نەچـێتە نـاوی لـەڕووخان لەناو چوون بپارێزرێت تاوەکو نۆژەن دەکرێتەوە [1].

# بازاڕی قەیسەری



﴿وێنەی ژمارە (١٦) بازاری قەیسەری، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٢ گیراوە﴾

بازاڕی قەیسەری تاکە بازارسپێکی کۆنی شاری هـەولێرە، دەکەوێتـە بەشی باشوری خۆرئاوای قـەڵای هـەولێر لەبەرامبـەر قەڵایـە، قەیسـەری گەورەی هەولێر لەساڵی ١٨٢٠ ١٨٣٠ ز لەلایـەن (حـاجی قـادر دەبـاغ و حاجی حەوێز مامە پیرس) دروست کراوە، کە هەردوو بەڕێزان سەردانی مـاڵی خـودای گـەورەیان کـردووە بۆئەنجامـدانی فـەریزەی حـەج لەگەڕانـەوەیان بـەوڵاتی شـامدا گەڕاونەتـەوە و سـەردانی بـازاری حەمیدییەیان کردووە، بۆیە هەمان بیرۆکـەی دروستکردنیان خستەبەر

[1] زێدان برادۆستی، گۆڤاری سوبارتۆ، ژمارە ٤-٥، ساڵی ٢٠١١، لا ١٠٩ .

بـۆ دروســتکردنی هــەردوو بازاڕەکــە، لــەنزیك ئــەم بــازاڕە بــازارێکی ترهــەبووە کــە پاشمــاوەی شــوێنەوارەکەی نــەماوە، لەســاڵی ١٢٥٠ ی زاینی لەلایەن مزەفەری کوکەبری دروست کرابـوو. بـەڵام ئـەم بـازارەی ئیستا دەبینرێت بازاری سەردەمی عسمانیەکان بووە، قیسەری هـەولێر پێك دێت لەدوو بازاری گەورەی کۆنی شوێنەواری کە یەکێکیان ناسراوە بـە قیســەری گــەورە یــان گــومرگی کــۆن واتــە هــەموو کــەلو پەلــەکان دەهێنرایــە ئــەم شــوێنە، بــازاری دووەم قەیســەری بچــووك کەلەســەر شێوازی قیسەری گەورە دروست کراوە دامەزرێنەری ئەم بازارە، حاجی حەوێزی کوڕی مامە پێرس بووە.

ئەم بازاڕە تەواو کەری بازاری قیسەری گەورەیە بۆ فرۆشـتنی کـەل و پەلـەکان بەخـەلکی هـەژار بـووە.وە بازارەکـە چـوار دەرگـای هەیـە، هەرکە دەڕۆیتە نێو بازارەکە کۆڵانی تەنگ و باریکو پێچاو پێچـی هەیـە بەبنمیچـی ئاسـن و بەشـێوازێکی هونـەری تـەلار سـازی ڕازێنراوەتـەوە، لەســەرەوەیدا چــەند کونێــك هــەن بۆهــەوا گۆڕکــێ وە ڕوونــاکی بــەکار هاتوون زۆربەی کۆلانەکان تایبەتن بە کەلو پەلی دیاری کراوە کەلەلایەن فرۆشیارەکانی شوێنەکەوە دەفرۆشرێن، لەگۆشەی باکووری ڕۆژهـەڵاتی قەیسەری بابەتی وەکو هـەنگوین و بابەتـەکانی شـیرنەمەنی و ماسـت و پەنیرو کەرە دەفرۆشرێت کەجێی شانازی شاری هەولێرە.

سەبارەت بە پێکهاتەی بازارەکە لەسێ نهـۆمی کلتـوری پێـك دێـت، نهۆمی یەکەم (ژێرزەمینە) ە، نهۆمی دووەم دوکانەکانـە، بـەڵام نهـۆمی

سێیەم شوێنی داگرتن و عەمبارکردنی کەل و پەلەکانی ئەم بازارەیە، لەساڵی ٢٠١٣ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئەندازەی کۆن نۆژەن کرایەوە کە سیمایەکی جوانی بە شاری هەولێر بەخشیوە.[١].

## منارەی مزەفەرالدین کۆکبری




﴿وێنەی ژمارە (١٧) منارەی مزفەرالدین کۆکبری، لەرێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٧ گیراوە﴾

منارەی چۆلی یەکێکە لەشوێنەوارەدێرینەکانی شاری هەولێر، دەکەوێتەباشوری ڕۆژئاوای قەلا بەدووری ١کم، بەهۆی ئەوەی

---

[١] زوبیر بیلال اسماعیل، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی سێیەم، چاپی ١، لبنان ٢٠٠٩،لا١٤٠٧

دەورووبەری کەمێك چۆڵ بووەو کەمێکیش لەقـەڵا دوور بـووە بۆیـە بـە منارەی چۆلی ناسراوە، لەڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە)ی ژمارە ١٤٦٥ لـە ١٩٣٥/١٠/١٧ دا وەك شـــــوێنەوارێك ڕاگەینـــــدراوە، مێژووەکــــەی دەگەڕێتەوە بۆ(٨٠٠) ساڵ بەر لەئیستا، لەلایەن فەرمانڕەوای ئەوکاتەی هەولێر(مزەفەرەدین کوکبری ٥٨٦ـ٦٣٠ك) دروستکراوە، شـاری هـەولێر لەوسەردەمەدا گەورەترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیـوە، بەتایبـەتی لـەڕووی فراوانـی شـارو زۆربـونی چـری دانیشـتوان، ئەمـەش بـەهۆی ئەنجامـدانی چـەندین پـرۆژەی چاکسـازی لەلایـەن کەوکبریـەوە، وەك دروسـت کردنـی نەخۆشـخانە، خوێنـدنگا، خانـەی هـەتیوان، شـوێنی حەوانەوەی ڕێبواران، یەکێکیش لەو پرۆژانـە دروسـت کردنـی (منـارەی چـۆلی) لـەپاڵ ئەومزگەوتـە گەورەیـەی کەلـە کنەوپشـکنینەکانی سـاڵی ١٩٦٠ ی بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری عێـراق بناغەکـەی دۆزرایـەوە، کەلەخشتی چـوار گۆشـە دروسـت کـرا بـوو بەپێوانـەی (٣٠×٣٠×٦سـم) (٣١×٣١×٦سـم) مێـژووی ئـەم مزگەوتـە دەگەرێتـەوە بـۆپێش دروسـت کردنـــی منارەکـــە بەیـــەك ســـەدە، منارەکـــە بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەدووبەشـی سـەرەکی پێـك دێـت، بەشـی یەکـەم بنکـەی منارەکەیـە بەرزیەکەی (١٥م)، بەشی دووەم لولەی منارەکەیە بەرزیەکەی (١٠ ,٢٢ م)، تێکڕای بەرزی منارەکـە دەگاتـە (٣٧,١٠م)، بنکەکـەی لـەخوارەوە حـەوت لاو لەسـەرەوە هەشـت لا دەردەکـەوێت، منارەکـەدوو دەرگـای هەیـە، یـەکێکیان لـە ڕۆژ هـەڵات ئـەوەی تریـان لـەرۆژئاوا، پێوانـەی

هەریـەکێکیان نزیکـەی (١×٢م) ە، کۆتـایی دێـت بەکەوانەیـەکی نیـوە بازنـەیی، ئـەو دوو دەرگایـە دەکرێنـەوە لەسـەر زەوی بـەهۆی دوو پلیکانەی مارپێچـی دەتـوانین بچینە سـەرلووتکەی منارەکـە، ژمـارەی هەریەکەیان (١٣٩)پلیکانەیە، پانی هەرپلیکانەیـەك (٩٠سـم)ە، دیـواری منارەکـەش (٦٠سـم)، لەیـەك کاتـدا دووکـەس بەیەکـەوە سـەردەکەون، یـەکێکیان لـەدەرگای ڕۆژهـەڵات ئـەوەی تریـان لـەدەرگای ڕۆژئـاوا، هەریەکەیان ئەوەی ترنابینێـت تـا لوتکـەی منارەکـە، دوای سـەرکەوتن بەپلیکانەکانی دەرگای ڕۆژهەڵات دوای (٢٣) پلیکانـە بـەلای ڕۆژئـاوادا، پەنچـەرەیەکی تێـدا دەکرێتـەوە، دوای (٥٣) پلیکـان لەهـەمان دەرگاپەنجەرەی دووەم دەکرێتەوە بەلای باکوور لەسـەرەتای لوتکـەی منارەکە، دەتوانین لەپەنجـەرەی دووەم و سـێیەم بێیتەسـەر تارمایـەك لەنێوان بنکەکەو سەرەتای لوولەکەی کەپانیەکـەی (٥٠سـم)ە، لەبەشـی سەرەوەی منارەکە شریتێك لەنەخشـی نووسـینی لـەدەرەوەی لوولـەی منارەکە سوراوەتەوە، نەخشەی ئەندازیارەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە، نەخشـەکەش بریتـی یـە لـەناوی محمـد درودی خـوای لی بێـت بەخـەتی کـوفی چوارگۆشـە بەشـێوەی ئاسـایی ڕاسـت نوسـراوە چـەند جارێـك دووبـارە بۆتـەوە، نەخشـەکانی سـەرلوولەی منارەکـە چـوار جـۆرن یەکەمیان نەخشی حەسیری لەشێوەی لەبزینـەیی دووەمیـان نەخشـی شـێوە پیتـی (Z) هـەردوو سـەرەکەی درێژبۆتـەوە شـێوەی معینـی وەرگرتـووە، نەخشـەکانی یەکـەموو دووەم لەیـەك جیادەکاتـەوە

بەشێوەی پیتی (X) لەنێوان هەردوو پیت شێوەیەکی شەش لا هەیە بەڵام نەخشی سێیەمو چوارەم تاڕادەیەکی زۆر لەیەکتر دەچن، پێك دێت لەچەند چوار گۆشەیەکی گەورە لەهەرچوار سەرەکەی چوار گۆشەی بچوکی پێوە لکاوە، لەناوەڕاستی لاکانی چوارگۆشە گەورەکە هێڵێك درێژ بۆتەوە لەشێوەی پیتی (T) لەبەشی سێیەم و چوارەم شریتێك لەشێوەی پیتی (X) جیایان دەکاتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوروبەری منارەکەی بەپانتایەکی فراوان کردۆتەپارك و بەناوی پارکی منارەی کردووە، کەهەزارن هاوڵاتی و گەشتیار ڕووی تێدەکەن[1].



﴿وێنەی ژمارە (١٨) منارەی مزفەرالدین کۆکبری، لەرێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٧ گیراوە﴾

[1] ئاراس سماعیل خضر، العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية فی العمائر العثمانية الباقية فی اقليم كوردستان/ العراق، أطروحة دكتورا غير منشرة، جامعة القاهيرة، ٢٠١٣ـ ٢٠١٤م، ص[٩٥] .

# گردی قالینچ ئاغا



﴿وێنەی ژمارە(١٩) گردی قلینچ ئاغا، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٣/٦ گیراوە﴾

یەکێکە لەناوچە شوێنەواریەکان، کەدەکەوێتە ناوجەرگەی شاری هەولێر.دەکەوێتە بەشی باشوری قەڵای هەولێر بەدووری ١کم، نزیك بەرزە پردی شەهید **ئەکرەم مەنتکە**[1]، ناوی ئەم گردەش لە (قالە انجە) هاتووە واتە (قەڵای گچکە)، بەبەراورد لەگەل قەڵای هەولێر دێرینە، بەرزیەکەی لەئاستی دەوروبەری نزیکەی (٧) م دەبێت، ڕووبەرەکەشی ٣٠٠٠٠ مەتر دووجایە، بۆیەکەم جارلەساڵی (١٩٦٧) بەرێز (بنهام ابو الصوف) هاتە هەولێر بۆدانانی نەخشەیەکی پشکنین لەو گردەدا و ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەم بارەیەوە نوسی، بەهۆی ئەو

---

[1] گۆڤاری سەفین، ژمارە (٦٠)، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا٧٧ .

کەلو پەلانەی کەدۆزراونەتەوە، توانراوە بزانرێت کەگردی (قالینچ ئاغـا) لەچەند سـەردەمێکی بـەدوای یەکدا هـاتووە، کەلەهەزارەی(پێنجـەم و چـوارەمی)پ.ز مـرۆڤ تێیـدا نیشـتە جـی بـووە، لەوسـەردەمانەی بـەدەوری(حلف ،العبیـد،ورکا) ناسـراوە، لەوانەشـە شـوێنەکەی دوای سـەرەتاکانی هـەزارەی سـێ یـەمی پ.ز چـۆڵ کرابێـت، چـونکە هـیچ شوێنەوارێکی تردوای ئەو سەردەمە بەدیار نەماوە[1].

# گردی کلك مشك



﴿وێنەی ژمارە(٢٠) گردی کلك مشك، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١٥ گیراوە﴾

گردی کلك مشك لەگـەرەکی شـادیەلە سـەر شـەقامی سـەد مـەتری، ئەم گردە بـەگردێکی شـوێنەواری ناسـرا لەسـاڵی (١٩٤٦) لـە پـەرتوکی

[1] کنعان رشاد موفتی، گۆڤاری شانەدەر،هەولێر، ژمارە ٩، ئاداری ١٩٩٩، لا٤.

(الاطلص المواقع الاثرية) تۆمارکراوە، وە بۆیەکەم جار لەسالّی (٢٠١٠) هەڵکۆلینی شوێنەواری لەم گردە ئەنجامدرا لەلایەن تیمێکی زانکۆی لیۆنی فەرەنسی وە تیمێکی (بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر) لە وەرزی دواتر لەسالّی (٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣) هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا ئەنجامدرا لەلایەن (زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی ئەدەبیات بەشی شوێنەوار) بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بەهەماهەنگی لەگەلّ تیمێکی هۆڵەندی بەبەشداری قوتابییەکانی هەموو پارێزگاکانی عێراق بۆماوی مانگێك هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەم گردە ئەنجامدرا لە وەرزی چوارەم هەڵکۆڵینی شوێنەواری بەردەوام بوو لەلایەن تیمی زانکۆی سەلاحەدیین و بەڕێوە بەرایەتی شوێنەواری هەولێر لەئەنجامدا چەندین کەل و پەلی شوێنەواری گرنگ دۆزرایەوە، کە ژمارەیان (٨٣) پارچە بوو[1].



﴿وێنەی ژمارە(٢١) گردی کلك مشك، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١٥ گیراوە﴾

[1] بەڕێوە بەرایەتی شوێنەواری هەولێر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٤ .

# گردی قەسرە



﴿وێنەی ژمارە(٢٢) گردی قسرە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٣ گیراوە﴾

دەکەوێتە ناحیەی عنکاوە لەباکووری شاری هەولێر، بەدووری (١٢کم) لە سەنتەری شاری هەولێرەوە، لەژمارە (٢٣١١) ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی دا لە ١٩٤٥/١٠/٨ وەك شوێنەوارێك ڕاگەیەندراوە. هەرچەندە زیادە ڕۆیی کرابوو لەڕێکەوتی ١٩٧٣/٢/٩ بەگوێرەی ئەو نوسراوەی کەلەمۆزەخانەی هەولێر هەیە بەژمارە (١٩) لەهەمان مێژوو نێردراوە بۆبەرێوە بەرایەتی گشتی شوێنەوار دەربارەی ئەو زیادە ڕۆییە بەنوسراوی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی عنکاوە بۆبەڕێوە بەرایەتی گشتی شوێنەوار، پاشان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار پاڵپشتی ئەم نوسراوەی کرد بەنوسراوی ژمارە (٢٠٣٠) لە ١٩٧٣/٢/٢٥ دا، (ناسر نەقشبەندی/ پشکنەری شوێنەوار) و (سامی ئەلسەفار/ مولحەقی

شوێنەوار) کەشفی شوێنەکەیان کردووە، بەگوێرەی ئەو کشفەی ئەوان داهاتووە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شوێنەوارە بریتی بووە لەدوو گردی بەرز لەتەنیشت یەك، کلێسای مارگۆرگیس، زیادە ڕۆیی لەسەریەکێك لەگردەکان دروستکراوە، شوێنەواری گردەکە نەماوەو بەتەواوی لەناو چووە، ئەم پشکنینە بۆمان دەردەخات کەپاشماوە گلێنیەکانی سەر ڕووەکەی مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئاشوری و گلێنەی تری لێیە سەردەمەکەی نوێ ترە.

گردی دووەم ماوەتەوە لەلایەن کلێسەکەوە وەك گۆرستان بەکار هێنراوە، بۆتە هۆی لەناو چوونی چینێکی گردەکە، ئەم کاریگەریەش هەتا قوڵی مەترو نێوێك دەگرێتەوە لەسەر ڕووی گردەکەوە [1].



﴿وێنەی ژمارە(٢٣) گردی قسرە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٣ گیراوە﴾

[1] د. یوسف خلف عبدالله، گۆڤاری سوبارتۆ، ساڵی سێیەم، پایزی ٢٠٠٩، لا[12] .

# چایخانەی مەچکۆ




﴿وێنەی(٢٤) چایخانەی مەچکۆ، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/٣١ گیراوە﴾

چایخانەی مەچکۆ یەکێکە لە شوێنی چاخواردنەوەی کۆن لە شاری هەولێر، دەکەوێتە ژێر قەڵای هەولێر، کەلەلایەن مەجید أسماعیل مستەفا ناسراوە بە (مەچکۆ) دامەزراوە لەساڵی ١٩٤٠، تاوەکو ئیستاش کراوەیە هەرلەو کاتەوە تائێستاشی لەگەڵدابێت بەچایخانەی ئەدیب و ڕۆشنبیرو نوسەرو ڕۆژنامەنووسان بەناو بانگە، ئەگەر بتەوێت هەر ئەدیب و نووسەرێك بدۆزێتەوە ئەوا بێ شك لە چایخانەی مەچکۆیدا بەدیدەنی شاد دەبیت، کاتی خۆی لە چایخانەکە چاو شەربەت دەخورایەوە، لەسەردەمی مەچکۆی رەحمەتی، لەچایخانەی مەچکۆدا جگەلە کۆڕو کۆبوونەوە و گفتوگۆی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، یاری

دۆمینەوتاوڵەی تێدا دەکرا بەڵام دوای ئەوەی مەچکۆی رەحمەتی لەساڵی (١٩٦٢) کۆچی دوایی کرد، ئەوا (تەحسین) ی کوڕی شوێنی گرتەوە، ئەویش وەك باوکی ئاسا دۆستایەتییەکی زۆر بەتینی لەگەڵ نوسەر و رۆشنبیرو هونەر مەندا هەبووە، هەر ئەو دۆستایەتیە وای کردبوو مەچکۆ ببێتە شوێنی ئەدیبان، بەڵام بەداخێکی زۆرەوەش (تەحسین مەچکۆ)ش لەساڵی (١٩٩١) کۆچی دوایی کرد، ئێستا (موحسین) ی برای سەرپەرشتی چایخانەکە دەکات، چایەخانەکەش سیمایەکۆنو مێژوویەکەی لەدەست نەداوە هەرلەسەر شێوازی خۆی ماوە، هەرکاتێك دەرۆیتەناو چایخانەکە بەکۆمەلێك وێنەی نوسەر شاعیرو هونەرمەند و کەسایەتیەدیارەکانی شاری هەولێر وکەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستان شاد دەبی، وە لە لای چەپی چایخانەکەش کتێب خانەیەکی لێیە بۆئەوانەی سەردانی ئەوێ دەکەن دەتوانن خۆیان سەرقالی خوێندن بکەن، وابریایشە لەلایەن خاوەنی ئێستای چایخانەکە نوژەن بکرێتەوە وەکوشێوەی جارانی خۆی، رۆژانە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن[1].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز، معسین مجید اسماعیل، خاوەنی چایەخانە، لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٧، کات ژمێر٩ی شەو .

# مەزاری سوڵتان موزەفەرالدین کۆکبری




﴿وێنەی ژمارە (٢٥) مەزاری سوڵتان موزەفەرالدین کۆکبری، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٧/٩ گیراوە﴾

مەزارگەی سوڵتان موزەفەرەدین کۆکبری دەکەوێتە خۆرهەڵاتی قەڵا بەدووری (٢٠٠م)، نزیك چوار ڕیانی پارێزگایە، دەکەوێتە سەر شەقامی سوڵتان موزەفەر.هەندێك پێیان وایە گۆڕی سوڵتانە، هەندێکیش بەگۆڕی باوکی سوڵتان دایدەنێن، ئەم زادە ناوی (موزەفەرەدین ئیبن ریف) لەساڵی (٥٤٩ك) لەدایك بووە لەساڵی (٦٣٠ك) کۆچی دوایی کردووە. ماوەیەك فەرمانڕەوایی هەولێری کردووە. بۆیەکەمین جار هەڵساوە بەخوێندنەوەی مەولود. تاوەکو ئیستاش وەکو نەریتێکی ئایینی دووبارە دەکرێتەوە [1].

---

[1] دلزار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٤، لا ٨٠.

# پارکی سامی عبد الرحمن



﴿وێنەی ژمارە (٢٦) پارکی سامی عبدالرحمن، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٩ گیراوە﴾

بەگەورە ترین و گرنگترین پارك لەهەولێر و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە دادەنرێت دەکەوێتە رۆژئاوای شاری هەولێر. ئەم پارکە دەکەوێتە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان لەشوێنی سەر بازگەی فەیلقی پێنجی سوپای رژێمی بەعسی عێراق دروست کراوە، وە بەشێوەیەکی ئەندازەیی سەردەمیانە دروست کراوە، بەهەزارەها دارو درەخت و گوڵی هەمە جۆری تێدایە. پێکهاتووە لە چەندین کۆشك و باخچەو نافورەو یاریگای منداڵان، رێستورانت، شاشەی هەڵواسراوی سینەما، مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوبات، پەیکەری کەسایەتی بەناوبانگی مەستورە و جەواهیری شاعیر لەگەڵ بونی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل، پیشانگای نێو دەوڵەتی هەولێرو کتێب خانەی زیتون

وچەندین ئەندازەی تری بۆ بنیاد نراوە[1].پارکی سامی عبدالرحمان ڕوو بەرەکەی (٨٤٠) دۆنمە بەدوو قۆناغ دروست کراوە قۆناغی یەکەم (٤٠٠) دۆنمەو قۆناغی دووەم (٤٤٠) دۆنمە. ئەم پارکە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٠/٣/١٤) دەست بە دروست کردنی کرا لەلایەن بەڕێوە بەرایەتی شارەوانی هەولێر بۆ بەرهەمهێن، کەدەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانی ئەو بەشە زیندووە بۆ چاك کردنی ئاستی ژیان و پێدا ویستی دانیشتوانی شارەکەو بۆ خۆش گوزەرانی بوو.

ناوی ئەم پارکە سەرەتا ناوی پارکی هەولێر بوو، بەڵام دوای شەهید بونی سامی عبدالرحمن لە کردەوە خۆکوژییەکەی ١ی شوبات ناوی ئەم پارکە بووە پارکی (سامی عبدالرحمن) لەبەر ئەوەی لە کاتی دروست کرنی ئەم پارکە سەر پەرشتیاری یەکەمی ئەم پارکەبوو، لەناو پارك (٢١) بیری ئاو هەیە لەگەڵ ٨ خەزانی ئاو بۆئاودانی تەواوی پارکەکە دروست کراوە، پارکەکە هەشت دەرگای هاتنە ژوورەوەی هەیە، خەلکێی زۆریش بۆ ئاهەنگی بوك گواستنەوە رووی تێدەکات سەرەرای هاتنی چەندین گەشتیاری ناوەخۆو دەرەوە[2] .

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێزان (حسیب صابرمعروف, ئایسن ئیسطیفۆ) لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٧ کاتژمێر ١٠ی بەیانی، رۆژی سێ شەمە.

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن، بەخێر بێن بۆکوردستان ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، لا ٢٣ .

# پاركی مناره




﴿وێنەی ژمارە (٢٧) پارکی منارە، لەرێکەوتی٢٠١٦/١٢/٢٣ گیراوە﴾


پاركی مناره دەكەوێتـە باشـووری ڕۆژئـاوای قـەڵای هـەولێر لەسـەر شەقامی هەڵەبجـەی شـەهیدە، وە لـە بەرامبـەر پـاركی شـانەدەر، ئـەم پاركە یەكێكـە لـە پاركـە جوانـەكانی شـاری هـەولێر كـە دارو درەختـی جـوان جـوانی تێدایـە، وەنـاو ناوبـانگی پـاركی منـارە دەگەڕێتـەوە بـۆ منارەی چۆلی[1]،پـرۆژەی پـاركی منـارە لـەمانگی تـەموزی سـاڵی ٢٠٠٦ دروست كراوە، ڕووبەری گشتی پاركی منارە (٤٠) دۆنمە، پێكهاتـەكـەی بریتیە لەبینایەی كارگێری وسـێ كۆشـك و هـەبوونی گەلەریـەك لـەنزیك

[1] حكومة أقليم كوردستان ـالعراق، الهئةالعامة للسياحة، الدليل السياحى اقليم كوردستان، ٢٠١٣، ص ٢٧ .

منارەکە کەتەواوی وێنە مێژوویەکانی شاری هەولێرە تێدا نمایش کراوە وە بەرلەوەی بگەی بە منارەکە پەیکەری چەندیان کەسایەتی و شاعیری بەناو بانگی گەلی کورد دانراوە وە بالۆنیکیش هەیە کەیەکەم بالۆنە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان دەتوانێت تا بەرزایی ١٥٠ مەتر بەرز ببێتەوە، وە دروست کردنی چل پەیکەری جۆراو جۆر بەسەوزایی وەکو پەیکەری تیمساح خانو گۆزە وزۆری تریش، منارەو قەلای هەولێر بەبچوکی دروست کراوە لەلای پێشەوەی پارکی منارە بەلای راست، نەمامگەیەکی پلاستیکی تێدایە کەوا گشت بەرهەمە ناوە خۆیەکانی بەدارو بە گوڵ بەرهەم دێنێت، وە بەشی شێوە کاری تێدایە کە چەندین جۆر پەیکەری جۆراو جۆر دروست دەکەن لەگەڵ تەواوی خزمەت گوزاریەکان، وەهەر وەها دیزاینەکەی لەلایەن کۆمپانیای فورات کەکۆمپانیایەکی تورکیە وەبەهاوکاری پارێزگای هەولێر دانراوە کەکار لەسەر چاندنی دارو گولی جۆراو جۆر، وەهەر وەها بازنەیەکی کۆنکرێتی دەکەوێتە ناوەراستی پارکەکە بازنەکە لە ٢١ ستوونی کۆنکرێتی هەیە کەهێمای جەژنی نەورۆزە کەجەژنی نیشتیمانی کوردە، چەندین چالاکی جۆراو جۆری لی ئەنجام دەدرێت، وەلەدەرەوەی گۆرەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلی هەیە وەسێ دەرگای هەیە بۆچونە ژورەوە لەگەڵ چەند نافورەیەك و تاڤگەی دەست کردی بچووك وە هەروەها وێستگەی وەستانی(تیل فریك) هەیە کەهەر دوو پارکی منارەو پارکی شانەدەر

بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەربۆیە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن[1].

# پارکی شانەدەر




﴿وێنەی ژمارە (٢٨) چارکی شانەدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٣ گیراوە﴾

بریتییە لەسێ پارکی یەك لەدوای یەك کە تەنیا شەقام لەیەکیان جیادەکاتەوە سەبارەت بەپارکی گەورەی شانەدەریەك کە دەکەوێتە پشت مزگەوتی (صەواف) یەکێکە لەپارکە قەشەنگ و جوانەکان، وەك دەبینین ئەم پارکە دامەزراوە لەسەر بنچینەی شارستانی و ڕێچکەی شوێنەواری و مێژوویی کۆن هەموو بەشەکانی بەبەردی گەورە و هەرەمەکی دروست کراوە، ناوی پارکی شانەدەر دەگەڕێتەوە بۆناوی

---

[1] چاوپێکەوتنلەگەڵ بەرێز (ئەندازیار هاوکار عبدالعزیز رەمەزان ) لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی، رۆژی چوارشەمە.

ئەشــکەوتی شــانەدەر لەهــەرێمی کوردســتان کەبــەپێی ئــەو کنــەو پشکنینانەی بۆی کراوە کۆنترین شوێنە کـەمرۆڤ تێیـدا نیشـتە جێیـە، ڕووبەرەکەی ٤٠ دۆنمە، لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن پارێزگای هەولێر دروسـت کراوە وە هەروەها پێکهاتەکانی ئەم پارکە بریتیە لە گەلـەری شـانەدەر کەلەناو گەلەرەکە هۆلێکی فراوان هەیە بۆنمایش کردنی تابلۆی هونەری و سەرەنج ڕاکێش ئەم گەلەرە لەسەر شێوازی سروشتی دروسـت کـراوە وە ڕووبــەرێکی بــەر فراوانــی بــۆ شــوێنی وەســتانی ئۆتۆمبێـل تــەرخان کـراوە وەچـوار دەرگـای هەیـە (دەرگـای وێسـتگە، دەرگـای مزگـەوتی صــــەواف، دەرگـــــای منــــــارە، وەدەرگایــــــەکی تــــــری هەیــــــە کەوتۆتەبەرامبەرئــەکواپارك)، چــەندین جــۆری دارو ســەوزایی و گــوڵی وەرزی تێدایـە وە پێـنج کافتریـای تێدایـە بەشـێوەیەکی سـەردەمیانە دروست کراوە وە یاریگایەکی منداڵان وە دەریاچەیەك و سـێ نـافورەی هەیە، وەهەروەها دوو عەمباری ئـاوی تێدایـە وە تانکیـەکی تـری هەیـە بەڵام پێش دروست کردنی ئەم تانکیە هەبووە مێژووی ئەم تانکیە کۆنە لەسـاڵی ١٩٥٦ لـەوێ دانـراوە هەرلەبـەر کـۆنی لانـەدراوە و بۆسـرنج ڕاکێشـــانی گەشـــتیاران، بـــەڵام ئیســـتا نـــۆژەن کراوەتـــەوە، وە دەریاچــەیەکی دەســتکرد لەناوەراســت هەیــە (٣٠٠٠م) مکعــب چــوار گۆشــەئاو دەگرێـت، جۆگەیــەکی هەیــە لــەدەوری گردەکەیــە لەســەر گردەکەش نافورەیەکی لەسەرە بەشێوەیەکی سروشتی، هـەموو سـالێك ڤیسـتیڤاڵی نـەورۆزو ئـاداری تێـدا ئـەنجام دەدرێـت بۆمـاوەی ١٠ رۆژ،

**ئەمەیان شاندەر یەك بوو کە باسمان کرد، شانەدەر دووشمان هەیە ئەویش هاشێوەی شانەدەری یەکە رووبەرەکەی ١٨ دۆنمە، شانەدەر سێش هەیە ئەویش رووبەرەکەی ١٢ دۆنمە کەلە شانە دەر دوو تەلە فریکێك هەیە بەسەر شانە دەر یەك دادەروات سیمایەکی جوان دڵگیری هەیە، ئیستاش کارکردن خزمەت کردن لە پارك بەردەوامە کە تیدا دارو گوڵی تێدا دەروێت بەردەوام خزمەت دەکرێت، هەر وەها ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران سەردانی دەکەن وەکو گەشتیارانی عەرەب و ئێرانی جگە لەگەشتیارانی ناوەخۆش بەشێوەیەکی بەرچاو سەردانی دەکەنوەسەر دانی کردانیش بەپێی وەرزەکان دەگۆرێت[1].**



﴿وێنەی ژمارە (٢٩) چارکی شانەدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٣ گیراوە﴾

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ( کاوێس احمد سلیمان ) بەرێوەبەری شانەدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ کاتژمێر١١:٣٠ ی بەیانی رۆژی چوارشەمە .

# پارکی گلکەند



﴿وێنەی ژمارە (٣٠) پارکی گلکەند، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١١/١٦ گیراوە﴾

پارکێکی بەناو بانگە چونکە لەناوەڕاستی شارە، وە یەکێکەلە کۆنترین پارکەکانی شاری هەولێر، ناوەکەی لەوەوە هاتووە لەڕابردوو کورەچیەکان گلیان بردووەتاوەکو بۆتە کەند بۆیە پێیان وتووە گلکەند ڕووبەرێکی فراوانی هەیە کەنزیکەی (٨٧٥٠٠)م دووجایە، یەکەم جار لە ساڵی١٩٦٥– ١٩٦٨ دروستکراوە لەلایەن متصریفی ئەوکاتەی هەولێر، مهندس عبدالله حسن خفاف سەرپەرشتی کردووە تێچووی پڕۆژەکە (١٢٠) هەزار دیناربووە[1]. لەسالأنی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو

[1] سروە دەشتی وهاب، تحلیل جغرافی للمواقع الترفیهیه فی المدینه اربیل (دراسەمیدانیە) الرساله ماجستیر، کلیه الاداب، جامعه صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٤، ص ٨٧.

بایـەخێکی زۆری پـێ دەدرا وە هەنـدێك شـتی سـرنج ڕاکێشـی هـەبووە وەسامانێکی ڕووەکی گەورەو وەدارستانێکی چڕو پـڕی هـەبووە، وەزۆر بنەداری گەورەی تیابووەکەلەشـێوەی بازنـەیی بـوو، لەبەشـی باشـوری ڕۆژهەڵات شوێنێکی بۆ ئاژەڵان هەبووکەلەسەر ڕووبەری (٢٠٠٠)م دووجا بوو، چـەندین یـاری منـداڵان و گـازینۆو شـوێنێکی شـانۆگەری هاوینـەو شوێنی بوك گواستنەوە و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلیشی بووە.

لەساڵی ٢٠١١ لەلایەن پارێزگای هەولێر بڕیـاری نۆژەنکردنـەوەی بـۆ دەرچوو کۆمپانیای کارێز ئەرکی دروستکردنی پـێ سـپێردراوە لەسـاڵی ٢٠١٢ دەست بە نۆژەنکردنەوەی کراوە نافۆرایەکۆنەکە لەشـوێنی خـۆی ماوە نـوێ کراوەتـەوە چـەندین نـافوری تریشـی بـۆ دروسـت کـراوە لـە شێوەی بازنـەیی یـە لەباشـوری باخچـەکەیە چـەندین جـۆرداورەختی هەمیشـــە ســـەوزی لێ ڕوواوە لەگـــەڵ کافتریایـــەك لـــە ناوەڕاســـتی باخچەکەیە، سی بیری ئاوی هەیە یـەکێکیان ئیفراجـە، لەگـەڵ چـەندین گلۆپ و ڕوناك کەرەوە، لەلایـەن ئەنـدازەی پـارك و باخچـەکانی هـەولێر سەرپەرشتی دەکرێت، تا ئێستاش کارکردن تێیدا بەردەوامە[1].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (عونی مامەند شێخان ) لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٦ کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەمە .

# باغی شار




﴿وێنەی ژمارە (٣١) باغی شار،لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٣ گیراوە﴾

دەکەوێتـە باشـووری خـۆر هـەڵاتی قـەڵای هـەولێر، نزیکـەی (٥٠٠م) لێیەوە دوورە. بە کـۆنترین باخچـە دادەنرێـت لەشـاری هـەولێر لەسـاڵی (١٩٣٧) ی سـەدەی ڕابـردوو دروسـتکراوە، سـاڵی (٢٠٠٨) لەلایـەن پارێزگـاری هـەولێر بەشـێوە یـەکی نموونـەیی و هاوچـەرخ نـۆژەن کراوەتـەوە و وەك دیـاری و ڕێـز گرتنێـك پێشـکەش بـە چـینی خانـە نشینان کراوە، لەم باخچەیە دا چەندین جوانکـاری دار وگـوڵ و نـافوراو کافتریا و خزمەت گوزاری جۆراو جۆری تێدایە [1].

[1] دلزار حسن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ١٧٥ .

# پارکی شار



﴿وێنەی ژمارە (٣٢) پارکی شار ،لەرێکەوتی٢٠١٦/١١/١٤گیراوە﴾

یەکێکە لە پارکە جوان و دڵ ڕفێنەکانی هەولێری پایتەخت، کەوتۆتە ناوەندی شار چەند سەد مەترێك دەکەوێتە باشوری قەڵای هەولێرەوە، لەسەر بازاری کۆنی دەراخانە بەشێوازێکی مۆدێرن دروستکراوە، لەناوەوەیدا چەندین نافورەو دارو سەوزایی تێدایە، لە گۆرەپانەکەدا شوێنی دانیشت هەیە چەندین کۆتری لێیە کە کۆدەبنەوە لە گۆرەپانەکەدا ئەمەش سیمایەکی جوانی بە پارکەکە بەخشیوە، لە لای باشوری رۆژهەڵاتی پارکەکەش کاتژمێری هەولێری تێدایە کەبە شێوەیە کی ئەندازەی تایبەت بە هونەری بیناسازی سەردەمی کۆن بنیات نراوە، وە پارکەکە هەرچەندە ڕووبەرکەی زۆر فراوان نیە، بەڵام

بـەهۆی دیمەنەکـەیی و بـوونی چێشـتخانەو کافتریاکانیـەوە ڕۆژانـە هەزارەها گەشتیار سەردانی دەکەن[1].

# پیشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر



﴿وێنەی ژمارە (٣٣) پیشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٠ گیراوە﴾

ئەم پیشنگایە دەکەوێتە سەرشەقامی موصل لە نـاو پـارکی سـامی عبدالرحمان لەسەر ڕووبەری (٢٠,٠٠٠م) دووجا دروسـتکراوە، کـەتاوەکو ئێستا چـەندین چـالاکی و پیشـانگای نێـو دەوڵـەتی لێ کراوەتـەوە بـەم هۆیەوە چـەندین کـەس لـەکاتی کردنـەوەی پیشـانگاکان و چـالاکیەکان سەر دانی دەکەن، ئـەم پێشـانگایانە هۆکـارێکی سـەرەکی و گرنگـە بـۆ

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٢ / ١٢/ ٢٠١٦.

کرد نەوەی وڵاتەکەمان بەڕووی گەشتیاران وەهەروەها بۆبەرزکردنەوەو بوژاندنەوەی ئابوری هەرێمی کوردستان[1].

# کتێبخانەی زەیتون




﴿وێنەی ژمارە (٣٤) کتێبخانەی زەیتون، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١٦ گیراوە﴾

ئـەم کتێبخانەیـە لەسـاڵی ١٩٤٣ بـەردی بناغـەی لەشـاری هـەولێر دانراوە، بەپێی قۆناغـەکان بۆچـەندین شـوێن گواسـتراوەتەوە، لـەدوای پرۆسەی ئـازادی عێـراق لەسـەر پـێش نیـاری پارێزگـای هـەولێر، تیپـی زیتـونی هێزەکـانی کـۆری لەکوردسـتان ئـەرکی دروسـت کردنـی ئـەم

[1] پارێزگای هەولێر، هەولێر ٥ ساڵ لە ئاوەدانکردنەوەو گەشە سەندن، لا[82] .

کتێبخانەیان گرتە ئەستۆ، لەساڵی (٢٠٠٥) دەست بە دروست کردنی کرا لەساڵی ٢٠٠٨ تەواو بوو، کتێبخانەکە لەسەر ڕووبەری (٣٠.٠٠٠م) دووجا دروست کراوە، دەکەوێتە ناوپارکی سامی عبدالرحمان، ئەندازەی بیناکە پێك هاتووە لە لەدوو نهۆم و دوو هۆڵیش بۆ کۆبوونەوەو سیمینار و ۆرك شۆپ دوو هۆڵ تایبەتە بە کەلتوری کۆریەکان، دوو هۆلیش بۆ خوێندنەوە یەکێکیان بۆئافرەتان یەکێکیان بۆ پیاوان، یەك هۆڵی ئاهەنگ گێڕان و یادی بۆنەکانی تێدایە، شەش ژوریش تایبەتە بە ئیداری کتێبخانەکە لەنهۆمی خوارەوەیە، ژورێك تایبەتە بە (IT، Enter net)، لەکتێب خانەی گشتی بەشی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، کۆری، تورکی، فارسی لەخۆ دەگرێت کەزیاتر لە (١٥٠٠٠٠) هەزار کتێب بەزمانە جیاوازەکان لەم کتێبخانەیە داهەیە.

هۆلێکی تایبەتیش بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەیە، لەئێستادا بۆتە خانەیەکی ئەرشیفی دەوڵەمەند بۆ قوتابیان و خوێنەران، کەبە چەندین زمانی زیندووی جیهانی کتێبی تیا پارێزراوە[1].

---

[1] چاوپێکەوتن لەکەڵ بەرێز (عبدالباسط بهجت عمر ) جێگری بەرێوەبەری کتیبخانەی زەیتون ،لەرێکەوتی ١٦ / ١/ ٢٠١٦ .

# كۆتەڵی شەهیدان



﴿وێنەی ژمارە (٣٥) كۆتەڵی شەهیدان، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/٩ گیراوە﴾

دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی كۆیە، یەكێکە لەکارە هونەریە ناوازەکانی هونەرمەند خەسرۆ جاف، ئاماژەیە بەشەهیدانی شۆرشی کورد و كوردستان، ئەم شوێنە ڕووبەرەکەی (٢٥) دۆنمە، لەپێشەوەدا (٣٦٠) گۆڕ کە هەر یەکێکیان ئاماژەیە بە هەزار شەهید و لەسەرووی ئەمانەش هەڵۆیەك هەردوو باڵەکانی وەك سێبەر بەسەر گۆڕی شەهیدان راخستووە، لەبەرامبەر ئەم تابلۆیەدا چوار ئەهرامی گەشاوەی بڵسەدارن، کە ئاماژەیە بەهەر چوار پارچەی کوردستان نەخشێنراوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان دروست کراوە بۆیەگەشتیارانی ناوەخۆو دەرەوە سەردانی دەکەن [1].

[1] دلزار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٢ .

# ماجدی لاند




﴿وێنەی ژمارە (٣٦) ماجدی لاند، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٢٣ گیراوە﴾

دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر لەسەر ڕێگای سەرەکی کۆیە بەرامبەر کەسنەزان، نزیکەی (١٠کم) لەسەنتەری شاری هەولێر دوورە، یەکێکە لە پرۆژەگەورەکانی گەشتیاری لەلایەن کەرتی تایبەت دروست کراوە، لەساڵی ٢٠١٥ کرایەوە، ڕووبەرەکەی (٤٨٦,١٢٥م) دووجایە، کەسەرەتا دەڕۆیتە ژوورەوە بازارێکی بچووکی تێیدا دروستکراوە گەشتیار دەتونێت شتومەك و کاڵا بۆخۆی بکرێت، وە چەندین یاری جۆراو جۆری تێدایە کە بەشێوەیەکی مۆدێرن و سرنج ڕاکێش دروست کراوە وەك یاری ﴿گەیم لاند، سینما3D، کارۆسێل، یوفۆ، کورسی کورسی، ماین ترێن، سوپەر سوینگەر، هەپی ئێکس پرێس، کریسی ماوس، یاری مەقەس، یاری بۆمبەکار، جەمپین، فۆك، یاری کرم، چەرق

و فەلەق، تەگەدە، سکەتل مەوت، یاری ئەسپ، قیتار، دیسکۆ، بەلـەم، یاری کریس دانس، یاری پایسکل، یاری ئـاو دەرۆیتـەناو چـیاو دیتـەوە دەرەوە، وە شـەندین یـاری تـری جـۆراو جـۆر لەخۆدەگرێت﴾یاریـەکی تـری تێدایـە کـە بـەیاری دایناسـور پـارك ناودەبرێـت کەلەسـەر ئاسـتی خۆرهـەڵاتی ناوەراسـت تاکـە، لـەلای چـەپی شـوێنێك بۆبـەخێو کردنـی ئەسـپ دانـراوە تـەنیا بۆجوانییـە، دوو یاریشـی لەشـێوەی چـیاکانی کوردستانە، وە هەبوونی ستەیجێك کە بۆ هەر بۆنەو ئاهەنگێك دەتوانی تێـدا ئـەنجام بـدرێت، لەناوەراسـتی دا لەبەشـی لای راسـت تاڤگەیـەکی ئـاوی دروسـتکراوە بەشـێوەیەکی جـوان، وە نافورایـەکی تـریش لەناوەراستی هەیە سەرای هەبوونی چەند نافورای تر لەبەردەمی کاتێـك کەدیتە ژوورەوە، زیاتر لە شـەش خواردنگـەی مـۆدێرنی جـۆراو جـۆری تێدایە لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆری کۆشك، وەرێژیەکی زۆری داروو سـەوزایی و گـوڵی جـۆراو جـۆری تێـدا ڕوواوە کەڕووبەرەکـەی (١٥٥,٣٢٢م)دووجایـە، دووبـیری ئـاوی هەیـە لەگـەڵ دوو خـەزانی ئـاو کەسەرجەم ئـاوی پێویسـت بـۆ شـاری یاریەکـە دابـین دەکـەن، لەگـەڵ چەندین کەپرکە بۆ پشودانی گەشتیارە، پارکێکی وەستانی ئۆتـۆمبیلی هەیەلەگەڵ (پارکی vip) لەلای پێشەوەی کەبەگشتی جێگەی زیاتر لـە ٢٠٠٠ ئۆتۆمبیـل دەبێـت، لـەداهاتوو دا وا بریارەچـەندین مۆتیـل وڤـێلاو

یـاری جـۆراو جۆرلەبەرنامەدایەلەگـەڵ زیـاد کردنـی ڕێـژەی سـەوزایی چەندین خزمەتگوزاری تر[1].

## شاری یاری فاملی فان



﴾وێنەی ژمارە (٣٧) شاری یاری فاملی فان، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/٩ گیراوە﴿

شاری یاری فاملی فان لەتەنیش بازاری هاوچەری کار فۆرە لە سـەر ڕێگای سەد مەتری لەباکووری شاری هـەولێر، رووبەرەکـەی ١٣٠ هـەزار مەتر چوار گۆشەیە یەکێکە لەپرۆژەکانی وەبەر هێنان و بەردی بناغـەی لەساڵی ٢٠٠٨ دانـدراوە، لەپارکێك و چەند بازارێك چەند مۆتێلێکوپـارکی وەستانی ئۆتۆمبێل پێك دێت و کۆمەلێك یـاری جۆراوجـۆری سـەردەمی

[1] چـاوپێکەوتن لەگـەڵ بـەرێز ( رێبـوار خـدر بـایز )، کـارگێری مـاجی لانـد، لەرێکـەوتی ٢٠١٧/٤/٢٣، کاتژمێر١٠:٣٠ بەیانی ڕۆژی یەك شەمە.

لەپارکێکی کراوەدا بۆ منداڵان و گەوران لەخۆ گرتووە. شوێنی پشودان و خواردنگەی خێراو ساردەمەنی جۆراو جۆر لەناویدا ئامادە کراوە، دەیان یاری جۆراو جۆری ئەلیکترۆنی هۆڵی شانۆ و نمایشی تایبەت تێدا ئامادە کراوە. سینەمای سێ رەهەندی لەهۆڵی داخراو لەخۆ گرتووە، بەڕۆژوو بەشەو کراوەیە لەپێشوازی هاوڵاتیاندا، ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیار ڕوولەم شوێنەدەکەن لەناوەخۆی کوردستانو شارەکانی عێراق.

## ئەکوا تارین




﴿وێنەی ژمارە (٣٨) ئەکواتارین، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٩/٨ گیراوە﴾

بەدووری (١٤کم) لەناوەندی شاری هەولێر دوورە، دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێرشەقڵاوە. بەیەکێك لەگەورەترین شاری یاری ئاوی

دادەنرێت، ئاوو هەوایەکی دلڕفێنی هەیە، ڕووبەرەکەی ٦٢٥٠٠ م چوار گۆشەیە، کۆمەڵێك چالاکی و خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان و گەشتیاران لە خۆ گرتووە وەك خلیسکانێی ناو ئاو یاری ناو ئاو و مەلەوانگەو یاری جۆراو جۆری منداڵان و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و ڕێستورانت و شوێنی پشودان و مانەوە(١).

## باخچەی ئاژەڵانی هەواری تازە




﴿وێنەی ژمارە (٣٩) باخچەی ئاژەڵانی هەواری تازە،لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢٢ گیراوە﴾

باخچەی ئاژەڵانی هەواری تازەدەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەولێر بەدووری (٥کم) لەسەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە، دەکەوێتە سەر

---

(١) حكومة أقليم كوردستان ـ العراق، الهئةالعامة للسياحة، الدليل السياحى اقليم كوردستان،المصدر السابق، ص٢٥ .

ڕێگای کۆنی بنەسلاوە، ڕووبەرەکەی یەك دۆنمە لەگەڵ باخچەیەکی بچووك لەبەر دەم ژووری ئاژەڵ و باڵندەکانە، نزیکەی (٤٠) جۆر ئاژەڵ و باڵندەی تێدایە وەك (شێر، پڵنگ، گورگ، ورچ، ڕێوی، وشتر، مامز، بزن، مەیمون، کەروێشك، نعامە، تاوس، کوندە بەبۆ، باز، کەو، هەوێردە، قەتیٚ، قاز، بلبل، کۆتر...هتد) کەخاوەنەکەی خەلیل کاوانی یە لەسەر ئەرکی خۆی دروستی کردوە، خەڵکێکی زۆر سەر دانی دەکەن بۆمەبەستی بینین و ئاشنا بونیان [1]. (تێبینی دەکەم ئەم باخچەیە شوێنەکەی زۆر بچووکەو هیچ یارمەتیك لەلایەن حکومەتەوە نەدراوە هەربۆیە ڕەوشی باخچەکەو ڕێو شوێنی ئاژەڵ و باڵندەکان وەکو پێویست نیە، چونکە ژیانی ئەو ئاژەڵانە بەخراپترین شێوە بەرێوە دە چێت هیچ کاتێك سەرپەرشتی ئەو ئاژەڵانە نەکراوە لەڕووی شوێنی حەوانەوەو دابین کردنی خۆراکی پێویست بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دابین کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆیان).

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەنی باخچەکە بەڕێز ( خلیل صابر کاوانی ) لەڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢٢ .

# قەڵای بانەمان ( خانزاد )



﴿وێنەی ژمارە (٤٠) قەڵای بانەمان (خانزاد)،لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٣٠ گیراوە﴾

**قەڵای بانەمان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، بەدووری ٢٢کم، لەخواروی پێچەکانی شارۆچکەی پیرمام لەسەر ڕێگەی هەولێرپیرمام. دروست بونی دەگەرێتەوە بۆسەر دەمی میری سۆران (میر محمد) پاشا، مێژووەکەی بۆ ٢٠٠ ساڵ واتە لەسەدەی (١٧١٨) زاینی ئەم قەڵایە دروست کراوە، ٤٠م لەئاستی دەوروبەری بەرزترە و شوێنی قەڵاکە لەسەر گردێکی بەرز دروست کراوە کە دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، بەتایبەت ئەو ڕێچکەو ڕێگایانەی کەشارۆچکەی شەقڵاوەو پیرمام لەگەڵ هەولێر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، قەڵاکە لەبەردو قسڵ و گەچ دروست کراوە، بۆ گەیشتن بۆناو قەڵاکە ٧٤ پەیژە سەر دەکەویت ئینجا دەگەیتە قەڵاکە وە دوو پەیژەی تریش هەیەتا دەڕۆیتەناو**

قەڵاکە، ئەم قەڵایە لـەدوونهۆم پێـك هـاتووە، دەرگـای سـەرکی قەڵاکـە لەشێوەی کەوانەیی دروست کـراوە، بەرزیەکـەی دەگاتـە نزیکـەی (٢م) پانیکـەی (١مـەترو ٢٠ سـم) دەبێـت، ژورێکـی بچـوك لەپشـت دەرگـای سەرەکی قەلاکە هەیە ئەویش بۆمەبەستی هەڵگرتنی ئاو بەکار هـاتووە، لەکاتی توش بوونی شەر ئاویان لەوێ هەڵگرتوە. ژووری دەسـتە چـەپ بەندیخانەیە ئەم ژوورە ڕوبەرەکەی نزیکەی(٣×٤) دەبێت وەهـەر وەهـا دەرگایەکـەی لەشـێوەی دەرگـای سـەرکی قەڵاکـە دەچـێت بـەڵام لـەو بچـوکترە، وە پەنجەرەیـەکی قەوسـی تێدایـە بەرزیەکـەی نزیکـەی (٨٠ سم) دەبێت پانیەکەی(١م و ٢٠سم) دەبێت.

نهۆمی دووم پێك هاتووە لـە هـۆلێکی گـەورە بـۆ پاراسـتنی قەڵاکـە بـەکار هـاتووە، وە(٦) کونەمەتـەرێزی تێدایـە بۆبـەرگری تـیر هاوێـژتن بـــەکارهاتووە، (٥) پەنچـــەرەی تێدایـــە بۆهـــەوا گـــۆرکی و ڕوونـــاکی بەکارهاتووە، (٢)شوێنی ئاگر کردنەوەشی تێدایە.

ژوری دەسـتە ڕاسـت ئـەو ژورە لەشـێوەی ژورەکـانی تـر دروسـت کـراوە، بۆمەبەسـتی بـەرگری کـردن بـەڵام تۆزێـك لەهۆڵەکـە بچـوکترە، هـەروەها سـێ کونـە مەتـەرێزی بـۆ بـەرگری کـردن تێدایـە، لەگـەڵ پەنجەرەیـەکی بچـوك وەیـەك ئاگردانیشـی تێدایـە، ئـەم ژوورە ئـی پاسەوانەکان بووە.

ژووری دەستە چەپ لەهەمان شـێوەی ژوری دەسـتە ڕاسـتە، بـەڵام ئەو تاقێکی تیایە ئەم ژوورە ئی سەرکردەو میرەکان بـوو. سـیاجەکەی

لەشێوەی ددان دروست کراوە لەکاتی جەنگ بەکار هاتووە چوار لای هەیە هەرلایەك لە (١١) ددان پێك هاتووە، هەربورجێکیشی (١٠) دانەی بۆ دروست کراوە ئەم شوێنەوارە گرنگە لە ٤/٥ / ٢٠٠٥ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر کنەو پشکنینی بۆکراوە بەڵام هیچی لی نە دۆزراوەتەوە، دواتر لەسالی ٢٠٠٧ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان نۆژەن کراوەتەوە [١].

(تێبینی دەکەم کە خزمەت گوزاری وەکو کارەبا و ئاو پێشوازیکردنلەگەشتیارانی بۆدابین بکرێت، دروست کردنی کافتریایەك لەنزیك قەلاکەشوێنی پشودانی گەشتیارانی بۆبکرێت بەمەرجێك سیمای شوێنەوای قەلاکە تیك نەدات).



﴿وێنەی ژمارە (٤٠) قەڵای بانەمان (خانزاد)،لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٣٠ گیراوە﴾

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (م . مازن محمدأمین ) سەرۆکی بەشی رێبەری گەشتیاری، لەرێکەوتی ٢٤ / ٢/ ٢٠١٠ .

# قەڵای دێری



﴿وێنەی ژمارە (٤١) قەڵای دێری، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٨ وەرگیراوە﴾

ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە بەشـی ڕۆژئـاوای دامێنـی زنجـیرە چـیای پیرمامبـەدووری (٣٨کـم) لـە هـەولێرەوە دوورە [1] ،دەکەوێتـە نزیـك گونـدی دێـری بـەلای بـاکووری ڕۆژ ئـاوا ی بۆیـە بـەم نـاوە ناسـراوە. قەڵاکەلەسـە گردێکـی شـوێنەواری فـراوان دروسـت کـراوە بەرزیەکـەی نزیکەی (٣٠م)، بەگوێرەی ڕاپۆرتی پشکێنەری بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی شـوێنەواری عێراقـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی یەکـەمی دوای زایـن، سەبارەت بە مێژوی قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی فەرمان ڕەوایـی مـیر محمـد بـەڵام ڕوداوە سیاسـیەکان وانیشـان دەدەن کـەپێش مـیر محمـد

[1] بەخێر بێن بۆ کوردستان رێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، لا ٢٦ .

دروست کرابێت، لەبەر ئەوەی قەڵای دێری شوێنی کۆبونەوەی سوپای بابانیەکان بووە کاتێك میر محمد هێرشی کردنە سەرو قەڵاکەی گرت. بەڵام لەوانەیە لەسەر دەمی باوکی میرمحمد مستەفا بەگ دروست کرابێت. چونکە بایەخی بەدروست کردنی قەڵا داوە بەهۆی ئەو دژایەتیەدرێژ خایەنەی لەگەڵ میرنشینی بابان هەیبوو.

قەڵای دێری شێوەیەکی شەش لای نارێکی وەرگرتووە بەهۆی نارێکی سروشتی گردەکە و هەرلایەك پێوانەی خۆی هەیە و درێژترینیان لای باشوری رۆژئاوایە کەدرێژیەکەی ١٥، ٣٠ م.دیزاینی قەڵاکە پێك هاتووە لەشورەیەك و بوونی قوللەلە لەلای سەرەوە، ئەم شورەیە دەوری حەوشەیەکی فراوان و هۆلێك وپێنج ژوری داوە، لەگەل بوونی برێکی ئاولەحەوشەکەو دوو دەروازەی هاتنە ژوورەوە بۆناو قەڵاکە. لەگەڵ رووخانی بەشی سەرەوەی شوراکە بەشێکی زۆری لێ ماوەتەوە بەرزیەکەی ٥,٤٠ ئەستوری دیوارەکەی لەبەشی خوارەوە ١,٤٠ م. قوللەکان لەشێوەی لولەیی دان وهەرشەش سوچی شوراکە دامەزراون بەرزی یەکێکیان ٦,٤٠م هەریەکەیان پێنج کونە مەتەرێزی تێدایە شێوەکەیان لاکێشەییە و پێوانەکەی لەدەرەوە ١٠×٢٠ سم لەناوەوەش ٣٠×٤٠سم.قەڵاکە حەوشێکی فراوانی هەیە پێوانەکەی ٢٣×١٢,٧٠ م بیرێکی ئاوی شێوە بازنەیی تێدایە تیرەکەی ١,٩٠م بەگوێرەی وتەی خەڵکی ناوچەکە تاسالانی حەفتاکان ئاوی تێدابوو،

سەرچاوەی ئاوەکەش بەڕێگای کارێز لەگوندی سەرکانی هاتووە بۆناو قەڵاکە دەکەوێتە بەشی باشوور.

یەکەبیناسازیەکانی قەڵاکە پێك دێت لەپێنج ژووری جیاوازی لەنێوانەو هۆلێکی فراوان شێوەکەی لاکێشەییە و درێژی لایەکی ٢١م ئەم هۆڵە بەم شێوە فراوانە بەکار هێنراوە ڕاگرتنی ئاژەڵ بەتایبەتی ئەسپ کەئەوکاتە تەنها هۆکاری گواستنەوەی ئاژەڵ بووە، بۆدڵنیابوون لەسەر ئەمە بوونی دەروازەیەکی سەربەخۆیە کەلەدەرەوە بۆناو هۆڵەکە دێت کەئەمەش بۆهاتوچۆی ئاژەڵ بووە تاکوبەناوقەڵاکە تێپەر نەبێت. بەرامبەرئەو دەروازەیە لەبەشی ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە دەروازەی سەرکی قەڵاکەیە کەدرێژ دەبێتەوە بۆناوەڕاستی حەوشەکە بەڕێڕەوێکی بەرد درێژ کراوە درێژیەکەی ٢٦,٧٠م.

دەروازە سەرەکیەکەی قەڵا ڕووخاوە، بەڵام بەگوێرەی وتەی تەمن گەورەکان شێوەکەی کەوانەیەکی نیمچە بازنەبووە، لەوانە ئەو دەرگا دارانەی کەبە بزمار رازێنراوەتەوە تێکیرابێت لەبەر بونی بزمارێکی لەم شێوەیە لەشوێنی دەروازەکە. هەموبەشە بیناسازیەکانی قەڵای دێری لەبەردی کلسی ناڕێك و گەچ دروست کراوە، بەڵام سەقفی قەڵا بەتەواوی نەماوە ئەمەش بەهۆی تەقانەوەو ڕووخاندنی لەلایەن حکومەتی عێراقی ئەوکات لەساڵی ١٩٨٨زلەهێرشی بەناو ئەنفال کەبووە هۆی ڕووخانی زۆرێك لەگوندەکانی کوردستان و سڕینەوەی شوێنەوارە کوردیەکان و گۆڕینیان بۆشێوەی تر وەك گۆڕینی

دەروازەی قەڵای هەولێر لەشێوازە ڕەسەنەکەی خۆی کەشێوەی کەوانەیەکی تیژە بۆشێوەی کەوانەی عەشتار لەبابل.

پێویستە ئاماژە بەبونی مزگەوتێك بکەین کە دەکەوێتە دامێنی قەڵاکە بەلای باشووریدا کەپێك هاتووە لەشوێنی نوێژ کردنی زستانە بەشێوەیەکی لاکێشەی تەریب لەگەڵ دیواری رووگە پێوانەی ٦٥٧,٦ , ٤٠ م لەگەل بونی شوێنی نوێژ کردنی هاوینە٤٥، ٤ ×٤٠، ٧ م[1].

(تێبینی دەکەم لایەنی پەیوەندی دار تەواوی قەڵایەکە چاك بکاتەوە بۆئەوەی هەم سیمایە کۆنەی جارانی نەشێویت و هەمیش وەك سەر چاوەیەکی داهات سوودی لێ ببینێت لە لایەن کەرتی گەشتیاری).



﴿وێنەی ژمارە (٤٢) قەڵای دێری، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٨ وەرگیراوە﴾

[1] زیاد احمد محمد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٨٠٦- ٨٠٧.

# کانی دەرماناوی بابەجیسك



﴿وێنەی ژمارە (٤٣) کانی دەرماناوی بابە جیسك لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٥ وەرگیراوە﴾

کانی گڕاوی بابە جیسك بەدووری (٥کم) دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەلاَتی قەلاَی دوین هەروەها کانییەکە کەوتۆتە خوارووی گوندی بابە جیسك شێوەی لە گۆمێکی زەلکاو دەچێت (٥) ئینج ئاو لەناوەڕاستی دەردەکات دەوری گۆمەکە والآیە هیچ دیوارێك یان بەر بەستێکی بۆ دروست نەکراوە کانی دووەم(١٠٠م) لەڕۆژئاوای کانی یەکەمە و بۆ ژنان دروست کراوە شورایەکی بەردیان بە دەوردا کردووە لەگەلّ ئەمەشدا دەیان کەس لەناوچە جیا جیانی کوردستان سەردانی دەکەن و ئاوەکەی بەکار دەهێنن و پێی چاك دەبنەوەهاولاَتیەکی گوندەکە زانیاری زۆر نەخۆشی لابوو کەبەم دەرمانە چاك بوونەتەوە

بەهەمان شێوە ی کانی دەرماناوی جەلی ماددەی کبریتی هەیە بۆ نەخۆشیەکانی (پێست، خورشت، زیپکە،گڕویی و ئاوسان...)ی پێست بەسودە نەخۆش دەتوانێ سوود لە قورەکەی دەوروبەری کانیەکەوەر بگرێتو شوێنی نەخۆش بە قوڕەکە داپۆشێت و بۆماوەیەك لەبەر تیشکی خۆر بوەستێت، ئینجا بچێتە ناو کانیاوەکە و لەشی خۆی چەند جارێك بەئاوەکە بشوات. بەم جۆرە نەخۆشەکە بە دوو یان سێ جار چاك دەبێتەوە [1].

(تێبینی دەکەم ئەم کانیاوە لە ڕووی خزمەت گوزاری گەشتیاری هیچ گرنگی پێنەدراوە بۆیە پێویستە لەسەر کانیاوەکە دوو ژوور دروست بکرێت هاوشێوەی کانیاوی خورمالێ لەپارێزگای هەلەبجەی شەهیدیەکێك بۆ پیاوان یەکیك بۆ ژنان، چونکە شوێنی کانیاوەکە لە جادەوە نزیکە بۆیە کاتێك گەشتیار دێت بۆ سەر کانیەکە ناتوانێت چارەسەری خۆی بکات، وە هیچ کافتریایەك یان توالیت و شوێنی خۆ گۆرین و پشو دانی لێ بە دی ناکەی).

[1] پێگەی ئەلیکترۆنی http://www.hawlergov.org .

# سەیرانگای هەنارە



﴿وێنەی ژمارە (٤٤) سەیرانگای هەنارە،لەڕێکەوتی١/٤/٢٠١٧گیراوە﴾

بـەدووری (١٨کـم) دەکەوێتـە خۆرهـەڵاتی شـاری هـەولێر، (٣٩٠م) لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە، لـەدوو ڕێگـاوە بـۆی دەڕۆیـن یـەکێکیان لەشـەقامی مەصـیف ئـەوەی تریـان لـەڕێگای کۆیـەوە، لەناوەڕاسـتی تەنکەئاوێکی پێدا دەڕوات، چەندین جۆر دار سەوزایی لی یـە ژینگەکـەی لەبارەلـەزۆر بـەی وەرزەکـان بەتایبـەت لـەوەرزی بـەهاردا ژمارەیـەکی زۆری هاوڵاتیـان ڕووی تێدەکـەن بـۆ مەسـتی بەسـەر بردنـی کـاتێکی خۆش.

# سەیرانگای دڵۆپە



﴾وێنەی ژمارە (٤٥) سەیرانگای دڵۆپە، لەڕێکەوتی٥/٤/٢٠١٦گیراوە﴿

دڵۆپە بەدووری (١٢کم) دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر، (٢٤٠م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. ئەم ناوچەیە ئاووهەوایەکی خۆش وسروشتێکی خاوێنی هەیە و لەناو سەیرانگای دڵۆپە شەقامەکانی زۆربەی قیرتاو کراوە هەمووی بەدار و سەوزایی داپۆشراوە. هەمووساڵێك ژمارەیەکی زۆر لەسەیران کەرانی شاری هەولێر ڕووی تێ دەکەن [1].

[1] ئینسکلۆ پیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٩٢ - ٩٧ .

# سەیرانگای بێستانە



﴿وێنەی ژمارە (٤٦) سەیرانگای بێستان، لەرێکەوتی٢٠١٦/٣/٢٤ گیراوە﴾

سەیرانگای بێستانە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر بەدووری (٣٢ کم)، بەدوو ڕێگە دەگەیت بە سەیرانگاکە یەکێك لەرێگای کەرکوك قوشتەپەوە ئەوەی تریش لە ڕێگای مورتکە، چەندین جۆر دارو درەختی هەمیشە سەزی لێ رِوواوە، شوێنێکی بەرزوو ئاووهەوایەکی ساف و دڵگیری هەیە، بەردەوام خزمەت دەکرێت تاوەکو لە وشك بون فەتان بپارێزرێت، مێژووی دروست بوونی بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەرووی خزمەت گوزاریەوە چەنین کەبرو شوێنی دانیشتنی خێزانی و هەندێك یاری منداڵان بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆدروستکراوە، وە بەردەوام لە هەوڵی فراوان

کردنـــی دان تـــاوەکو رووبـــەرێکی زیـــاتری دارو ســـەوزایی لێ بـــروێنن، کەسالانە لەوەرزی بەهار خەڵکی زۆر سەر دانی دەکەن بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش[1].

(تێبینـــی دەکـــەم لـــەم ســـەیرانگایانە هەنـــدێك خزمـــەت گـــوزاری سەرەتایی بۆ دروست کراوە، بەڵام ئەمانە هێشتان بەس نیە، بۆ یە دەبیت لە ناو ئەم سەیرانگایە چەندین کەپری گەشتیاری و موتیل وراکێشـــانی تـــەزووی کارەبـــا وتـــەوالیت و قیرتـــاوکردنی تـــەواوی سەیرانگاکان و دروست کردنی رووباری دەست کرد و یاری جۆراو جۆر چەندین خزمەتگوزاری تر).



﴿وێنەی ژمارە (٤٧) سەیرانگای بێستان، لەرێکەوتی٢٠١٦/٣/٢٤ گیراوە﴾

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/٣/٥ .

# فڕۆکە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر




﴿وێنەی ژمارە (٤٨) فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٦/٢٠ گیراوە﴾

دوابەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بنکەی سەربازییە کۆنەکەی هەولێر بگۆڕێ بۆ فڕۆکە خانەیەکی مۆدێرنی فڕۆکەوانی شارستانی کە وەکو دەروازەیەکی گەورە بەرەو جیهان کاربکات. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠٥/٧/٧ دا بەفەرمی کرایەوە و لە دیسەمبەری ساڵی دواتردا پێشوازی لەیەکەمین کۆمپانیای هێڵە ئاسمانیەکانی کۆمەڵەی گواستنەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتی IATA کرد.

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، بەدووری ٥کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، حکومەتی

هـەرێمی کوردسـتان بڕیـاری دروسـتکردنیدا. پێشـتر شـوێنەکە بنکـەی سـەربازی کـۆنی هـەولێر بـوو، ئێسـتا کراوەتـە فڕۆکەخانـەی مـۆدێرنی شارستانی کە وەکو دەروازیەکی گەورە بەرەو جیهان، ڕۆژانە پێشـوازی لەهەزاران میوان و گەشتیار دەکات.

ئەم فڕۆکەخانەیە کۆمپانیای (سکۆت ویلسـن) ی بـەریتانی دیزاینـی دانا و کۆمپانیای (ماکیۆل جەنگین) پرۆژەکەی جێبەجێکرد. ئەم فڕۆکـە خانەیـە بەشـێوەیەك دروسـتکراوە کـە سـالآنە توانـای وەر گرتنـی (٣) ملیۆن گەشتیاری هەیە و ١٦ دەروازەو ٦ پردی جێگیری ئاسمانی لەخۆ دەگرێت. هەروەها تێرمینالّی کارگوزاری نوێ بەشـێوەیەك دروسـتکراوە سالآنە توانـای ٢٨٠ تـۆنی هەیـە، جگـە لـە تێـر مینـالّی سـەرەکی، تێـر مینالّ و هۆلّی پێشوازی مۆدێرن و خزمەتگوزاری VIPهەیە.

ئـەم فرۆکەخانەیـە یەکێکـە لـە درێـژترین ڕێڕەوەکـانی نیشـتنەوەی فڕۆکە لەجیهاندا کە ٤ هەزارو ٨٠ مەترە و یەکێکە لـە درێـژ تـرین پێـنج ڕێڕەوی نیشتنەوەی فڕۆکە لەسەر ئاستی جیهاندا. شایەنی باسە هێڵـی ئاسمانی کوردستان و هێلی ئاسمانی زاگـرۆس، دوو کۆمپانیـای تایبـەت بە فڕۆکەوانی هەرێمی کوردستانن لەم فڕۆکەخانەیە دا گەشت بۆ چـەند وڵاتێکی جیهاندا بکات [1]

[1] هەولێر لە ١٠ سالّی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٤، لا ١٦٤ .

# شەقڵاوە



﴿وێنەی ژمارە (٤٩) شەقڵاوە،لەرێکەوتی٢٠١٦/٣/١١ گیراوە﴾

شەقڵاوە بەدووری (٥٠) کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، (٩٦٦م) بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە، شەقڵاوە پێش ساڵی (١٩٥٢) ناحیە بووە دوواتر بۆتە قەزا، لەنێوان چیای سەفین و چیای سۆرك هەڵکەوتووە، بەهۆی سروشتی ڕەنگین وهەوای فێنك وجوانی بەبوکی کوردستان ناسراوە، هاوینە هەوارێکی سرنج ڕاکێشە، دیمەنی شەقڵاوە بەدارو درەختی زۆر داپۆشراوە وکانی و ئاوی زۆرە، دەیان میوانخانەوچێشتخانەو گوندی گەشیاری و گازینۆ و شوێنی گەشتیاری لێیە، چەندان کەل و پەل وخواردنی دەستکردی کوردەواری لەبازاری

شەقڵاوە هەیە، باخەکانی شەقڵاوە چەندان جۆر میوەی هەیە[1]،بۆیە گەشتیاران لەسەرانسەری عێراق و ولاتانی دەرەوە ڕووی تێدەکەن، لەڕووی ئابوریەوە کەرتی گەشتیاری سەرچاوەی داهاتی بەشێکی زۆری خەڵکی کاسبکاری شەقڵاوەیە، خەڵك و کەرتی تایبەت گرینگیان بە لایەنی گەشتیاری داوە، کاریگەری ئەو بوارە بەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی خەڵکی شارەکە ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها شەقڵاوە هەردەم بە نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری کراوەتر بووە، شەقڵاوە شاری ئارام بەخش و بەیەکەوە ژیانی نەتەوەو ئاینەکانی تربووە، ژیان لەشەقڵاوە ڕێچکەیەکی هاوبەشی هەیە، هەموو لایەك بە ڕێزەوە بەرامبەربە پیرۆزیەکانی یەکدی ڕەفتاریان کردووە[2].

## جوگرافیای شەقڵاوە

شەقڵاوە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەنێو پارێزگای هەولێر، چونکە خودی شەقڵاوە کەوتۆتە سەر ڕێگای هاملتۆن و دەروازەیەکە لەنێوان هەریەك لەشاری هەولێر و حاجی ئۆمەران بەرەو ئێران، سەرەڕای ئەوە قەزای شەقڵاوە بەو پێگەیەی کەهەیەتی بۆتە نێوەندێك بۆ بەستنەوەی هەریەك لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دهۆك بەیەکتریەوە، ئەمەش لە میانەی تێپەر بوونی چەندین تۆری گواستنەوەی گرنگ پێیدا،

---

[1] سەرکەوت حسێن و سامان حەمەدەمین خۆشناو ، ڕێبەری گەشتیاری لەشەقلاوە، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦، لا٢٥ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١ .

کـەخۆیان لـەڕێگاکانی هـەریر و ئـاکرێ و دۆکـان دەنوێنێـت، جێگـەی سـرنجە پێگـەی قـەزای شـەقڵاوە بۆتـە پردێکـی گـرنگ بـۆ بەسـتنەوە گرێدانی هەریەك لەناوچە شـاخاویەکان، کـەخۆیان دەنـوێنن لەناوچـەی چیای چەماوە ئالۆزەکان و چیای چەماوە سـادەکان لەلایـەك، و ناوچـە دەشـتایی، بـریتین لـە دەشـتە شـەپۆلاویەکان و دەشـتە تەختاویـەکان لەلایەکی دیکەوە(١).





﴿نەخشەی ژمارە(٢)، قەزای شەقڵاوە﴾

---

[١] دلێزار حەسەن، هەولێر لە١٠ ساڵی زێڕیندا، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٤٧ .

## مێژووی شەقڵاوە



﴿وێنەی ژمارە (٥٠) مێژووی شەقڵاوە، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٦/٤ وەرگیراوە﴾

ئەگەر بەقووڵایی دیرۆکی بچینە خوارێ، زۆر شتی جیاو بیرو باوەری جیاوازمان لەمەر ناوی شارەکەو دروست بوون و گەشەسەندنی ئەم شارەمان بەرچاو دەکەوێت. مێژوو نوسان هەریەکەو بەجۆرێك لەسەر شەقڵاوە دەدوێن هەندێك بە (شاقوڵئاوا) یان (شاقوڵڵاوە) هەندێکی تر بە (شاقوڵئاباد) یان (شەقراباد) (شەقڵاباد) ناوی دەبەن، سەرتای ناوی وشەکە کە بەشاقوڵ هاتووە، گوایە شاقوڵ بەگ ئاوەدانی کردۆتەوە، بەڵام بەپێی ئەم شوێنەوارە کۆنانەی کەلە شوێنەکە دۆزراونەتەوە مێژووی دروست بوونی ئەم شارە بۆ زۆر کۆنتر لەم مێژووە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەوانەیە شارەکە وێران بووبێ و بۆ دوا

جار لەلایەن یەکێك لە فەرمانڕەوا یان سەرکردەکانی میری سۆران بەناوی شاقولێ بەگ سەرلەنوێ ئاوەدان کرابێتەوە، بەلاّم بەپێی ئەم شوێنەوارانەی کەلەم شوێنەدا دۆزراونەتەوە مێژووی دروست بوونی ئەم شارە بۆ زۆر کۆنتر لەم مێژووە دەگەرێتەوە، بەلاّم لەوانەیە شارەکە وێران بووبێ و بۆ دوا جار لەلایەن یەکێك لەفەرمانڕوا یان سەرکردەکانی میری سۆران بەناوی شاقولێ بەگ سەرلەنوێ ئاوە دان کرابێتەوە، چ کۆتایی برگەی (ئاوا) یان (ئاباد) بەمانای ئاوەدان کردنەوە دێت بەدەستی (شاقۆلێ)[1].

---

[1] زرار عبدالله سەرتاش، ئینسکلۆ پیدیای هەولێر،بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤٢ .

# مەزاری رەبەن بۆیە



﴿وێنەی ژمارە (٥١) مەزاری رەبەن بۆیە، لەرێکەوتی١/٤/٢٠١٦ وەرگیراوە﴾

لەسەر رێگای گشتی (شەقڵاوە ـ هیران) لەقەد پاڵی چیای سەفین، بەدووری (٤٧کم) لەهەولێرەوە دوورە، لەبەرزایی دۆڵێکەوە دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی شەقڵاوە، ئەم مەزارە لەئەشکەوتێکدا لەبەرزی (٢٠م) لەشاخ هەڵکەندراوە، تاوەکو نزیك مەزارەکە رێگای ئۆتومبێل هەیە، دواتر گەشتیار بە پیادادەڕوات. گۆڕەپانی رێگاکە لەلایەن حکومەتی هەرێم لەساڵی (٢٠٠٥) دروست کراوە، ئەو مەزارگەیە لەلای موسڵمانان بە (وسو رحمان) لەلای مەسیحیەکان بە (ڕەبەن بۆیا) ناسراوە [(١)].

[١] دلزار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٤ .

مێــژووی دروســت بــوونی ئــەم مەزارگەیــە دیــار نیــە، لەمبارەیــەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، مەزاری قەشە بۆیــە بــەناو بــانگترین مــەزارە لــە شەقڵاوە مێژووی ئەم شــوێنە بــە دروســتی دیــار نیــە، بــەڵام (فرنســیس شیر) لەتۆما حەنا لەساڵی ١٩٨٥ز پارچــە قوماشــێکی دەســت کــەوتووە کەوێنەی خاچێکی بچووکی لەسەر نەخشێنراوە، بەگوێرەی ئەم پارچــە قوماشــە وادەر دەکــەوێت کەمێژووەکــەی بگەرێتــەوە بــۆ(٥٠٠) ســاڵ لەمەوبەر.ئــەوەی جێگــە ســرنج ڕاکێشــانە گــەورەیی توانســتی هێــزی ڕاکێشـــانی ئـــەو مـــەزارە بـــۆ گەشـــتیاران گـــەڵێ زۆرە بەتایبـــەتی بۆمەســیحیەکان.چــونکە ناوبــانگی لەســەر ئاســتی عێــراق و هــەرێمی کوردســتاندا هەیــە، کەســاڵانە هــەزاران هــاوڵاتی ســەردانی دەکــەن و ڕێــورەسمی ئــاینی تایبــەت بــەڕێوە دەبــەن، هــەروەها موســڵمانانیش سەردانی دەکەن [1]، بەرامبەر دەرگەی ئەم مەزارە بەلای دەستی چەپ بـــــەردێکی پـــــان و گـــــەورە هەیـــــە کـــــە درێژیەکـــــەی (٣٨٥) سانتیمەترەپانیەکەی (١٢٥)سانتیمەترە ئەم بەردە وەکــو بــەردی مــراز وایە ئەوانەی بۆ مرازی منداڵ بوون دەچن لەســەر سك لەســەری هەڵدە خلیسکێن، هەروەها لە ناوەندی ئەشــکەوتەکە ســێ ژوورهەیــە دوورنیــە ژووری تــریش هــەبێت، کەلــەژووری ناوەراســتی ئەشــکەوتەکە گڵکــۆی

---

[1] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدلنی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقڵاوە، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر ٢٠١٣، لا ١٥٣ .

پیاوچـاکەکەی تێدایـە[1].(تێبینـی دەکـەم ڕێگـەی ئەشـکەوتەکەی زۆر تەسکەو پێویستە چەندین خزمەتگوزاری گەشتیاری بۆ دابین بکرێت).

# قەڵای دوین



﴿وێنەی ژمارە (٥٢) قەڵای دوین، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٢/٢٥ گیراوە﴾

قــەڵای دویــن بەقەڵایــەکی شــوێنەواری و ســـەربازی دادەنرێــت بەشێوازێکی ئەندازەیی لەسـەر سروشـتی پتـەو بەشـێوەی هەڵکـەوتنی چـیاکە بناغـەی بـۆ هەڵکەنـدراوە، لەسـەر ڕێگایـەکی سـتراتیژی کـۆن

---

[1] قادرباوەجان، گەشت و گوزار گەشتێکی مەیدانییەبەچیاکانی کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٩، لا١٦٧-١٦٨ .

دروستکراوە دەکەوێتە سەر چیای دوین کە درێژ کراوەی زنجیرە چیای پیرمامە لەنزیك گوندی دوین [1].

دووری ئەم قەڵایەش لەسەنتەری شاری هەولێر(٥٠کم)ە [2]. مێژووی قەڵاکە بۆسەردەمی مێرنشینی سۆران سەدەی ١٦ز دەگەڕێتەوە بەتایبەت بۆماوەی فەرمانڕەوایی عەلی بەگ کوڕی سلێمان بەگ. دیزاینی بیناسازی قەڵاکە لەیەك نهۆم پێکهاتووە بەشورەیەك دەورە دراوە ئەم شوورەیەش بە پێنج قوللە قایم کراوە قەڵاکە بەشێوەیەکی گشتی لەدووبەش پێکدێت بەشی یەکەم لەحەوت ژوور و حەوشەیەکی فراوان پێکهاتووە بیرێکی ئاوی تێدایە، بەڵام بەشی دووەم لە (١٠) ژوور پێك دێت حەوشێك لەیەکتریان جیا دەکاتەوە، زۆربەی شورای قەڵاکە ڕووخاوە و نەماوە درێژی شورای بەشی ڕۆژهەڵاتی (١٢، ٩٥م)، ئەستوری دیوارەکەی (٧٠سم) دەکەوێتەنێوان دوو قوللە بەڵام شورای بەشی ڕۆژئاوای (٥٠سم) لەنێوان دوو قوللە دایە هەمووی ڕووخاوە تەنیا بناغەکەی ماوە قوللەکانی ئەم قەڵایە شێوەی لولەیی و ناوەوەی بەتاڵە تیرەکەی نزیکەی (٢م)ە، هەیانە (٩٥، ٢م) ـە[3].

---

[1] سعید شامایا، السیاحة فی ربوع کوردستان، مطبعة شریکة دیوان، اربیل، ٢٠٠٧، ص٨١ .

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گەشت و گوزار، ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا ٤٣ .

[3] زیادئەحمەد محمد، ئنسکلۆپیدیای هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٨٠٤، ٨٠٥، ٨٠٦ .

لەبەشی رۆژهەلاتی قەڵاکە گۆڕستانێکی زۆر کۆن هەیە، دەگوترێت گۆرستانەکە ئی لەشکری پاشای کۆرە بووە، کێلەکانی ئەم کۆرستانە دەیان ڕەمزو هێمانی وەك ڕۆژو مانگ و وێنەی شمشێرو خەنجەری لەسەرە هەروەها وێنەی چەك و دەمانچەو....هتد. زۆر بەی کێلەکان هاوشێوەی کێلەکانی گۆرستانی گوندی هەنارەن [1]، بۆسەردەمانی باپیرانی سەلاحەدین ئەیوبی دەگەرێتەوە، لە خوار ئەم قەلایەش چەمێك هەیە لە بەهاران خەڵکێکی زۆر ڕووی تێدەکەن [2].


(تێبینی دەکەم کەبەرەو قەلاکە دەڕۆی دەبینیت قەلاکە رووخاوە زۆر بێ ئومێد دەبی تا بۆلای قەڵاکە دەرۆی هیلاك دەبیت هیچ رێکایەك دروست نەکراوە پێویستە قەڵاکە نۆژەن بکرێتەوە بۆئەوەی وەکو سەر چاوەیەکی گەشتیاری سودی لێ ببینرێت لەداهاتوو، خوار قەلاکەش کۆرستانێکی کۆنی لێیە دەبوایە سیاجێکی باشی بۆ دروست بکرێت بۆئەوەی کەس نەروات و تێکیان بدات، وە خزمەت گوزاری گەشتیاری بۆ دروست بکرێت تا لەداهاتوو وەکو نەوەکانیداهاتوو پێی ئاشنابن وشارەزاییان لەسەری هەبێت ).

---

[1] عباس سلێمان سمایل، گۆڤاری سەفین، ژمارە ٥٨، حوزەیرانی ٢٠٠٥، لا ٣٠، ٣١ .

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گەشت و گوزار، رێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشو، لا ٤٣ .

# ئەشکەوتی کاوانیان




﴿وێنەی ژمارە (٥٣) ئەشکەوتی کاوانیان، لەرێکەوتی٢٠١٠/٢/٢٥ گیراوە﴾

ئەشکەوتی کاوانیان لەکۆتایی زنجیرە چیای سەفینە دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر بەدووری (٤١کم)، لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر شەقڵاوە، بەرلەوەی بگەیتە شەقڵاوە لەدووری میلێك لەباکووری ڕۆژئاوای شەقڵاوەیە، لەلای ڕاستی ڕێگاکەوە دیارە ڕوی لەباکوورە، دوو ئەشکەوتن لەتەنیش یەکەوە ڕوویان لەیەکتر کردووە، ئەشکەوتە گەورەکە (٨م) قوڵە (٦م) پانە (٤م) بەرز دەبێت، دەمی ئەشکەوتەکەو ناوەوەیان پێوانەیان لەیەك نزیکە ئەشکەوتی دووەم هەمان پێوانەی

**هەیە [1]، لەلایەن تیمێکی ئەمریکی زانکۆی (شیکاگۆ) وە پشکنینێکی تێدا کراوە لەبەر دەم ئەشکەوتەکە شوێنەواری مرۆڤی چاخی بەردینی ناوەڕاستیان دۆزییەوە کەچەند پارچە بەردەستیەك بوو هاوشێوەی ئامرازەکانی ئەشکەوتی زەر زی لەسلێمانی [2].**

**ئەم شوێنەوارە خاوەن بایەخێکی مێژوویە، زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەم جێگایەدەکەن، بەتایبەت لەو کەسانە دەبن کەبایەخ بە بابەتەکانی شوێنەواری مێژوویی دەدەن، هەروەها سروشتی ئەو پێگەیە بە شێوەیەك هەڵکەوتووە، کەبکرێت بەناوچەیەکەی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن بۆژماریەك لەگەشتیاران، لەبەر ئەوە دەکەوێتە ناوجەرگەی شەقڵاوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر لەهەولێرەوە نزیکە [3].**

**(تێبینی دەکەم ئەشکەوتەکە شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە لەسەر ڕێگەی سەرکی یە دەتوانرێت گرنگی زیاتری پێدرێت نەوەك ئەو سیاجەی کە بەسیم دەوری گیراوە هەموو کەسێك ناتوانی سەردانی بکات و ببینێت لەنزیکەوە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی سەرەتایی گەشتیاری لێنیە ئومێدەوارین لایەنی بەر پرس گرنگی زیاتری پێبدات).**


---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەێز (م . مازن محمد أمین ) سەرۆك بەشی ڕێبەری گەشتیاری لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٥ .

[2] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدلنی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقڵاوە،هەمان سەرچاوە پێشوو، لا١٥١ .

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (م. مازن محمد أمین ) لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٥، هەمان سەر چاوە.

# شارۆچکەی هیران



﴿وێنەی ژمارە (٥٤) شارۆچکەی هیران ،لەرێکەوتی ٢٠١٦/١١/٢٢وەرگیراوە﴾

شارۆچکەی هیران بەدووری (٧٠کم) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، هەروەها بەدووری (٢٣کم) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هاوینەهەواری شەقڵاوە، وە بەشی باشووری زنجیرە چیای سەفینە و لە لەباکووریدا زنجیرە چیاو زوورگ هەیە، کەلە چیای کلاو قاسم درێژ دەبێتەوە، هیران هەڵکەوتووە جوگرافیەکەی و شوێنەکەی وای لێکردووە بەیەکێ لە هاوینە هەوارەکانی هەولێر بناسرێتو لەوەرزی هاوین بەهۆی داروبار و کانیاوە ئاوی سازگارو هەوافێنکەکەی و دەیان کەپرو شوێنی پشوودانی گەشتیاری لێ دروستکراوە، لە وەرزی زستان

لە کاتی بەفر بارین خەڵکێکی زۆر لەهەموو ناوچەکان سەردانی هیران دەکەن لەهەولێر و شارەکانی تری کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق و گەشتیارانی بیانی سەردانی دەکەن بۆ مەبەستی بەسەر بردنی کاتێکی خۆش[1].

## مەزاری شێخی هیران



﴿وێنەی ژمارە (٥٥) مەزاری شێخی هیران، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٨/١١ وەرگیراوە﴾

مەزارەکە لەسەر بەرزاییەکەلە ناوەڕاستی هیران کە چوار دەوری بەرزەو باغاتی میوە و دار بەڕووی بەرز داپۆشراوە. ئەم شوێنە گۆڕستانی شێخانی تەریقەتی قادریە. هەندێك جاریش پێی دەڵێن

[1] أقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات والسياحة، الهيئة العامة للسياحة، المديرية للسياحة ـ اربيل، ٢٠١٥، ص ٩٠.

مەرقەدی کاکی هیرا، تەکیەی هیران کەبابو باپیرانی سافی هیرانی لەژێر ئـەو گـردە لەناوئەشـکەوتی دەسـتکرد شـاردراونەتەوە. لەجـەژن و بۆنەئاینیـەکان و لـەکاتی وەفـاتی شێخەکانیشـدا، مەراسـیمی یکـری دەروێشـانی لا بـەڕێوە دەچـێت، هـەروەها شـوێنی شـەفاعەت و نـزاو پارانەوەیە لەخوای گەورە بۆگەیشتن بـەمرازو ئاواتیـان. لەناوباخـەکانی هیران، دەیـان کـەپری گەشـتیاری و شـوێنی پشـوودان بـۆ گەشـتیاران دروستکراوە، بۆیە لـەوەرزی هـاوین هـەزاران گەشـتیار ڕوولـە ناوچـەکە دەکەن [1].



﴿وێنەی ژمارە (٥٦) مەزاری شێخی هیران، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٨/١١ وەرگیراوە﴾

[1] حکومە أقلیم کوردستان ـ العراق، وزارة البلدیات والسیاحة، المدیریةالعامة للسیاحة ـ اربیل، الدلیل السیاحی (اربیل)، ص ٢٨ .

# نەخشی چیای هەریر



﴿وێنەی ژمارە (٥٧) نەخشی چیای هەریر، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٦/٢١ گیراوە﴾

دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر لەچیای هەریر، لەباکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی هەریر، (١کم) لەو شارۆچکەیەوە دوورە، نزیکەی (٥٠م) لەئاستی ڕووی زەوییەوە بەرزە، بەمەبەستی گەیشتن بەناوچەکە ڕێگایەکی هەورازو ناخۆش و سەختی هەیە بە پێیان بۆی دەچیت.

ئەم نەخشە یە لەناو چوار چێوەیەکی لاکێشەیی قووڵ کێشراوە لەڕووی شاخەکەدا هەڵکەندراوە، ئەم وێنەیە لە جنگاوەرێك دەچێ و لەناو چوار چێوەیەکی لاکێشەییدا هەڵکەندراوە بەنەحتی بارز کە

قوڵیەکەی (٤٠سم) دەبێت و بەرزی نەخشەکە نزیکەی (٢,٥م) دەبێت، جەنگاوەرەکە بەپێوە وەستاوە.. ڕووی کردۆتە لای باشوور قاچی چەپیشی بەرەو پێشەوە بردووە و دەستی ڕاستی بۆ ئاستی سنگی (بۆسلاو کردن)بەرز کردۆتەوە ڕمێکی درێژی بە دەستی چەپیەوە گرتووەو سەری ڕمەکە بۆسەرەوەیە و شریتێکی پێوەیە لەئاستی سەری بەرزترە و کۆتایی ڕمەکەی لەزەوی چەقاندووە. هەرچەندە هیچ جۆرە نووسینێکی لەسەر نەنوسراوە بۆ زانینی سەردەمەکەی، بەلام پیشت بەستن بەجۆری جلوبەرگ و کلاو و ڕمەکەی شوێنەوار ناسان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامە کە ئەم نەخشەیە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە[1].

(تێبینی دەکەم زۆرزیاتر گرنگی پێبدرێت لەوەی کەهەیە، بە داخەوە بەهۆی ناهۆشیاری هەندێك لەدانیشتوانی دەڤەرەکە لەسالانی رابردوو خەڵك بەردەوام گولەبارانیان دەکرد بەخۆی ئەمەوە زۆر بەی نوسینەکانی ڕەش بۆتەوە، هیچ گرینگیەکی پێنەدراوە بەهۆی سەختی شوێنەکەیەوە بە ئاسانی ناتوانیت بڕۆی بۆچیای هەریر و هەڵکەندراوە، بەلام دەتوانرێت پلیکانەی بۆ دروست بکەی تاوەکو گەشتیار بەئاسانی بتوانێت پێی بگات، وە دۆستانی شوێنەوارسەردانی دەکەن).

---

[1] دلشاد عەزیز زاموا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (٣)، سالی سێیەم، پایزی ٢٠٠٩، لا ٨٢ - ٨٣ .

# قەڵای خانزاد



﴿وێنەی ژمارە (٥٨) قەڵای خانزاد ، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٥ گیراوە﴾

قەڵای خانزاد دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەی هەریر بەدووری نزیکەی (٣کم) نزیك گوندی خراوتان، لەلای چەپی ڕێگای کۆنی نێوان هەولێرڕواندوز کەبە هەریر تێپەڕ دەبێت و ناسراوە بەڕێگای هاملتۆن.قەڵاکەلەسەر لوتکەی شاخێکی بەرز دروست کراوە کەجیا بۆتەوە لە زنجیرە چیای هەریر، بەهۆی برزیەکەیەوە بەئاسانی ناتوانیت سەربکەویت تەنها لەلای باشوری نەبێت. هاملتۆن دەربارەی ئەم قەڵایە دەڵی ﴿لەسەر لوتکەی شاخێکی زنجیرە چیای هەریر پاشماوەی قەڵایەکی کۆن هەیە بریتیە لە قەڵای میرزاد (خانزاد)

مێژوونوسان ئەم قەلآیە دەگێڕنەوە بۆسەدەی ١٠ك١٦ز﴾ لەو ماوەیەشدا هەریەك لە سولێمان بەگ کوڕی قولی بەگ و علی بەگ کوڕی سلێمان بەگ میر خانزاد بەشێوەی یەك لەدوای یەك فەرمانڕەویان تیا کردووە.

دروست کردنی قەلآی خانزاد دەگێرنەوە ماوەی فەرمانڕەوای سولێمان بەهۆی درێژی ماوەی فەرمانڕەوایکەی لەمیر نشینی سۆرانوە بونی هەریر بەپایتەختی میرنشینەکە لەم ماوەیەهەروەها بەهێز بوونی میرنشینی سۆران لەماوەی فەرمانڕەوایی سولێمان بەگ.

قەلآی خانزاد شێوەیەکی نارێکی وەرگرتووە ئەمەش بەهۆی سروشتی هەڵکەوتەی لوتکەی شاخەکەی قەلآکەی لەسەر دروست کراوە. قەلآی خانزاد پێك هاتووە لەشورایەکی پچڕ پچڕکەبەرزیەکەیان دەگاتە نێوان (٤٦ م) لەسەر لێواری لوتکەی شاخەکە لەلای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلآت جگە لەهەندێك پارچە شورای تر لەلای باشوور، ئەستوری ئەو دیوارانە (٥٠سم) درێژیە هەموویان نزیکەی (٤٠م) جگە لەو پارچە بەردە گەورانەی دەکەونە نێوان پارچە شوراکان.

سەرە ڕای بەرزی و درێژی قەلآکە پێنج قوللەی تێدایە کەدەکەونە لاکانی باکووری ڕۆژئاوا سێ قوللەیان لەپاڵ یەکتری دان و دەکەونە سەر لوتکەی شاخەکە بەلای باکوور یەکێکیان قەبارەکەی گەورەیە شێوەکەی لولەییە دەرگایەکی شێوە لاکێشەیی هەیە. قوللەی دووەم شێوەکەی هێلکەییە و لەدوونهۆم پێك دێت سقفەکەی بەشێوەیەکی

گومەزێکی تیژ گیراوە قوللەی سێیەم شێوەکەی نیمچە لاکێشەیە، بەڵام دوو قوللەی تر نوساون بەشورای لای رۆژئاوا یەکێکیان قەبارەکەی گەورەیە ئەوەی تر بچووکە شێوەیان نیمچە لوولەییە.


هەمووبەشەکانی قەڵاکە لە بەردی کلسی نارێك و گەچ دروست کراوە وەلای باشوری قەڵاکە چەندین پلیکانە لەشاخەکە هەڵکەندراوە بۆسەر کەوتن بۆسەرەوەی قەڵاکە[1].

(تێبینی دەکەم قەڵاکە نۆژەن بکرێتەوە بۆئەوەی لەفەوتان بپارێزرێت هەمەش وادەکات کە گەشتیاری زیاتر سەردانی ئەو قەلامێژۆیە بکەن و یادگاری خۆش تۆمار بکەن وەکو ئەو قەلامێژوویانەی کەلە وڵاتانی پێشکەوتوهەن، بەمەش وادەکات سرنجی گەشتیاری بیانی رابکێشێت زیاتر سەردانی بکەن و لەنزیکەوە ئاشنای بن ).

---

[1] زیادئەحمەد محەمەد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٠٢ ـ ٨٠٣ ـ ٨٠٤ .

# سەیرانگەی ماوەران



﴿وێنەی ژمارە (٥٩) سەیرانگای ماوەران، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٨/١١ گیراوە﴾

ئەم شوێنە لەباکووری خۆرئاوای شارۆچکەی شەقلاوەیە بەدووری (٢٠کم) لێوە دوورە، ئەم سەیرانگایە دەکەوێتە پشت چیای سۆرك، ئاوێکی سافو سازگاری هەیەزۆر سرنج راکێشە و دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە ئاوەکەی بەشێوەیەکی سروشتی زۆر جوان دێتە خوارەوە کاتێك گەشتیار رووله‌م سەیرانگایە دەکات بەودیمەنە ناوازەیە ئاشنادەبێت چێژێکی زۆری لی وەردەگرێت، بۆیە گەشتیارێکی زۆر لە باشورو ناوەراستی عێراق وناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆگەشت کردن ڕووی تێدەکەن[١].

---

[١] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدانی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقلاوە، هەمان سەر چاوەی پێشوو ، لا ٦٣ .

# سەیرانگەی هیران



﴿وێنەی ژمارە (٦٠) سەیرانگای هیران، لەرێکەوتی٢٠١٥/٤/٧ گیراوە﴾

سەیرانگای هیران بەدووری (٧٠کم) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاَتی شاری هەولێر. هەروەها بەدووری (٢١کم) دەکەوێتە ڕۆژهەلاَتی هاوینەهەواری شەقلاَوە، بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری لەدارو درەخت ومیوەجات و ئاووهەوایەکی فێنك سروشتێکی گەشتیاری وەرگرتووە، زیاتر لە (٥) کانیاو ودەیان باغی لێیە. دەیان کەپرو شوێنی پشودانی گەشتیارانی لێ دروست کراوە، لەوەرزی بەهاردا خەلك بۆ سەیران ڕووی تێدەکەن.

# سەیرانگای حاجی بایز



﴿وێنەی ژمارە (٦١) سەیرانگای حاجی بایز،لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٧ گیراوە﴾

دەکەوێتە سنوری شارۆچکەی شەقلاوە لەسەر ڕێگای شەقلاوە هەریرەوە دووری لەشارۆچکەی شەقلاوە (٥) کم ە بەدووری (٥٣) کم لەشاری هەولێرە، لەبەر جوانی دیمەنی سروشت و هەبوونی رێژەیەکی زۆری دارو سەوزایی شوێنەکە خەڵك لە بەهارانداڕووی تێدەکەن بەمەبەستی گەشت کردنبەتایبەتی خەڵکی شەقلاوە (١) ی ئایاری هەموو ساڵێك بۆ گەشت کردن ڕووی تێدەکەن[1].

[1] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدانی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقلاوە، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٦٤ - ٦٥ .

# سەیرانگەی تەوسکە



﴿وێنەی ژمارە (٦٢) سەیرانگای تەوسکە، لەرێکەوتی٢٠١٦/٣/١٥ گیراوە﴾

ئەم سەیرانگایە لەسەرووی دۆڵێکە و لەبناری چیای سەفینە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هاوینە هەواری سەلاحەدین بەدووری (١٥کم) بەرێگایەکی لاوەکی لەنێوان هاوینە هەواری سەلاحەدین و هاوینە هەواری شەقلاوە بۆی دەچێت ئەو سەیرانگایە دوو دار چناری بەرزی لێیە ئەستوری ئەم دار چنارە (٣،٥١سم)، تەمەنیان بە پێنج سەد ساڵ مەزەندەدەکرێن سەرە رای ئەمەش چەندین جۆری تری دارو درەختی خۆرسکی لێیە وای کردووە جوانیەك بە سەیرانگاکە بدات هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بە لێشاو لە مانگی ئادار رووڵەو سەیرانگایە دەکەن [1].

---

[1] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدانی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقلاوە، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا٦٧.

# سەیرانگای شێرە سوار



﴾وێنەی ژمارە (٦٣) سەیرانگای شێرە شوار، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٧ گیراوە﴿

ئەم سەیرانگایە کەوتۆتە سەر ڕێگای گشتی هاوینە هەواری (سلاحەدین= شەقڵاوە)دەکەوێتەبەشی باکووری هەولێر، (٣٥کم) لەهەولێرەوە دوورە، ١کم لەگوندی کۆرێوە دوورە، بەداستانی کۆڕێ ناسراوناوی ئەم سەیرانگایە لەوەهاتووە شێرەسوار یەکێك بووە لەدانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەسەر دەمی (سەلاحەدینی ئەیوبی) ژیاوە بەژداری لەئازاد کردنی شاری (قودس) کردووە، لەبەر لێهاتوویی و ئازایەتی وسوار چاکی، نازناوی شێرەسواری لەلایەن (سەلاحەدینی ئەیوبی) پێ بەخشراوە. پاش ئازاد کردنی شاری (قودس) گەڕاوەتەوە

**ناوچـەی خـۆی و ئـەم شـوێنەی هەلبـژار دووە وەك هاوینــە هــەوارێك، لەسـاڵی ١٩٩١ لەداسـتانێکی بـێ وێنـەدا ڕژێمـی سـەدام لـەم شـوێنەدا تێکشکا، کەبـە شـەری کـۆڕێ بەناوبانگـە، تـاوەکو ئیسـتا ئـەم دەبابـە تێکشکاوەکان لـەم شـوێنە مـاون بونەتـە هێمـای خـۆ ڕاگـری و دەسـت پێکی مێژوویەکی نوێ بۆ کورد. وەلەبەرامبەری چێشتخانەیەك دروست کراوە کە دەبابـەکان بەرامبەریـەتی، سـەیرانگای شێرەسـوارلەبەهاراندا هەزاران هاوڵاتی بۆسەیران وگەشت کردن ڕوولەسەیرانگاکە دەکات [1].**



﴿وێنەی ژمارە (٦٤) سەیرانگای شێرە شوار، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/٧ گیراوە﴾

---

[1] نادر روستی، گەشت و گوزار نەوتی ئایندەی کوردستانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، لا [١٩٧] .

# ڕواندز



❁وێنەی ژمارە ( ٦٥) شارۆچکەی ڕواندز، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ وەرگیراوە❁

ڕوانـدز کەوتۆتـە ناوچـەیەکی سـەخت وشـاخاوی کەلەهەرچـوارلاوە بەچـیادەورە دراوە سـەربەقەزای سـۆرانە، ( ١٢٠ ) کـم لەڕۆژهـەلاتی هەولێرەوە دوورە کەوتۆتەنێوان ڕێگـای ئێـران وهـەولێر، ئـەوەی زیـاتر جـوانی بەشـارەکە داوەدەکەوێتـەنێوان دوو دۆڵی گـەورەوقول کـەپێ ی دەڵێن (خەرەنـد) ، ئـەوەی ڕۆژهەڵاتیان(خەرەنـدە) ئـەوەی ڕۆژ ئـاواش پێی دەڵێن (خارە ڕەش) سنورەکەی لە باکوورەوە کێڵـە شـینی شـنۆ، هـەروەها چـیای زۆزك وحەسـەن بـەگ و برادۆسـت لەڕۆژهـەڵاتی زێـی

پشدەر چیای هندرێن لەرۆژئاواش زێی بادینان گۆرەتوو چیای باڵە کیان لەباشوریش چیای کۆرەك وئارموشەو بێخاڵە. ئاوهەوای ناوچەکە دەکەوێتە ناوچەی ئاووهەوای دەریای ناوەراست کەلەهاوین مام ناوەندە فێنکە لەزستانیش ساردو باراناویە[1].

ناوچەی رواندز دەولەمەندە بەبوونی ژمارەیەکی زۆری شوێنی گەشتیاری هەرچەندە ناوچەکە خۆی لەخۆیدا هەمووی شوێنی گەشتیاری وسرنج راکێشە بەهۆی بونی رواڵەتی چیاکان و دڵ وشێوەی زەوی ئاوو هەوا پۆشاکی رووەکی و دەرامەتی ئاو...هتد ، وای کردووە کەببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری رێژەیەکی زۆر لەگەشتیاران لەدەرەوەی هەرێم و شارەکانی عێراق و کوردستان بەمەبەستی گەشت کردن لەوەرزی بەهارو هاوین سەردانی ناوچەکە دەکەن و بەشەویش دەمێننەوە[2].

---


[1] محمد مەلا کەریم، لەبارەی ریشەیی ناوی رەواندز، گۆڤاری رەنگین، ژمارە٧٠، ساڵی١٩٩٤، لا٢٥.

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٤/٧/٢٣ .

## جوگرافیای ڕواندز

ڕواندز لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزیەکەی (٧٠٦) مەترە، پانیەکەی (٠٣, ٠٧، ٣٦) , درێژیەکەی (٥٧، ٣١، ٤٤) بەرزیەکەی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت بەهۆی بەرزی و نزمی شارەکە. زەویەکانی سنووری قەزای ڕواندز لەنێون چیاکان دایە نیمچە شاخاوین، زەویەکان بچووك بچووکن گەورەترینیان لە (٤٠) دۆنم تێپەر ناکات کەشیاون بۆچاندن، ڕووبەری زەوی دێمی (٢٥٥١١) دۆنمە، هەروەها ڕووبەری زەوی ئاوی (٢٠٧٠٧) دۆنمە زەویەکان زیاتر گڵە سۆرن بەشێکی تێکەڵاوە، ڕێژەی باران بارین لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێ لە ٤٠٠ ملم تاوەکو ١٢٠٠ ملم باران دەبارێت لەم ساڵانە باران کەم بووە بەڵام لەساڵی حەفتاکان و هەشتاکان باران دەگەیشتە ١٢٠٠ملم، ئاووهەوای زستانی ساردەو هاوینی گەرم و هەندێ جێگای مامناوەندییە[1].

[1] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨ ـ ٤١ .




﴿نەخشەی ژمارە (٣)، قەزای ڕواندز﴾

## مێژووی رواندز



﴿وێنەی ژمارە ( ٦٦) شارۆچکەی ڕواندز، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٢/٧ وەرگیراوە﴾


مێژووی دامەزراندنی ڕواندز دەگەرێتەوە بۆ (١٥٠) ساڵ پێش ئێستا (محمد پاشا) یەکێك بوو لەمیرەکانی ئەمارەتی سۆران وەئەم شوێنەی دیاری کردلەبەر بەرزی شوێنەکە وەدەوروپشتی بەدۆڵی قوڵ لەدوولاوە گیراوە شوێنێکی گونجاوە بۆپاراستنی لەهێرشی دووژمنان [1]، بۆیە یەکێك بووە لەپایتە ختەکانی میرنشینەکەی، تا ساڵی (١٩٨٠) چەندین قائیمقام ئیدارەی ئەم شارەیان بەرێوە بردووە [2].

---

[1] عبدالله غفور، فەرهەنگی مێژووی کوردستان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ٨٣ .

[2] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٣٧ .

# خەرەند



﴿وێنەی ژمارە (٦٧) خەرەند، لەرێکەوتی٢٠١٢/٦/١٥ گیراوە﴾

شـوێنێکی هەڵکـەوتوی سروشـتی جوانـە دەکەوێتـە نێـوان زنجـیرە چیاکانی هەلگورد وشاری ڕواندز لەسـەر ڕێگـای سـۆران و ڕوانـدوز ئـەم شــوێنە دوو ئـاوی جیـاوازن لەیـەکتری ئـەویش بـەم شـێوەیە دیـوی سەرەتاکە دەکەوێتە ناو گوندی کاولۆکان پێی دەلـێن خەرەنـدی خـارە ڕەش دیوەکەی تریشی دەکەوێتە لای شاری ڕواندز پێی دەڵێن خەرەند سروشـتێکی جـوانی هەیـە زۆرێـك لـە گەشـتیاران بـۆ بینینـی سـەردانی دەکەن[1].

[1] الهئةالعامة للسياحة، الدليل السياحى اقليم كوردستان، المصدرالسابق، ص ٥٣ .

# تۆپەکەی وەستا ڕەجەب




﴿وێنەی ژمارە ( ٦٨) تۆپەکەی وەستاڕەجەب، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٥ گیراوە﴾

**ئەم تۆپەلەلایەن وەستارەجەب لەسەردەمی (میر محمد) لەساڵی (١٨١٣ـ١٨٣٧ز) لەڕواندز دروست کراوە، زیاتر لە(٢٢٢) دانە تۆپ دروستکراوە[1]، تۆپەکە نەخشی ئایەتی قورئانی (نصرمن الله وفتح قريب) لەسەر نوسیوە لەگەڵ وشەکانی (عمل أسط رجب صنح فی رواندوز ١٢٤٤ﮪ، ماشاءالله) و (١٢ ٣) بەڵام دوای سەرکەوتنی میر بەسەر بابانەکان لەناوچەکانی حەریر کۆیە ڕانیە میر فەرمانی دەرکرد بەدروست کردنی تۆپی تازەو نەخش کردنی بەدەستەواژەی (نصر من الله فتح قريب)، میر منصور محمد بك متصرف ڕواندز و کۆیە و حریر.**

[1] دلزار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ١٢٤ .

دژی ئەو دەستەواژەی لەلایەن بابانەکان باو بوو مکان بابان فی کویی و حریر. لەساڵی ١٩٢٦ ز سێ دانە لەتۆپەکانی وەستا ڕەجەب لـەڕووباری ڕوانـدز دۆزرانـەوە، لەسـاڵی ١٩٦٧ز دوو دانـە لەوتۆپانـە گواسـترانەوە لەڕواندزوە بۆ مۆزەخانەی سـەربازی لەشـاری بەغدادکەدرێژیەکـەی (١، ٥م) ئەوەیتریشیان لەڕواندوز ماوە[1]. میر محمد پاشا بۆ فـراوان کردنـی سنوری میرنشینەکەی لەکارگەکەیداجگەلە چـەك و تەقەمـەنی شمشـێرو خەنجـەرو کـەل و پـەلی ناومـاڵ و ڕاکێشـانی سـکەی دراوی لێ دروسـت دەکرد[2].



﴿وێنەی ژمارە (٦٩) تۆپەکەی وەستاڕەجەب، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٤/١٥ گیراوە﴾

[1] زیاد احمد محمد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٨١١.

[2] طه باقر و فواد سفر، المرشید الی مواطن الاثار والحظارة الرحلة الخامسة بغداد ـ اربیل، بغداد، ١٩٩٦، ص ٢٤

# قەڵای پاشای گەورە (ئیچ قەڵا)



﴿وێنەی ژمارە (٧٠)  قەڵای پاشای گەورە (ئیچ قەڵا)، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/١٨ وەرگیراوە﴾

ئیچ قەڵا دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی سۆران ڕواندز لەسەر گردێکی سروشتی دروست کراوە، دەکەوێتە باکووری شاری رواندز، ئامانجی سەرەکی دروست کردنی ئەم جۆرە قەڵایە لەناوشار بۆپاراستنی میرو خانەوادەکەیەتی لەهەر مەترسییەکی ناوەخۆیی و دەرەکی [1].

[1] نادر ڕۆستی، گەشتێك بۆ گەشت و گوزار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٨ .

مـیر محمـد لـەدوای وەرگرتنـی دەسـەڵات لەسـاڵی ١٢٢٨ك١٨١٣ز هەسـتا بەدروسـت کردنـی، قەڵاکـە لـە دوو نهـۆم پێـك هـاتووە، نهـۆمی خـوارەوە لەکۆگایـەکی ئـاوی سـارداو پێـك هـاتووە، کـە شـێوەکەی لاکێشـەییە و ١٤ ×٣,٥٠ درێـژو پانـە، بـەکاریز ئـاوی لەچـیای زۆزك بۆهـاتووە، نهـۆمی سـەرەوەی لەچـەند ژورێـك و قولیـەی بـەرگری پێـك هاتووە، قەڵاکە بەشێکی زۆری رووخـاوە تـەنها بەشـێك لـە دیوارەکـانی ماوە.

زۆرێك لەقایم کـاری لەڕوانـدوز وەك دروسـت کردنـی شـوراو قوللـەی چاودێری دروست کردنی ئیچ قەڵا لەم شوێنە بەئامانجی دامرکاندنەوەی نا حەزەکان و پاراستنی کارگەو کۆگاو تەقەمەنی و پاراسـتنی کۆشـکی میرو بەهۆی ستراتیژی شوێنی ئـیچ قـەڵا دەڕوانێتـە سـەر ئـەم شـوێنە. کاتێك بەسەر ئەم شوێنە بەرزە دەکەوی کەقەڵاکـەی لیَ دروسـت کـراوە نزیکـەی ٥٠ م دەبـیَ، هـاملتۆن لەباسـی ئـەم قەڵایـە دەڵـیَ: لەڕوانـدوز لەسەر گردێکـی شـێوە چـیایی بـەرز قەڵایـەك دروسـت کـراوە کـەدەڵێن پاشـای کـۆرە دروسـتی کـردووە فـەرمانڕەوایی ڕوانـدوز و هـەموو کوردستان. لەبەشی خوارەوەی قەڵاکـە کۆگایـەکی گـەورەی ئـاو هەیـە کاتێك بینیم لە هاوین پر بوو لەئاو.

هێلکاری قەڵاکـە بەشـێوە چـوار گۆشـە ییـە درێـژی هـەردوو قـەڵای بـاکوور و باشـووری ١٦، ٥٠ م درێـژی هـەردوو لای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا ی١٧، ٥٠م ئیچ قەڵا بەتەواوی ڕووخاوە جگەلەشورای بەشی بـاکووری و

باناغەی دیوارەکانی و بەشەکانی قەڵاکە. ئەو بەشە شورایەی کەماوە بەرزیەکەی نزیکەی (٥م) لەوانەیە لەسەرتادا بەرز تربێتو ئەستوری دیوارەکەی ١، ٦٠ م بەهەمان شێوەی قەڵاکانی تری میر نشینی سۆران.

کونەمەتەرێزی هەیە لەشورای قەڵاکە و پێوانەکەی لەدەرەوە ١٠×٢٠سم لەناوەوە ٤٠×٤٠سم قەڵاکە دەروازەی هەبووە دەکەوێتە بەشی باشووری قەڵاکە سەردانێکی گەورەی ئاو هەیە شێوەکەی لاکێشەییەپێوانەکەی ١٤×٣،٥٠م سەقفەکەی بەشێوەی گومەزی نیمچە وولەیی دروست کراوە[1].

(تێبینی دەکەم ئەم قەڵایە نۆژەن بکرێتەوە چونکە کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگی وەکو رواندز سۆران ئەو ناچەیەش شوێنێکی گرنگی گەشت و گوزاری پارێزگای هەولێرە، سەرەرای ئەمەش وادەکات مێرنشیی سۆران و دەسەلاتەکانی لەرێگەی ئەم قەڵایە مێژوویە بەگەشتیاران بناسێنرێت).

[1] زیاد احمد محمد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٨٠٨- ٨٠٩.

# هاوینە هەواری گەلی علی بەگ



﴾وێنەی ژمارە (٧١) هاوینەهەواری گەلی علی بەگ، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٤ گیراوە﴿

یەکێکە لەناوچە گەشتیاریەجوان و دڵگیرەکانی پارێزگای هەولێر، گەلی علی بەگ (٩٥)کم لەناوەندی پارێزگای هەولێرەوە دوورە، ئەم تاڤگە جوانە لەسەر دراوی عێراق وێنەی کێشراوە کە لەبەرزیەکەوە بەخوڕ دێتە خوارێ لەپێشەوەی شوێنێکی گەشتیاری سەردەمیانە رێکخراوە بۆ گەشتیاران، پێوانەی گەلی علی بەگ (١٢)کم لەلێك ترازانێکی سروشتی نێوان هەردوو چیای ڕواندوز ولەبەری خۆرهەڵات و برادۆست لەبەری خۆرئاوادا دروست بووە دۆڵەکە زۆری بەدارو درەخت داپۆشراوە لەگەڵ چەند تاڤگەیەکی بچوك، لەبەهارانیشدا کۆمەڵێك

تاڤگە دەتەقنەوە بەتاڤگەی کانی ماران ناسراون. لەناو گەلیدا هەرسێ ڕوو باری ڕواندوز و سیدەکان و خەلیفان یەك دەگرنەوە و ڕووباری بێخمەی لێ پێك دێت و تێکەڵ بەزێی گەورە دەبن. بەشێوەیەکی زۆر جوان دیزاینی بۆدروست کراوەگەشتیاران دەتوانن لێی بمێننەوە، بەدرێژایی ئەم گەلیە چێشتخانەو گازینۆ و دووکانی میلی وکۆشکی تێدایە کەخزمەت گوزاری سەرەتایی پێشکەش بەگەشتیاران دەکەن [1].



﴿وێنەی ژمارە (٧٢) هاوینەهەواری گەلی علی بەگ، لەرێکەوتی ٤/٧/٢٠١٥ گیراوە﴾

[1] حکومەأقلیم کوردستان ـ العراق، وزارة البلدیات والسیاحة، الهیئة العامة للسیاحة، المدیریه العامه السیاحه، الابیل، مدیریەسیاحه سوران، ٢٠١٤، ص ٤.

# هاوینەهەواری جوندیان



﴿وێنەی ژمارە (٧٣) هاوینەهەواری جوندیان، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٤ گیراوە﴾

هاوینە هەواری جوندیان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ڕواندز، (١٤٧کم) لەناوەندی ش+اری هەولێرەوە دوورە، بەرلەوەی بگەینە شارۆچکەی رواندوز بەدووری (٥کم) بەم هاوینە هەوارە دەگەین، فراوانی شوێنەکەی نزیکەی (١٣٠٠)مەتر دووجایە، کانیاوێکی سازگاری ئەم ناوچەیە لەدامێنی چیای هەندرێنە، جوندیان بەم کانیە سرنج ڕاکێشە ناوبانگی دەر کردووە کەلەقوڵایی ئەم ئەشکەوتە وە دێتە دەرێ ئاوێکی سازگاری ساردو سروشتێکی جوانی بەم ناوچەیە داوە[1].

جوندیان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جوانکاری بۆکراوە

[1] Kurdistan Regional Government, 2013, p.17-19 .

تەواوی ئەم هاوینە هەوارە بەدارو درەخت داپۆشراوە چەندان کافتریاو چێشتخانەی گەشتیاری و میللی تێدا یە سالآنە گەشتیاران بەشێوەیەکی بەرفراوان لەهەرێمو ناوەڕاستی عێراقەوە ڕووی تێدەکەن، شوێنی (٤٠٠) هەزار گەشتیار دەبێتەوە، ناوی جوندیان لە گوندی دیانەوە هاتووە [١].

## هاوینە هەواری بێخاڵ



﴿وێنەی ژمارە (٧٤) هاوینە هەواری بیخاڵ،لەرێکەوتی٢٠١٥/٥/٢٢ گیراوە﴾

بێخاڵ (١٠٥کم) لەناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هاوینە هەواری گەلی علی بەگ، (٥ کم) لەڕۆژئاوای شاری

---

[١] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ١٩ / ٢ / ٢٠١٥ .

ڕواندز دووره[1]، بەدوو ڕێگای قیرتاو کراو دەگەیتە ئـەم هاوینەهـەواره، یـەکێکیان لەناوەڕاسـتی گـەلی علـی بـەگ و ڕێگایـەکی لاوەکـی بـەرەو ڕۆژهەلأت تا دەگینە شاری ڕواندوز لەوێشەوە بۆهاوینە هەواری بێخـالّ، تاڤگەی بێخالّ کانیاوێکی بەخوڕ لەقـەد پـالّی شـاخێك هەلّـدە قولّێـت و بەپەرش و بلأوی بەشاخەکە دێتە خوارەوە دیمەنێکی سـەرەنج ڕاکـێش دەبەخشـێ بەناوچـەکە، شـوێنەکە فراوانـی (٤٤٥٠م) دووجایـە، ڕۆژانـە گەشــتەوەران لەســەرتای وەرزی بــەهارو کۆتــایی وەرزی هــاوین ڕووی تێدەکەن، پلەی گەرمی لەوەرزی هاوین (٣٢) پلەی سـەدی زیـاتر بـەرز نابێتــەوە، بێخــالّ هاوینــە هــەوارێکی وەرزییــە، تــەنها وەرزی بــەهارو هاویندەبێتــە مەلّبەنــدی گەشــتیاران. ســەیرانگای بێخــالّ بــەبڕیاری حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان پرۆژەیــەکی نــاوازەی لیّ دروســت کراوەبەشێوازێکی مۆدیرن و سەردەمیانە یە ئەم پرۆژەیـە وای کـردووە ئـەو سروشـتەی کـە بێخـالّ هەیـەتی زۆر بـەجوانی دەر بکـەوێت، وە دروست کردنی چێشتخانە و مۆتیل و کافتریا پارکی وەستانی ئۆتۆمبیل بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەمەش وای کردووە زیاتر جـوانی سـەیرانگاکە دەر بکەوێت و سنجی گەشتیاران ڕابکێشێ[2].

---

[1] حکومة اقلیم کوردستان، وزارة البلدیات والسیاحة، السیاحة في کوردستان نبع من دُرر، ص ٢٢.

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ١٩ / ٢ / ٢٠١٥ .

# دۆڵی مەلەکان



﴾وێنەی ژمارە ( ٧٥) دۆڵی مەلەکان، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٦/٣٠ گیراوە﴿

**بەدووری (٢٥کم) دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی خەلیفان لە دامێنی بەشی باشووری زنجیرە چیای کۆڕەك، (١٠٥کم) لەشاری هەولێردوورە. لە دۆڵێك هەڵکەوتووە کە ئاوی پێدا دەڕوات و چەند شوێنێکی گەشتیاری و پشودانی لە خۆگرتووە کە بە دارو درەختی سروشتی و رەزو باخچە داپۆشراوە، ژمارەیەك گوندی کلتوری لەخۆگرتووە، ناوچەکە دیمەنێکی سروشتی جوان و ڕازاوەی هەیە**

خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن لەناو چە جیاجاکان بۆگەشت کردن و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش [1].

## دۆڵی ئالانە



﴿وێنەی ژمارە ( ٧٦)  دۆڵی ئالانە، لەرێکەوتی٦/٣٠ /٢٠١٤ گیراوە﴾

ئەم شوێنە نزیکەی (١٥ کم) لە باشووری خۆر هەڵاتی شارۆچکەی خەلیفان و لەسەر ڕێگای (خەلیفان ـ بالیسان) ە تەنگە بەرێکە ڕووباری ئالانەی پێدا دەڕوا ت، چەند کەپرو شوێنی خیزانی بۆ گەشتیاران لەسەر کەناری چەمەکە دروست کراوە [2]، ئەم سەیرانگا یە خاوەنی

[1] گۆڤاری دنیای گەشت و گوزار، ژمارە ( ٢ ـ٣ )، ئەیلولی ٢٠١٠، لا ٢ .

[2] هێرش محمد رەسول، ڕەگ چەند بنچینەیەکی ژینگەیی گەشتیاری، هەلێر، ٢٠١٤، لا ٨٢ .

كەش و هەوا یـەكی سروشـتی جوانـە بۆیـە بـۆ گەشـت و گـوزار زۆر لـە بـارەو سـالأنە ژمارەیـەكی زۆری گەشـتیاری نـاوەخۆیی بیـانی رووی تێدەكەن، بۆپێشوازی كردن لە گەشتیارانیش چەندین كەپری سادەیان دروست كردووە بۆ ئەوەی كاتێكی خۆشی لی بەسەر ببەن [1]. (تێبینـی دەكەم زیاتر گرنگی زیاتر بەو سـەیرانگایانە بـدرێت وەك ڕێگـەو بـان و خزمەتگوزاری گەشتیاری و ناساندی ئەم سەیرانگایە).

# سەیرانگەی بێرۆیان



﴿وێنەی ژمارە(٧٧ ) سەیرانگای بێرۆیان، لەرێكەوتی ٢٠١٦/٩/٧ گیراوە﴾


دەكەوێتە ڕۆژهـەلاتی ڕوانـدوز لـەنێوان زنجیرە چـیاكانی هنـدرێن و كـۆرەك، ئـەم سـەیرانگایە پێـك دێـت لەڕووبـەرێكی پانتـاوی فراوانـی

---

[1] گشتێكی مەیدانی لەرێكەوتی ٢٢ / ٧ / ٢٠١٤ .

سـەوزدا، دارودرەخـت ولەگـەڵ بـوونی ڕووبـاری بێرۆیـان کـەڕووبارێکی وەرزیـە لەزسـتانان تـاوەکو بـەهار دەمێنێتـەوە لـەوەرزی هـاوین وشـك دەبێـت، لـەوەرزی بـەهار خـەلکێکی زۆر ڕوولـەو سـەیرانگایە دەکـەن بەتایبــەتی لــەو ڕۆژانــەی کەخــەلکی شــاری ڕوانــدز و گونــدەکانی دەوروبەری لەڕۆژانی نەورۆز تاشەوان دەمێننەوە [1].

# سەیرانگەی گەلی ئاکۆیان



﴿وێنەی ژمارە (٧٨) سەیرانگای گەلی ئاکۆیان، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٩/٧ گیراوە﴾

بەدووری (١٦ کم) دەکەوێتەڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ڕواندز، نزیکـەی (١١٠کم) لەشاری هەولێر دوورە، بەرزی ئەم ناوچەیە لەئاستی ڕوودەریا

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٧ / ٩/ ٢٠١٦ .

(٩٨٠)م، شوێنەکەی دەکەوێتە نێوان گوندی ئاکۆیان وگوندی فەقیان ئەم سەیرانگایە لەشێوەی دۆڵ درێژ دەبێتەوە لەنێوان دوو چیا، وەچەندین دارو درەختی خۆرسکی وەکو (دار گوێز، چنار، سپیندار، دار بی) و سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدایە دیمەنێکی جوانی بەناوچەکەبەخشیوە[1]، لەوەرزی هاویندا لەمانگی تەمووز پلەی گەرمی دەگاتە ٢٥ پلەی سەدی گەشتیارێکی زۆر ڕوولەم سەیرانگایە دەکات، لەسالی ٢٠٠٦ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدروست کردنی ڕێگەیەك بۆ گەلی ئاکۆیان بووە هۆی ئەوەی کەڕۆژانە لەوەرزی هاوین و بەهار گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەو سەیرانگایە بکەن [2].

(تێبینی دەکەم چەندین مۆتیل وکافتریا و ریگای هاتوو چۆی باشتر بکەن و یاخود پارکی وەستا ئۆتومبیلی بۆدروست بکەن، نەوەك هەیچ بنەمایەکی گەشت و گوزاری تێدا بەدی ناکەی).

[1] دازار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ١٤٨ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/٩/٧، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# هاوینەهەواری وەرتێ



﴿وێنەی ژمارە ( ٧٩) هاوینەهەواری وەرتێ، لەرێکەوتی٢٢/٥/٢٠١٥ گیراوە﴾

وەرتێ سەر بەشارۆچکەی ڕواندزە، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر بەدووری (١٥٢ کم)، لەقەزای رواندز (٣٦کم) دوورە، لەقەزای سۆران (٤٠کم) دوورە، وەرتێ لە ناو دیمەنێکی جوانی سورشتی رازاوە بە دارو درەخت و چیاو بەرزایی دەورە دراوە، دەکەوێتە دۆڵاییەك چەندین گوند لە خۆ دەگرێت وەك گوندی سولێ زێوێ وەرتێبەرۆژهەواری مەکێ، هەرکە دەگەیتە گوندی وەرتێ هاژەی ئاو و ڕووبار لوتکەی چیای بەرز وهەبوونی ژمارەیەکی زۆری دارو درەخت وسەوزایی، وای کردووە ژمارەیەکی زۆری گەشتیارانی ناوەخۆی کوردستان و عێراق وخەڵکی بیانی سەردانی بکەن بەپەرۆشن

بۆی، بەڵام ئەوەی جیگەی سرنجە بۆهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەو سەیرانگایە وەك نەبوونی شوێنی وەستانی ئۆتوبیل و مۆتیل و خواردنگەی مۆدیرن وە چەندین خزمەتگوزاری تری تایبەت بەناوچە گەشتیاریەکان وای کردووە لە ئاستی ئەو شروشتە جوانە نیە بۆیەتیبینی دەکەم لەداهاتوو بتوانرێت سود لەو توانا گەشتیاریەی ئەو سەیرانگایە دلگیرە وەربگیرێت [1].

## هەوارگەی پانکی گەشتیاری




﴾وێنەی ژمارە (٨٠ ) هەوارگەی پانکی گەشتیاری، لەرێکەوتی٢٠١٣/٦/١٥ گیراوە﴿

هەوارگەی پانك بەدووری یەك کیلۆ مەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی ڕواندز بەدووری (١٠٨) کم دەکەوێتە باکووری شاری

---

[1] جەمال نەبەز،الامیر الكردی میر محمد الرواندزی الملقب ب (میری کۆرە)،ترجمة: فخری شمس الدین سیلاحشۆر، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٣ . لا٢٣ .

هەولێر، دەکەوێتەسەر چیای پانك لەسەر تاڤگەی بێخالْ ڕووبەرەکەی دەگات لەشوێنێکی بەرزە لەپانتاییەکی فراوان دروست کراوە کە (١١٠٠) مەتر لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ئەم هەوارگەیەدەورەدراوەبە (چیای هەندرێن و کۆڕەك)، دووریەکەی لەهاوینە هەواری جوندیان (٥کم) دوورە، بەرزترین پلەی گەرمی لە هاوین دەگاتە (٣٥) پلەی سەدی، هەوارگەکە ڕووبەری (٣٢٥٩) هەزار مەتر دووجا یە لە (٤٠٠) دۆنم زیاترە.

ئەو هەوارگەیە بەسێ قۆناغی جیاواز دەستی پێکردووە لەقۆناغی یەکەم لەچەند بەشێکی گرنگ وەك کۆگاو هۆڵی کۆنفرانس و کۆبونەوەو پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل و ڕێستوڕانتێکی پلە نایاب کافتریایەك لەگەڵ هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە و مەلەوانگەو شاری یاری و هۆڵی وەرزش و چایخانەو دووکانی شتومەك، (٧٤) ڤێلا بەهەموو پێدا ویستیەکان لەگەڵ ٦ ڤێلای سەرۆکایەتی لەسەر شێوازی ئەورووپی دروست کراوە، لەقۆناغی دووەم دەگاتە (٤٥٠) ڤێلا، قۆناغی سێیەم چەندین پرۆژەی گەشتیاری گرنگی لێ دروست دەکرێت، شایەنی باسە ئەم پرۆژەیەلەلایەن کەرتی تایبەت دروست کراوە لەلایەن (حازم کوردە) کەخەڵکی ڕواندوزە [1].

---

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەخێر بێن بۆ کوردستان، ٢٠١٥،لا ٦٣ .

# تەلەفریکی کۆرەك



﴿وێنەی ژمارە (٨١) تەلەفریکی کۆرەك، لەرێکەوتی١٥/٢/٢٠١٥ گیراوە﴾

بەدووری ١١٠کم دەکەوێتە باکووری خۆر هەڵاتی شاری هەولێر، پرۆژەی دروست کردنی تەلەفریك لەنێوان لوتکە چیای کۆرەك و دەڤەری ڕواندوز دروست کراوە. بۆ ئەوەی گەشتیاران بتوانن بەهۆی تەلەفریك سەردانی سەرلوتکەی چیای کۆرەك بکەن و کاتێکی خۆش لەمیوانخانانە ولەگازینۆکانی سەرلوتکەی کۆرەك بەسەر ببەن، لەگەڵ پرۆژەکە دروست کراوە، وە ٣٧ مۆتیلی ئاست جیاوازی لێ دروست کراوە بۆ مانەوەی گەشتیاران. چیای کۆرەك دیمەنێکی سرنج ڕاکێشی هەیە و پلەی گەرما لەهاوین زۆر نزمە دەگاتە٢٥پلەی سەدی ولە زستان بەفرێی زۆری لێ دەبارێتدەچێتە ژێرسفربەرزترین لوتکەیە لەدەوروبەری ڕواندوز، کەدەڕوانێتە سەردەڤەری ڕواندوز و سۆران

ومێرگەسوور خەلیفان ودۆلی ئالآنەودۆلی ئاکۆیان [1]. بەرزایەکەی (٢١٢٧م) بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە، لە ڕوانگەی گەردونناسی یەوە لەسەر بەرزایی چیای کۆرەك پەیکەرێکی بەرزی ئاسنینی خڕی لێیە کەبڕ یاروابوو بکرێت بەیەکێك لە گەورەترین ڕوانگەی گەردونناسیەکانی جیهان.ئەم پیکەرە لەساڵی ١٩٧٢ لە لایەن ڕژێمی ئەوکاتەی دەوڵەتی عێراقیەوە فەرماندرا بەدروست کردنی.

وەپێویستە ئەم گەردونناسیە پشت گوی نەخرێت، هەوڵ بدرێت ئەم پرۆژەیە دووبارە زندوو بکرێتەوە تا لە بەرزایی چیاکانی کوردستان وە چاو دێری ئەستێرەکان و ئاسمان و ڕێگاکان بکرێت. پرۆژەیەکی لەوجۆرە بلکێندرێت بەسەنتەرێکی لێکۆلینەوەی فیزیایی وگەردونی و زانستی و بۆشایی گەری ئاسمانی سەربەزانکۆی (سەلاحەالدین) لەشاری هەولێری پایتەخت کەئەمەش دەبێتە داهێنان و ڕاکێشانی زانایان و فەلەك ناسانی رۆژهەلآتی ناوەراست و جیهان، هانیان دەدات بۆهاوکاری کردنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە، وەدەبێتەسەنتەرێکی زانستی لەسەرتاسەری ڕۆژهەلآتی ناوەراست [2].

---

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەخێر بێن بۆ کوردستان،هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٤ .

[2] قادرباوەجان، گەشت و گوزار گەشتێکی مەیدانییەبەچیاکانی کوردستاندا،هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٢٥٠ ـ ٢٥١ـ ٢٥٢ .

# سۆران



﴿وێنەی ژمارە (٨٢) سۆران، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٧ وەرگیراوە﴾

قـــەزای ســـۆران یەکێکــە لەقـــەزا گـــەورەکانی پارێزگـــای هـــەولێر کەسنورێکی گەورە و پانتایەکی زۆری داگیر کردووە لەو ڕووبـەرەی کـە پارێزگـای هـەولێر هەیـەتی، دەکەوێتـە بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی پارێزگـای هـەولێرە وە، (٩٥کـم) دوورە لەسـەنتەری پارێزگـای هـەولێر، (٧کـم) لەشارۆچکەی ڕواندز دوورە، هەروەها کەوتۆتە نێوان زنجیرە چیا کـانی (ئیران، زۆزك، حەسـەن بـەگ، برادۆسـت، کـۆرەك). دوو ڕووبـاری پێـدا تێپەر دەبێت.

یەکـەمیان لـە خـاڵی سـنوری حـاجی ئۆمـەران و دوومیـان لـەخاڵی سنوری (مێرگەسۆر)، هەروەها (قەزاکانی ڕواندوز، چۆمان، مێرگەسـۆر، گشت ناحیەو گوندەکانیان) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ساڵانە بەهـەزاران گەشـتیار ڕووی تێـدەکات، لەناوەڕاسـتی عێـراق و وڵاتـانی دراوسـێش، ئەمەش زیاتر بەهۆی دڵڕفێنی ئەو هاوینە هەوارانە [1].

## جوگرافیای سۆران

شوێنی جوگرافیای سـۆران لەپانتایـەکی ڕووتـەخت و بانـەکان پێـك هـاتووە، دەکەوێتـە بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی شـاری هـەولێر تـەنها ١٢٠کـم لەهەولێرەوە دوورە، هەروەها دەکەوێتە نێوان کێوە بەرزەکانی کۆرەك لە ڕۆژهەڵات و گۆرەز و حەسەن بەگ لەباکوور و برادۆست لـەڕۆژ ئاوالـە باشووریش کێوی هەندرێنـە، ڕێگـای گشـتی هـاملتۆن لەهـەولێرەوە بـۆ حاجی ئۆمەران کەلەساڵی ١٩٢٨ تـا١٩٣٠ لـە لایـەن ئەنـدازیار هـاملتۆن درێژ کرایـەوەو قـەزای سـۆران لـەت دەکـات، قـەزای سـۆران دەکەوێتـە دەشتێکەوە کە بە چیاکانی (زۆزگ لەباکوور ١٨٢م و کـۆرەك لەباشـوور ٢١٢٧م وهەنـدرێن لەڕۆژهـەڵات ٢٩٢٥ برادۆسـت لــە ڕۆژئـاوا ٢٠٧٦ م دەوردراوە.

هەروەها سێ ڕووبار لە ناوچەی سۆران داهەن، کەئەوانیش ڕووباری باڵـەك، باڵـەکیان و بێخاڵـە. لەزسـتاندا سـۆران سـاردەو لـە هاوینیشـدا


---

[1] بەخێر بێن بۆکوردستان ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا٤١ .

گەرمە، بەڵام لەهەردوو وەرزی پایزو بەهاردا ئاوو هەوایەکی خۆشی هەیە. قەزای سۆران ئاووهەوایەکی شێدارو زستانان بارانێکی زۆر بەخۆیەوە دەگرێت و هاوینان گەرمی شێداری هەیە، ئاستی بارینی بەفر لەو ناوچەیە لەزستانان مام ناوەندیە و وەرزی بەهاریش باراناویە و سروشتیش سەوزە. ڕووبەری قەزای سۆران دوو ڕووباری گەورەی پێدا ڕەت دەبێت و دەڕژێتە زێی بچووك، ڕووباری شێخی کەلە وڵاتی ئێران و کوێستانەکانی باڵەکایەتی لە قەزای چۆمان هەڵدەقوڵێت و بەسنوری قەزای سۆران تێدە پەڕێت و دەڕژێتە زێی بچووك، هەروەها ڕووباری برادۆست کەلە کوێستانەکانی برادۆست و خاکی تورکیا هەڵدەقولێت، ئەویش بەهەمان شێوە لە سنوری شارەدێی سیدەکان و دیانان دەچێتەوە زێی بچووك، هەردوو ڕووبار لەدوا ڕۆژ سوود بەخش دەبن بۆ بەنداوی بێخمە.


ڕووبەری گشتی قەزای سۆران ٨٠٩٦١٦ دۆنمە کە ٧٣٧٥٤٤ دۆنم بەکەلکی داچادن و کشتوکاڵ دێت، ئەوی تریش نیشتە جێو شاخاوییە[1].

[1] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٤٣ .




﴿نەخشەی ژمارە (٤)، قەزای سۆران﴾

## مێژووی سۆران



﴿وێنەی ژمارە (٨٣) مێژووی سۆران، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٨ وەرگیراوە﴾

قەزای سۆران یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای هەولێر لەسەردەمی ئەمڕۆدا، لەسەرەتا گوندێك بووە بەناوی ئادیان کەدانیشتوانەکەی مەسیحی بوونە لەناو خەڵکەکەدا پێیان گوتراوە ئادیان گوندی دیانەکان، بەتێپەڕبوونی کات ئادیان لابراوە لەسەر زاری خەڵك بووە بە گوندی دیانە، ئەم گوندە چەند گوندەکی زۆر نزیکی لە دەوروبەرە، لەسالانی حەفتاکان بەهۆی ڕا گواستن گوندەکانی سەر سنوری ناوچەی باڵك و بارزان دوو کۆمەڵگای لێ دروست بووە بەناوی دیانە و گەلاڵە[1]،لەبەر زۆری دانیشتوانەکەی کرایە یەکەیەکی ئیداری

[1] فەریدە محمد خضر، (کاریگەری بنەماکانی کۆمەلایەتی لەسەر گەشت و گوزار لەقەزای سۆران)، پرۆژەی لێکۆلینەوە پێشکەش کراوە بۆبەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری پەیمانگای گەشت و گوزار، هەولێر، سالی٢٠١٠، لا٤ .

واتــە (ناحیــە)، بــەڵام لەبــەر ئەقڵیــەتی شــۆفێنی ڕژێمــی بــەحس لــە ڕا گواستن بەردەم بوو ناحیەکەلە گەشــە کــردن دابــوو، لــەڕووی زیــادبونی دانیشتوانەوە هەر بۆیــەش لــە ســاڵی (١٩٨٠) کۆمەڵگــەی گەلاڵــە کرایــە قەزاو ناوی لێنرا قەزای (صدیق)، بەڵام لەپاش ڕاپەڕینی بە هاری ساڵی (١٩٩١) نــاوی ئــەم قەزایــە گــۆڕا بــە قــەزای ســۆران ئــەم نــاوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میرنشینە کوردییەی کەلە (٣٥٠) ساڵ بەر لەئیسـتا حکومڕانی دەکرا لەلایەن مـیر (محمـدی کـوڕی عیسـا ی کـەلۆس بـەگ) کەدانیشتوی گوندی هاودیان بووە نزیك ڕواندز، ڕوانـدز بۆچـەند سـاڵێك پایتەختی ئەم میر نشینە بـووە، لەکۆنـدا بـەم ناوچـە گـوتراوە سـۆران کەدەکەوێتــە نێــوان زێــی گــەورەو زێــی بچــووك، وەنێــوان چــیاکانی (زاگرۆس) لەڕۆژهەڵاتچیای (ئێکاوی عەرەبان) لەباشـوورەوە لـەخواروی مەخمور لە کوردستانی عێراق وەچەند بۆچون هەیە لەسەر ناوی سۆران یەکێك لەوانـە بـاپیرە گـەورەی مـیر عیسـا لەگونـدی سـۆران دانیشـتوە لەناوچـــەی قـــەڵادزە کـــەپێیان گـــوتراوە مـــیری ســـۆران پاشـــان گواستراوەتەوە بۆ ڕواندز بەڵام داوتر گۆڕاوە بۆ سۆران.وە بـۆ چـونێکی تر دەڵێت میر عیسا شەڕی بووە لەگـەڵ دوژمنـەکانی لەقـەڵای (ئـاوات) چونەتە سەریان بۆتەشەڕیان لەشوێنێك کە ناوی بەردە سـۆران بـووە و سەر کەوتنی بەسەریان داهێناوە، خـەڵك وتویانـە مـیری بـەردە سـۆران سەرکەوت وردە وردە بەتێپەر بونی کات بۆتە میری سۆران [(١)]

---

[١] ممدوح مزوری، مێژووی رواندز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، لا١٩٦ .

# پارکی گوڵان



﴿وێنەی ژمارە(٨٤) پارکی گولان، لەرێکەوتی٦/١١/٢٠١٥ گیراوە﴾

ئەم پاركە ٣ کیلۆ مەتر لەناوەندی شارۆچکەی سۆران دوورە، کەدەکاتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سۆران کەوتۆتە سەر ڕێگای (سۆران،چۆمان)، لەبەرامبەر هاوینەهەواری جندیان، پارکی گوڵان لەسەر ڕوبەرێکی فراوان دروست کراوە، پارکەکە بەچەند جۆر دارو سەوزایی ودیمەنی سەرنج ڕاکێش ڕازاوەتەوە[1]. دەیان جۆر یاری منداڵان و گەنجانی لەخۆ گرتووە، وەك چەرق و فەلەق، یاری ئۆتۆمبێل، فڕین، مەقەسو چەندین جۆری تر، شوێنی پشودان و خواردن و خواردنەوە و چەندین خزمەت گوزاری بۆدابین کراوە [2].

[1] أقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات والسياحة، المديرية للسياحة ـ اربيل، المصدر السابق، ص ١١٢ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٣٠/١١/ ٢٠١٥ .

# پردی بەرسیرین



﴿وێنەی ژمارە(٨٥) پردی بەرسیرین، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٤/٩ گیراوە﴾

شوێنەواری پردی بەرسیرین دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی (سۆران ،حاجی ئۆمەران) کەناسراوە بەڕێگای هاملتۆن، پردی نابراو دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری ڕواندز بەدووری (٩کم)، (١٨کم) لەشارۆچکەی سۆران دوورە.

ئەم پردە بۆسەر لەشکری میر نشینی سۆران (علی مێرا) دروست کراوە کەخەڵکی ئەم گوندە بووە هەڵکەوتووی ئەم شوێنە لەڕووی جوگرافی وەکو دەروازەیەك بووە بۆ ڕێگا گرتن لە هێرشی بێگانەکان،

ئەم شوێنەوارە دەگەرێتەوە بۆسەر دەمی (میر محمدی کوڕی مستەفا بەگ) ناسراوە بە(پاشای کۆرە) کەساڵی (١٨١٥ز) لەسەر دەستی (وەستا برایمی ماولی) کەوەستایەکی دەست ڕەنگین بووە کە زۆر بەی پردو قەڵات و قوللە بەدەستی ئەو دروست کراون.

ئەم پردە بە بەردی داتاشراوی رێك و پێك لەسەر شێوەی لاكێشە بەقەبارەی جۆراو جۆر دروست کراوە، جۆرە بەردێکی رەش لەدروست کردنی ئەم پردە دا بەکار هاتووە کەتوانای زۆری هەیە، بەرامبەر بە گۆرانکایەکانی سروشتی کەش وهەواو تیشکی رۆژ و شیٚ...، ئەم جۆرە بەردە لەناوچەکە دەست دەکەوێت، بەڵام بەردەکانی بەشی ناوەوەی ڕووبارەکە کە دەکرێت بە بناغەی پردەکە ناو زەند بکریٚ بەردی خودی رووبارەکەیە کە وەکو شاخێکی پتەو پەیوەستە بەشادەماری شاخە بەرزەکان واتە ئەم بەردانەی کە پردەکەی لەسەر بنیاد نراوە بەردی سروشتین، شایەنی باسە لەنێوان بەردەکان قسل بەکار هێنراوە.

ئەم پردە لەچوار ستوونی سەرەکی و دوو ستوونی تر کەوا پردەکەی لەسەر بنیاد نراوە پێك هاتوون، ستوونەکانی ناو ڕووبارەکە بەشی لای ئاراستەی ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبارەکە بەیاسای ئەندازیاری دروست کردنی کەشتی دەریایی بەشێوەی نوك تیژ دروستکراوە بۆئەوەی بەرگری هێزی ئاوێکی لە ڕادەبەدەر بکات، وە نەروخێت و بەشی پێچەوانەی ئاراستەی ڕووبارەکە بەشێوەی هێلکەیی

دروستکراوە، بۆئەوەی ببێتە ڕاگرێکی بەهێز کەوای لە پردەکە کردووە کەبۆماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.

هۆکاری دروست کردنی ستونەکان لەڕووی ئەندازەیی دەگەڕێتەوە کەم کردنەوەی بەریەك کەوتنی هێزی ئاوی ڕووبارەکە لەگەڵ ستونەکان، دابەشکردنی هێزی بەریەك کەتنی ئاو بۆڕووبەرە فراوانەکەی لای پشتەوەی ستونەکان، هەبوونی شادەماری شاخەکان لەم شوێنە بناغەیەکی پتەو بۆ دروست کردنی ئەم پردە، لەڕووی فیزیاییەوە هەڵبژاردنی ئەم مادانەی کە بۆ دروست کردنی ئەم پردە بەکار هاتووە وەکو بەرد و قسلْ کەتوانای بەرگەی درێژ خایەنی گۆرانەکانی کەش و هەوا دەگرن، دووری نێوان ستونەکان لێوار بۆ لێوار (٦م) کە ئەمەش لەڕووی ئەندازەیەوە پێویستی بە ماددەیەکی بەهێز هەیە بۆ بەرگری کردنی ئەو هێزانەی دەکەونە سەری، پێوانەی ئەم پردە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

درێژی پردەکە (٤٠, ٣٠سم)، بەرینیەکەی (١,٧٠سم)، بەرزی ستونەکان (٦,٢٠سم) پانی ستونێك (٢م) و درێژیەکەی (٣م)، سەری پردەکەش نۆژەن کراوەتەوە کەرەستەی نوێی لی بەکار هاتووە[1].

---

[1] گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(٤ ـ ٥)، سالّی چوارەم و پێنجەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٢-١٣٣-١٣٤.

# کانی ماران




﴿وێنەی ژمارە (٨٦) کانی ماران، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٤/١٨ گیراوە﴾

**ئەم سەیرانگایە لە سەرشەقامی سەرەکی نێوان (هەولێر سۆران) وە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری سۆران، دەکەوێتە ناوگەلی علی بەگ نزیکەی (٩٢کم)لەشاری هەولێر دوورە، ئاوی کانی ماران لەبەرزایی چیا دێتە خوارەوەو دیمەنێکی جوان و سەرەنج ڕاکێشی هەیە ژمارەیەك خواردنگەو شوێنی پشودان و کات بەسەر بردنی لێ دروست کراوە، کانی ماران لەوەهاتووە کە ئاوەکەی هەندەکەم بووە تەنیا بەشی ماری**

**کردووە بەڵام لەدوای دروست کردنی ڕێگاکەو فراوان کردنی ئاوەکە زیاتر بووەوەکو کانی لێهاتووە کەبەردەوام ئاوی تێدا دەمێنێتەوە[1].**

**لەئێستاشدا چەندین خزمەتگوزاری گەشتیاری لەسەر شێوازی مۆدێرن و پێشکەوتوو سرنج ڕاکێش دروستکراوەپێویستە زیاتریش گرنگی پێ بدرێت، تاوەکو ئەو سروشتە جوانەی کەهەیەتی بەشێوەیەکی جوانتر نمایش بکرێت بۆگەشتیاران، هەربەو هۆیەشەوە لەوەرزی گەشتیاری ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران سەردانی دەکەن[2].**




﴿وێنەی ژمارە (٨٧) کانی ماران، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٨ گیراوە﴾

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەخێر بێن بۆ کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥١.

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/١١/٣٠ .

# مێرگەسۆر



﴿وێنەی ژمارە (٨٨) مێرگەسۆر، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٢ وەرگیراوە﴾


قەزای مێرگەسۆر بەدووری (١٦٥کم) لەشاری هەولێر دوورە، ئەم قەزایە بوژانەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و چەندین پرۆژەی گەشت و گوزاری لێ ئەنجام داروە، ئەم ناوچەیە پڕەلە سەیرانگاو هاوینە هەواری دڵڕفێن (هاوینەهەواری پیران، رێزان، ڕووباری جامە، مەزاری نەمران...هتد)وەهەروەها بەناوبانگترین ئەشکەوت دەکەوێتە ئەم دەڤەرە ئەویش ئەشکەوتی شانەدەرە کە مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی کۆن (٦٠٠٠٠) ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە [(1)].

---

[1] أقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات والسياحة، المديرية للسياحة ـ اربيل،المصدر السابق، ص ١٤٢ .

## جوگرافیای مێرگەسۆر

قــەزای مێرگەســۆرکەوتۆتە ســنوری کــارگێری پارێزگــای هــەولێر کەڕووبەرەکــەی نزیکــەی (١٤٠٠کــم) دووجایــە، مێرگەسۆربەگشــتی ناوچــەیەکی شــاخاوییە و سەرچــاوەکانی ئــاو لــەو ســنورە زۆربــەیان کانیاون و دوو ڕووبار بەناو سنوری ئەم قەزایە دا تێپەڕ دەبێت یەکەم / ڕووباری کچك: سەرچـاوەکەی چـەند لقـێکن لەسێگۆشـەی سـنورەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران و تورکیا هەڵدەقوڵێت لەنزیك گوندی هـەزیر یـەك دەگرنـەوە بـە درێـژی ١٠٠کـم لـەناو سـنوری قـەزای مێرگـە سـۆر تێپەردەبێت. دووەم/ ڕووباری زێی مەزن (زاب): سەرچاوەکەی لـەولاتی تورکیا هەڵدە قوڵێت نزیکـەی ١١٠کـم لـەناو سـنوری قـەزای مێرگەسـۆر دەڕوات و لـــە گونـــدی ڕێـــزان لەگـــەڵ ڕوو بـــاری کچـــك یـــەك دەگـرن.جگەلـەوەی ناوچـەیەکی شـاخاوییە هەنـدێ شـوێنی دەشـتایی هەیـە کـەبۆ کشـتوکاڵ دەشـێت (دەشـتی بـەری نزار(شـرێ)، دەشـتی بیرسـیاو، دۆڵـی بیـاو، باڵنـدا، بلـێ، ڕێـزان)، وەچـەند چـیایەکی بـەرز لەسـنورەکە هـەن کەبـەرزیان لـەنێوان (١٥٠٠ ـ ٢٣٠٠م) لەسـەر ئاسـتی دەریالە وانەش چیاکانی (شیرین، بۆتین، پـیران، برادۆسـت، قەلەنـدەر، قوڕی هۆری، چار چەڵ، موسەکا) ئاووهەوای ناوچەکە مام ناوەنـدی یـە لە هاویندا گەرموو هەندێك جار دگاتە (٤٥س) لەوەرزی زستان ساردەو پلەی گەرمی هەتا (— ١٥ س) ڕێژەی باران بارین سـالانە (٨٠٠ـ١٥٠٠) و زیاتر لە یەك مەتر بەفر لەناوەندی قەزای مێرگەسۆر دەبارێت.




﴿نەخشەی ژمارە (٥)، قەزای مێرگەسۆر﴾

## مێژووی مێرگەسۆر

قەزای مێرگەسۆر مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەزۆر قۆناغ تێپەڕ بووە کەمێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٩٠ز) سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کەویلایەتی موسڵ لەچوار قەزا پێك دەهات (دهۆك ،ئاکری،سنجار،زێبار). کەقەزای مێرگەسۆر ئەوکات زێبر بووە و ناوەندی قەزا لەبیرا کەپرابووە ئەو ناوەش لەوە هاتبوو کە ئاغاکانی

عەشیرەتی زێبار خاوەن دەسەڵات بوونە لەبەر ئەوە ئەو ناویان بۆدانابوو[1].

# ئەشکەوتی شانەدەر



﴾وێنەی ژمارە (٨٩) ئەشکەوتی شانەدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤ گیراوە﴿

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باکووری هەولێر لەقەزای مێرگەسۆر، لەبەشی خوارەوەی چیای (برادۆست)ە لەسەر زێی گەورە[2]، کە ٢١٠٠ پێ لەڕووی دەریاوە بەرزە. نیو میل لە دیوی سەرووەوەیە، پاش میل و نیوێک بەرەو باکووری رۆژئاوا سەرچیا دەکەوێت بۆگەیشتن بەدەرکەی ئەشکەوتەکە کە ٩٠٠ پێ لەڕێگاکەوە بەرزە، ڕووی دەرکەی

---

[1] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٥٢-٥٣.

[2] ویسی ساڵح حەمەدەمین و عمر علی شریف، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی ٧، ٢٠١٦، لا ٥١.

ئەشکەوتەکە بەرەو باشوورە، بۆیە ڕۆژانە بۆچەندین کاتژمێر بەر تیشکی ڕۆژ دەکەوێت، بەتایبەتی لەزستاندا، بۆیە باشترین جێگای حەوانەوەی ئادەمیزاد بووە لەسەردەمی چاخەبەردینەکۆنەکان تاکو چەند ساڵێك لەمەوبەر، کەشوانەکان و ڕەوەندەکان پەنایان بۆدەبرد. ئەشکەوتەکە دەکەوێتە نزیکی چاوگی هەمیشەیی ئاوەوە. هەروەها تنۆکە ئاو لەبنمیچی ئەشکەوتەکە وە دلۆپە دەکات ئاوەکەش سازگارە و بۆخوار دنەوە دەشیێ. ئەم ئەشکەوتە بەرین ترین ئەشکەوتەکانی کوردستانە. لەشێوەی سێ گۆشەیە. پانی دەر گاکەی ٨٢ پێیە و بەرزییەکەی ٢٩ پێیە لەژوورەوە بەرینەکەی دەکاتە ١٧٥ پێ لەناوەوە دا بەرزی بنمیچەکەی ٤٥ پێ بڵندە، پاش ١٣٥ پێ لەدەرگەی ئەشکەوتەکە کۆتایی پێ دێت. بەڵام لەپشکنینەکانی ساڵی ١٩٦٠ دەرکەوت لە کۆتایی ئەشکەوتەکە دەلاقەیەکی داخراو هەیە، کەئەشکەوتەکە دەگەیەنێتە ئەشکەوتێکی تر، کەتاوەکو ئیستا پشکنینی تێدانە کراوە. پشکنین لەو ئەشکەوتە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن بەڕێوە بەرایەتی گشتی شوێنەوارەکان دەستی پێکرد. پاشان پەیمانگەی (سەمشونی ئەمریکی) لەچەند وەرزێکی جیاجیادا، کەدوا جاریان ساڵی ١٩٦٠ بوو پشکنینی لەم ئەشکەوتە ئەنجامداوە، لەئاکامدا چینەکانی نیشتەجێبون لەزەوی ئەشکەوتەکە دیترایەوە، لەتازەترین سەردەمەکانەوە بەرەو کۆنترین چاخەکانی جێنشین بوون،

کە دەگەڕێتەوە چاخی بەردینی کۆن ناسراوە بە (سەردەمی موستێری) پاشماوەی جینشینبوون لەم ئەشکەوتە، دەگاتە قووڵایی ٤٣ پیٚ.
ئەم سەردەمانەی بەخۆیەوەگرتووە:

سەردەمی سوستێری کۆنترین سـەردەمە دەتوانرێـت بـە ٥٠ هـەزار یان ٧٠ هەزار بخەملێنرێت. پاش سەردەمی یەکەم چەند سـەر دەمێکـی چاخە کۆنـەکانی بـەردینی کـۆنی سـەرەوە هـاتووە، وەکـو (سـەردەمی ئورگەنشی)، کەبە ٣٠ هەزار ساڵ دەخەملێنرێت. سـەردەمێك لـە چـاخە کۆنەکانی بەردینی کەئامێرەکانی لە بەردی (صوان) بەردی داتاشـراوە، پێـی دەڵـێن (سـەردەمی مـایکرولیتی) بەسـەردەمی بـەردینی ناوەنـد ناسراوە (میسۆلیتی)، ئەمەش لەگـەڵ دۆزراوەکـانی ئەشـکەوتی زەرزی لەناحیـەی سـەرداش هاوتایـە. کـەپێیان دەلـێن (سـەردەمی زەرزی)، کەدەگەرێتـەوە بـۆ١٢هـەزار سـاڵ. لەچـینی سـەرەوەی ئەشـکەوتەکە ئـامێری صـوان و شـوێنەواری بـەردینی وا دیترایـەوە، کەدەگەرێتـەوە سەرەتای چاخی بەردینی نویٚ، واتـەبۆ ١٠ هـەزار سـاڵ ئەمـەش لەگـەڵ دۆزراوەکـانی زاوی چـەمی هاوتایـە(١). وە تـاوەکو بەئەشـکەوتەکە دەگەیت دەبێت ژمارەیەکی زۆری پلیکانە ببڕیت بەشێوەی پێچـاو پـێچ تادەگەیتـە نـاو ئەشـکەوتەکە سـیمایەکی زۆر جـوان بـە گەشـتیاران دەبەخشـێت، وە لەزۆربـەی وەرزەکـانی سـاڵ گەشـتیاران سـەردانی

---
(١) تەها باقر و فوئاد سەفەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، لا ٧٥٦-٧٥٧ .

دەکەن بەتایبەت قوتابیانی زانکۆو پێمانگاکانی کوردستان[1].(تێبینی دەکەم ئەم ئەشکەوتەکە کافتریا یاخود موتیل لەناوچەکە دروست بکرێت تا گەشتیار لەوی بمێنێتەوە خۆشی لەو شوێنەوارە مێژوویە وەر بگرێت، و ڕێگایەکی باشی بۆدروست بکرێت بەئاسانی بگەیتە ئەشکەوتەکە وە لەناو ئەشکەوتەکەش روناك کەرەوەیەك دابنرێت، وەچەندین خزمەت گوزاری تریش ئومێدەوارین زیاتر بایەخی پێ بدرێت).

## ئەشکەوتی بێستون



﴿وێنەی ژمارە (٩٠) ئەشکەوتی بێستون، لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤ گیراوە﴾

لەسەرچیای برادۆست لەباکووری خۆر ئاوای شاری هەولێرە، بەدوو ڕێگای قیر تاو کراو دەگەیتە ئەم ئەشەکەوتە یەکێکیان لەبەرزایی چیای

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤ .

سپیلك بەرەو دۆڵی خەلان وبناویێ، لەوێشەوە بەرەو بەرزای چیای برادۆست بەدووری (١٠٩کم) دەکەوێتە باکووری هەولێر، دووەمیان لەکۆتایی گەلی علی بەگ بەرێگایەك، کەبەرەو خۆرئاوا دەروات لەنێوان (هاودیان ـ سارداو) دا ڕێگایەکی لاوەکی بەرەو بەرزایی چیای برادۆست سەردەکەویێ تا دەگەیتە ئەشکەوتی بێستون[1]، دەکەوێتە سەر ڕێگاکە دەرگاکەی نزمە و لەژوورەوە زۆر فراوانە و کۆتایی دیار نیە، لەسەر ئەشکەوتەکەشدا کونێك هەیە ڕووناکی دەداتە بەشێکی ئەشکەوتەکە، زیاتر لە ١٠٠م درێژە و ٤٠ م پانە و ١٠م بەرز دەبێت، سەدان بلووری کریستاڵی لەناودا شۆڕ بونەتەوە و هەندێکیان سەرکەوتون، کریستاڵەکانیش جۆراو جۆرن دیمەنی سرنج ڕاکێشیان هەیە، هێنری فیلد لەساڵی ١٩٣٤ سەردانی ئەشکەوتی بێستونی کرد لەزنجیرە چیای برا دۆست، لەسەر ڕاسپاردەی زانکۆی هارڤەرد، زانکۆی پییەبۆدی. هێنری فیلد بۆماوەی چەند ڕۆژ ێك کنەو پشکنینی تێدا کرد کە ژمارەیەك ئیسکو بەردەئەستێ و پارچە گلێنە دۆزرایەوە هەموو ئەمانە بۆ چاخی بەردینی نویێ (٦٠٠٠پ.ز) چاخی بەردینی کانزیی (٣٥٠٠ــ٤٩٠٠پ. ز) و سەرتای چاخی برۆنزی (٢٩٠٠ــ ٣٥٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوە. پشکنینەکان دەریانخست مرۆڤ لەچاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست لەئەشکەوتی بێستون نەژیاوە، هێنری فیلد لەناو دووچاڵ

---

[1] هێرش محمد ڕەسول، ڕەگ چەند بنچینەیەکی ژینگەیی گەشتیاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٣ .

کنەو پشکنینی کرد تەنها پارچە گۆزەی دۆزیەوە کەڕاو چیەکانی (کۆتایی چاخی بەردینی نوێ و چاخی کانزایی و چاخی برۆنزی)بەکاریان هێنابوو، چونکە ئەوان لەگوندەکانی نزیك ڕووبارەکانەوە ڕوویان دەکردە ئەشکەوتەکان و خواردنەوەیان لەناو گۆزەدا دەبرد بۆ ئەشکەوتەکان و گۆزەکان بەجێ دەهێڵدران و دەشکان، چونکە ئەوان چەندین نێچیریان ڕاو دەکرد لەبەرئەوە گۆزەکانیان بەجێ دەهێشت و دەشکا[1] .

هەرکاتێك دەرۆیتە ناو ئەشکەوتەکە چەند هەنگاوێك برۆیتە ناوی دەبێت روناك کەرەوەیەك لەگەڵ خۆت ببەی تاوەکو بەردەم خۆتی پێ ڕووناك بکەیتەوە، لەدوای رۆیشتنت بەناو ئەشکەوتەکە نابێت زیاتر برۆیت، لەبەر ئەوەی دەتورێت بیرێك هەیە لەوانەیە بکەویتەناوی، ئەمەش بەتەواوی رون نیە چەنکە کنەوپشکنینی چری لی نەکراوە[2] .

---

[1] نادر ڕۆستی، گەشتێك بۆ گەشت و گوزار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٤-١١٥-١١٦ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤ .

# ئەشکەوتی هاودیان



﴿وێنەی ژمارە (٩١) ئەشکەوتی هاودیان، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٢/٢٤ وەرگیراوە﴾

ئەشـــکەوتی هاودیـــان دەکێتـــە چـــیای برادۆســـت ســـەربەقەزای مێرگەسۆرە، ئەم ئەشـکەوتە هێنـری فیلّد لـە سـالّی (١٩٣٤) سـەردانی ئەشـکەوتی هاودیـانی کـرد لەسـەر ڕاسـپاردەی زانکـۆی پییـەبۆدی و زانکـــۆی هاڤـــەرد، کەچـــەندرۆژێك کنـــەو پشـــکنینی تێـــدا کـــرد، لەپشکنینەکەدا ژمارەیەك ئیسـك وپروسـك و پارچـە گلێنـە دۆزرایـەوە، هەموو ئەمانە بۆکۆتایی چاخی بەردینی نوێ و چاخی بەردنی کـانزیی و چاخی برۆنزی دەگەڕێتەوە، پشکنینەکان دەریان خست مرۆڤ لەچاخی بـەردینی کـۆن و ناوەڕاسـت لەئەشـکەوتی هاودیـان نـەژیاوە، چـونکە لەوناوچـەیە حەشـارگەی باشـتر هـەبووە، وەك ئەشـکەوتی شـانەدەر، وەهـــەروەها بـــەفری زۆری زســـتان و تـــەڕی و مانـــەوەی ئـــاو لـــەناو

ئەشکەوتەکەدا لەزستاندا و کەمی ئاوی خواردنەوە لە هاویندا و دووری لەڕووبارەکانەوە، هێنری فیلد دوو چاڵی لەئەشکەوتی هاویان کرد یەکێکیان لەلای خوارووی ئەشکەوتەکەدا چاڵێکی چوار گۆشەبوو درێژی لایەکی ١١ پێ بوو، قولایی ٩ پێ بوو. چاڵی دووەم لەتەنیشت چاڵی یەکەم بوو هیچی تیانەدۆزرایەوە [1]. (تێبینی دەکەم ئەم ئەشکەوتانە زیاتر کنەوپشکنینی تێدا بکرێت گرنگی پێ بدرێت).

## ناحیەی بارزان



﴿وێنەی ژمارە(٩٢) ناحیەی بارزان، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢١ گیراوە﴾

ناحیەی بارزان سەربەپارێزگای هەولێری پایتەختی کوردستانە، ناوچەیەکی جوان و سروشتێکی دەوڵەمەندی هەیە. بەیەکێك لە شێونە

---

[1] دلشاد عەزیز زاموا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٨٦

.

دڵڕفێنە گەشتیاریەکانی کوردستان دادەنرێت، ساڵانە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن، بەوە ناسراوە ئاژەڵی کێوی وەك ئاسك بزنی کێوی کەوبازو چەندین باڵندەو گیانلەبەری دیکەی تێدا دەژیت، کەلە دەڤەرەکە گەشتیار چاوی پێیان دەکەوێت تاموو چێژێکی زۆری لی وەر دەکرێت وێنەیان دەگرێت وای کردووە ژینگەکەی وەك خۆی بمێنیٚ.

## مەزاری نەمران




﴿وێنەی ژمارە (٩٣) مەزاری نەمران، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢١ گیراوە﴾

مەزاری نەمران دەکەوێتە گوندی بارزان بە دووری (١٥٥کم) لەشاری هەولێری پایتەخت دوورە ئەم مەزارە ڕووفاتی هەردوو نەمران (مەلامستەفا بارزانی ،ئیدریس مستەفا بارزانی) لەئامێز دەگرێت.

مەزاری نەمران بۆتە جێگایەك کەساڵانە بەهەزاران هاوڵاتیانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و باڵیۆزی وڵاتانی دنیا و گەشتیاران سەردانی دەکەن، بارزانی نەمر وەك هێمایەك بۆ شۆرش و خەباتی

تێکۆشــان لەکوردســتان ســەیر دەکرێــت، چــونکە هــەر لەســەرەتای لاویەتیـدا دەسـتی کـردووە بـە خـەبات کـردن دژی زوڵمـوو زۆرداری و دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ گەلی کورد.

## سەیرانگای ڕێزان



﴿وێنەی ژمارە (٩٤) سەیرانگای ڕێزان، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٤/١٢ گیراوە﴾

ئـەم سـەیرانگایە دەکەوێتـە قـەزای مێرگەسۆر کەنزیکـەی (٢٢کـم) لەباشوری خۆرهەڵاتی بارزانەوە دوورە دەکەوێتە سەر ڕووباری ڕێـزان و چامەوە لەسەر ڕێگای مەزار گەی بارزانی نەمرە ئەم ناوچەیە (١٣٤کـم) لەناوەنـدی هــەولێرەوە دوورە، بەرزیەکــەی لەئاســتی ڕووی دەریــا (١٢٠٠م) بەرزە لە هاوین ئاو وهەوایەکەی و دیمـەنو سروشـتێکی جـوانی هەیــە هــەمووی دارودرەختــە، لــەدەمی ڕووبارەکــەدا چــەندین

**چێشتخانەهەیە خەڵك ڕووی تێدەکەن بەتایبەتی ئەوانەی سەردانی مەزاری نەمران دەکەن [1].**

# مەیدانۆك



﴿وێنەی ژمارە (٩٥) مەیدانۆك، لەرێکەوتی٢٠١٣/٤/٩ گیراوە﴾

**لەسەر ڕێگای گشتی سۆران مێرگەسۆرە بەناو گوندەکانی (شێتنە، شێخان، زینێ، بۆکڕان) (١٢٨کم) لەشاری هەولێرەوە دوورە، وە لەئاستی ڕووی دەریاوە (٩٧٩م) بەرزە، ناوچەیەکی گەشتیاری بەرفراوانە لەڕووی دارو درەخت و دیمەنی سروشتی جوانە، بۆیەساڵانەلەوەرزی بەهار خەڵکێکی زۆری ناوچەکە و شارەکانی تری کوردستان ڕووی تێدەکەن [2].**

---

[1] أقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات والسياحة، المديرية للسياحة ـ اربيل، المصدر السابق، ص ١٤٦ ـ ١٥٢ .

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، بەخێر بێن بۆکوردستان ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٥١ .

# سەیرانگای پیران



﴿وێنەی ژمارە (٩٦) سەیرانگای پیران، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٤/٩ گیراوە﴾

لەباکووری شارۆچکەی مێرگەسۆرە بەدووری (٣٥کم) ئەم سەیرانگایە دیمەنێکی جوانی هەیە هەمووی بە داری خۆرسك داپۆشراوە، بەهاوینان ئاووهەوایەکی مام ناوەندی هەیە کەزۆربەی جار پلەی گەرما (٤٠) پلەی سەدی تێپەر ناکات، بەلاّم لەوەرزی پایز ئەم پلەیە بەرە بەرەدادەبەزێت بۆ (٢٠) پلە تادەگاتە وەرزی زستان، تارِادەیەك جوانکاری بۆئەم شوێنە کراوە لەلایەن شارەوانی پیران لە وەرزەکانی سالّ خەڵکی ناوچەکە ڕووی تێدەکەن بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەلّ بەرێز (شەریف عسمان ) بەڕێوەبەری ئاوی مێرگەسۆر لەرێکەوتی ٢٠١٣/٢/١٦ .

# ڕووباری چەمێ




﴿وێنەی ژمارە (٩٧) ڕووباری چەمێ، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٢٥ گیراوە﴾

دەکەوێتـە بـاکووری خـۆر ئـاوای قـەزای مێرگەسـۆرەوە بـەدووری (٢٥کـم)، کەبریتیـە لـە لێوارەکـانی ڕووبـاری چـەمێ کەسـەر چـاوەی ڕووبارەکـە لـەخاکی تورکیـا هەڵـدەقوڵێت وە لەگـەڵ چـەندان ڕووبـاری بچوك وەك ڕووباری بەرازگر خۆی لێك دەدات دەڕژێتـە ڕووبـاری بـارزان کە یەکێکە لە لقەکانی زێی گەورە، سیمایەکی جوانی هەیە بۆیە لـە زۆر بەی ناو چەکانی عێراق وکوردستانسەردانی دەکەن[1].

(تێبینـی دەکـەم سـەیرانگاکانی کەلـە قـەزای مێرگەسـۆر هـەن، پێویسـتە لەڕوانگـەی گەشـت و گوزاریـدا گرنگـی پێبـدرێت چـونکە ژمارەیەکی زۆری توانستی مرۆیی گەشت و گوزاری تێدایە).

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٢٥ .

# چۆمان



﴿وێنەی ژمارە (٩٨) چۆمان، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٥/٢٢ گیراوە﴾

قەزای چۆمان سنورەکەی دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی شاری هەولێر بەدووری (١٦٠کم) کەوتۆتە نێوان زنجیرە چیاکانی (هەڵگوردسەکران)، هاوسنورە لەگەل ولاتی ئێران، کەلەشارەدێکانی (حاجی ئۆمەران و، قەسری، گەلاڵە، سمیلان) پێك دێت، زیاترلە (١٣٠) گوند لەسنورەکەدا هەیە، کەلە چیاو دۆل و دەم ڕووبارو قەدپال و بناری چیا بەرزەکانی ناوچکە هەلکەوتوون، ڕووبارێك بەناو چۆمان و دۆلی بالکایەتی بۆسنوری سۆران وشۆڕ دەبنەوە و بەڕووباری چۆمان ناسراوە لەچەند لقی بچووکی دۆلەکانی ناوچەکە پێك هاتووە، ئەم

قەزایە ناوچەیەکی گەشتیاریە بەهۆی بوونی چەندین (هاوینە هەوار،سەیرانگا،ڕووبار، مێرگ،تاڤگەی ئاوی) تێدایە، بەقەزایەکی گرنگی بەرو بوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵ داری دەناسرێتەوە، پلەی گەرمالەهاویندا لە ٣٢ پلە تێناپەرێت، وەڕێگایەکەی ستراتیجیە بەهاملتۆن ناسراوە بەقەزاکە تێپەر دەبێت[١].


## جوگرافیای چۆمان

سنوری بەرفراوانی جوگرافی کەلە ڕۆژهەلاتی بریتی یە لە سنوری شاری پیرانشاری وولاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کەبەزنجیرە چیای قەندیل درێژ دەبێتەوە بۆ سنوری ناحیەی سنگەسەری پشدەرایەتی سەربەپارێزگای سلێمانی کەدەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلات قەزای چۆمان بەیەك بەستنەوەی لەگەڵ چیای حەسارۆست کەلوتکەی هەلگوردە و بەرزیەکەی نزیکەی (٣٦٠٧م) درێژە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی چۆمان، سنوری ڕۆژئاوای بە قەزای سۆران دەبەستێتەوە، وە باشووری قەزای چۆمان بەسنوری ناحیەی سیدەکانی سەر بەقەزای سۆران کۆتایی دێت[٢].

---

[١] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن، بەخێر بێن بۆکوردستان ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٥٥ .

[٢] مامۆستا سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، شاری هەولێر، چاپخانەی ژیان، هەولێر، ٢٠١٦، لا١٠٢ .





﴿نەخشەی ژمارە (٦)، قەزای چۆمان﴾[(١)]

---

[١] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦ .

## مێژووی چۆمان



﴿وێنەی ژمارە (٩٩) مێژووی چۆمان، لەرێکەوتی ١/١/ ٢٠١٥ وەرگیراوە﴾

چـــۆمان کەبەناوچـــەی باڵەکایـــەتی ناســـراوە بەدرێـــژایی مێـــژوو ناوچـــەیەکی ســـەخت و شـــوێنی بەرەنگاربوونـــەوەی داگیرکـــەرانی کوردستان بووە، بەدارستانی چروپرو سـەدان دۆڵ و شـیو ئەشـکەوت و شـوێنی حەوانـەوەو لـەخۆ دەگرێـت کەوتۆتـە سـەر سنور، گرنگیـەکی تایبـەتی داوەتـە ئـەو دەڤـەرە، بۆئـەوەی ببێتـە ناوچـەی بـەرخودان و تێکۆشـان و کوردایـەتی راسـتەقینە و داکـۆکی کردنـە سـەرمافەکانی نەتەوایەتیمان بەدرێژایی شەست ساڵی رابردوولەتەمەنی ئەم دەڤەرەدا، وە لـە ئـامێز گرتنـی هـەزاران تێکۆشـەری گـەلی کوردسـتان کەتێیـدا گیرسانەوەو درێژەیان بەخەبات و تێکۆشان داوە، لەدوو شۆرشـی درێـژ خایەندا، ئەوەی زیاتر پاڵنەر بووە بۆخستنە رووی گرنگی ئەم دەڤەرە،

هەست و هەڵوێستی جوامێرانەی نەتەوایەتی خەڵکە تێکۆشەرەکەیەتی کەبە گیان و روحێکی پاك و بێگەرد لەئاێزی سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول بوون مەردانە بەهەموو شێوەیەك لەخزمەتی کوردایەتی و رەوتی شۆرشگێریدا تۆزقالێك درێخیان نەکردووە، دەیان تێکۆشەری ئەم دەڤەرە گیانیان فیدای خاك و نیشتیمان کردووە، بست بەبستی خاکی باڵەکایەتی و دارو بەردو لوتکە چیای بەرزە فرەکانی شاهێدی و قارەمانیەتی و فیداکاری و خۆبەخشین و قوربانیدانی خەڵکی ناوچەکەن کەچەند بە حەماسەوە هەمیشە لەسەنگەر دابوون [(١)].

[١] عبدالرحمان علی کوردە، گۆڤاری باڵەك و باڵەکایەتی،باڵەك، ژمارە (٣) تەممووزی ٢٠٠٨،لا ٨

# ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران



﴿وێنەی ژمارە (١٠٠) ناشناڵ پارکی هەلگورد سەکران، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٧/١٠ گیراوە﴾

**ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، (١٢٠کم) لە خۆر هەڵاتی باکووری شاری هەولێری پایتەختە، بەدرێژایی سنوری ئێران، بەشێکە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و هەرێمی ئیران و ئەناتولیان.زنجیرە چیای سەکران بەناوبانگە بەپێکهاتە بەردینە ناوازەو سەر سورهێن و سەرنج ڕاکێشە، بەدۆڵە جوان و مێرگە شاخاویەکانی دەوڵەمەند بەگوڵی خۆرسك و ژیانی کێوی هەمە چەشن. ئەم زنجیرە چیایە کەبە شێوەی کەوانەی لە باشوری (چۆمان) لەگەڵ چیای کۆدۆ تاکو بەرزایەکانی بەرامبەر حاجی ئۆمەران درێژ دەبێتەوە. ئەم ناشناڵ پارکە دەبێتە فراوان ترین ناوچەی چیای پارێزراو لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە. تێکرای ئەو ڕووبەرەی ناشناڵ پارك لەخۆی دەگرێت**

بریتیــــە ١١٠٠کـــم دووجـــا (ha110000)، لەگـــەڵ دەســـتپێکردنی لـــە بەرزایــەکانی٩٠٠م تــاوەکو٣,٦٠٩ م(لوتکــەی هــەڵگورد، وەك بــەرزترین لووتکە لە عێراق). لەناوچەی پێش نیار کراو بۆ ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران دیمەنە چیاییەکانی چەندان وێنەی ڕەنگینی هەمەچەشنی چڕو پڕی دارستانی شێوە جۆراو جـۆر، لوتکـەی بـەرزی بـەردینی داپۆشـراو بەبەفر، دیمەنی چیای نایاب، گەنجینـەی شـاراوە، جۆگەلـەی شـاخاوی خۆرسك و لەوەرگای سرنج ڕاکێش لەشاخەکان لەخۆ دەگرێت. گیاندارو ڕووەکی دەگمەن کەمەترسی لەناوچونیان هەیە یان بەرەو کەمی دەچن هەوارگەی ژیان و بونیان لێـرە هەیـە، بۆنمونـە هـەڵۆ، پشـیلەی کێـوی، گورگەکان، بزنی کێـوی، ورچ، کـورە بـەش، سمـۆرە و چـەندان جـۆری باڵندە و گوڵی هەمە چەشن.چیاکانی هەڵگورد سەکران بەشـێکی هـەرە دەســـتکاری نـــەکراوی کوردســـتانن، هـــەتاکو ڕۆژگـــاری ئـــەمرۆش سروشتەکەی کاریگەری گەورە و تێکچونی زۆر لە بـەکارهێنانی یـان لـە نیشــتە جێبــون لەناوچــەکەی بــەدی ناکرێت.گەشــتیاران چــاوەکانیان گەواهی هەستکردن بەبوونی سیستەمێکی سـاغی نـەگۆرا و دەسـتکاری نەکراوی جۆگەلـەو چـەمۆلکەی شـاخاوی دەدەن کـە ئـاوێکی کـوالیتی بەرزی سازگاریان بەتەوژمێکی هێواش لێدەڕوات. بەهۆی بـەرزی لوتکـە چـیای هـەڵگورد و لوتکـەکانی زنجـیرە چـیای سـەکران، بـەفر لەهنـدێك شوێن تاکو حوزەیران دەمێنێتەوە لە هەندێك شوێنیش بەدرێژایی سـاڵ دەبینرێت.

لـەڕووی کەلتوریـەوە شـوێنگەی جـوگرافی ئـەم ناشـناڵ پارکـە بەهایەکی گرنگی هەیە. پـردی بەیەکـەوە بەسـتنی هـەردوو دیـالێکتی سەرەکی خوار و سەروە، کۆمەلێك بەهای مرۆیی هەمە چەشـن لـە جلـو بەرگ و شێوەی ژیانی تایبەتمەندی هەردوو پارچەی کوردستان (باشـور و رۆژهەلات) لە خۆ دەگرێت.


## بەها گرینگەکانی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران

لەخۆ گرتنی پێکهاتەیەکی ناوازەی سروشت — وەك بـوونی دیمـەنی هەمەچەشنی سروشـتی و ڕووەك و گیانـداران. پاراسـتن و گرینگـی دان بەژینگەو سروشت لە بەرپرسیاریە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەو حوکمەتـە. لە پێناو نەوەکانی داهاتوو پاراستن و هێشتنەوەی پێکهاتەی زینـدەگی و دایناميکی سیستەمی زیندەگی ژینگەیی ناوچەکە بـەگوێرەی ڕێنمـای و ستانداره نێو دەوڵەتیەکانی IUCN.

پاراستنی سروشت و فرەجۆری زیندەگی لەئاستێکی بەرز.

بەسـەر بردنـی کـاتێکی خـۆش لـە رەفاهیـەت و خۆشـگوزەرانی لەژینگەیەکی سروشتی. سـەنتەری توانسـت و پیشـبرکێی فەرهـەنگی و فێر کردن و هۆشیاری ژینگەیی و گەشە پێدانی ناوچـەی ناشـناڵ پـارك [1].

[1] بەرەو بنیاد نانی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران، لا ١٠-١١-١٧ .




شێوەی سەرەتایی نەخشە و هێڵکاری ناوچەو پێکهاتەی دیمۆگرافی چیایەکانی هەلگورد سەکران لە دورو پشتی شاری چۆمان، لە ڕێی تەکنەلۆژیای نوێوە نەخشە کێشراوە.

ئەم نەخشەیە لەلایەن ئەنیستیتوتی ئەمساوی بۆ تەکنەلۆجیا ( AIT ) ئامادە کراوە

﴿نەخشەی ژمارە (٧)، ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران﴾

## پیشانگای هەمیشەیی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران



﴿وێنەی ژمارە (١٠١) پیشانگای هەمیشەیی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران، ٢٠١٥/٥/٢٢ گیراوە﴾

پیشانگای هەمیشەیی لە ناوسەنتەری قەزای چۆمانە، لەئۆفیسی هەمیشەیی ناشناڵ پارکی هەڵگورد سەکران کۆمەڵێك کەل و پەڵی جۆراو جۆری لەخۆ گرتووە، ئەو کەل و پەلانە بە(٣) شێوە هاتووە بۆ ئۆفیس بەشێکیان لەلایەن خەڵکەوە هاتووە و پێشوازی لێکراوە ناوی کەل و پەل و خاوەنەکەی و ئەو شێونەی لێوەی هاتووە لەسەری تۆمار کراوە بەشێکی تری لەلایەن بەڕێوە بەری هەر بەشێك وەر گیراوە لەئەنجامی گەڕان و سەردانی مەیدانی بۆ شوێنەکان سێیەم بەش لەلایەن پێشمەرگەی ژینگە کەتایبەت بەبەشی قەدەغەکردنی ڕاو هاتووە بەشەکانیش پێك دێن لە (بەشی جیو لۆجی، بەشی بایەلۆجی، بەشی کەل وپەلی کشتوکاڵی، بەشی کەل وپەلی کلتوری، بەشی

قەدەغەکردنی ڕاو). کەل و پەلەکانیش لەبەشی جیو لۆجی پێك هاتوون لەکۆمەلێك بەردی گرنگ و سرنج ڕاکێش بە(٣) جۆر (ئاگرین و گۆڕاوونیشتەنی) و(بەبەرد بوو) وەهەندێك جۆری خۆڵەکان، بەشی بایەلۆجی پێك دێت لەهەندێك گیان لەبەری کێوی مۆمیا کراوی وەك باڵندەی کێوی جۆرەکانی (باز، ڕەشۆڵە، کۆتر، ڕەنگاڵە، مراوی کێوی) وەهەندێك جۆر ئاژەڵی کێوی وەك (بەراز، مامزی کێوی، تورگ، دەڵەك، ژووژك، کەروێشك) وەهەندێك گیان لەبەری ئاوی (مار، خەمەگڕوو، کیسەڵی ئاوی) بێگومان هەندێك لەئاژەڵەکانی ئەم بەشە لەلایەن تاقیگەی ڤێتەر نەری هەولێر ڕێکخراوی ئەرین گرواندراون. بەشی کەل و پەلی کشتوکاڵی پێك هاتووە لەکۆمەلێك کەلو پەلی وەك (سەبەتە، جەنجەڕ، شەنە، کوتك، جۆنی، دەستاڕ(لۆلەپ)، داربڕین (گردەبڕ)، برغوی دار، گوریس، تەرازوو، تەور، غەلێفی مێش) بەشی قەدەغەکردنی ڕاوکەل و پەلەکانی (قەفەزی کەو، تاپڕو فیشەك، داوی کەو گرتن)ی لەخۆ گرتووە. بەشی کەل و پەلی کولتوریەکان پێك دێت لە (شمشێر، چەندین تورەگە بەنەخشی جیا، شەی موو، سندم، حەو جۆش، زینی ئەسپ، تەشی رستن، گۆریەو کڵاوی پیاوان، فانۆسی کۆن، مڵاکە داری دۆ)[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (عبدالواحید گوانی) قائیمقامی قەزای چۆمان لەرێکەوتی ٢٠١٥/٥/٢٢ کاتژمێر ١١:٣٥ ی سەرلەبەیانی .

# سەیرانگای دۆڵی سەکران



❁وێنەی ژمارە (١٠٢) سەیرانگای بناری سەکران، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٥/٢٢ گیراوە❁

سەیرانگای بناری سەکران١٧٠ کیلۆمەتر لەناوەندی شاری هەولێرەوە دورە ئەورێگایەی لەسۆرانەوە دەچێت بۆ قەزای چۆمان، لەسەر پردی (مستەفا ئاغا) بەرێگایەکی لاوەکی دەروات بەرەو خۆرهەلاتی چۆمان سەردەکەوێ بۆبناری سەکران کەهەمووی بەداری خۆرسك و رەزو باغی میوە جات داپۆشراوە، ڕووبارێکی پێدا دێتە خوارەوە کەسەرچاوە ی ئاوی کانیاوە سازگارەکانی کێوی سەکرانە بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا (٢٦٦٥م)، ئەم دۆڵە سروشتێکی جوان و ئاوو هەوایەکی فێنکی هەیە بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا، رێژەیەکی زۆری گەشتیاری ناوەخۆ و شوێنەکانی ناوەراست و باشوری عێراق

سەردانی دەکەن، بەتایبەت ڕۆژانی پشووی هەفتە ئەم شوێنە بەلێشاو گەشتیاران ڕوو ی تێدەکەن[1].

# چیای هەڵگورد



﴿وێنەی ژمارە (١٠٣) چیای هەڵگورد، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٧/١٠ گیراوە﴾

چیای هەڵگورد بە دووری ١٧٠ کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر و بەیەکێك لە بەرزترین چیاکان دەژمێردرێت لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەرزییەکەی دەگاتە نزیکەی (٣٦٠٧م) لەسەر ئاستی ڕووی دەریا، چیای هەڵگورد دەورەدراوە بەژینگەیەکی جوگرافی دڵڕفێن، وەکو ناوچەی گەڵاڵە، حاجی ئۆمەران، ڕۆست،

[1] پێگەی ئەلیکترۆنی (www.hawlergov.org \kur).

سـیدەکان لەقـەزای چـۆمان، بـە درێـژایی سـاڵ بـەفر لوتکـەی چـیاکە دادەپۆشێت کە زۆر لە چاوگی کانیاوە سـەر سـورِ هێنـەرەکان دروسـت دەکات. ئینجا دەریاچەی جوان ناوچـەکەو چـیاکە دەکـەن بـە شـوێنێك دوور لە خەیاڵ، پاوانی سروشتی و سرەنج ڕاکێش ناوچەکەیان کـردووە بە لانەی چەندین جۆری جیاوای باڵندە، زنجیرەی چـیاکانی هـەڵکورد و حەسارۆست دەکەونە نێو لەوەڕگای نیشـتیمانی هەڵگوردسـەکران کەلـە سەکرانەوەبۆناوچەی حاجی ئۆمـەران و لەوێشـەوە بـۆ سـیدەکان درێـژ دەبێتـــەوە، کەڕووبـــەرێکی ١١٠٠م چـــوار گۆشـــەیی دادەپۆشـــێت لەوەڕگاکەی هەڵگوردسەکران بەیەکێك لە لـەوەڕگاکانی جیهـان دەژمێـر درێـت. ژمارەیـەکی زۆری گەشـتیاران لەسەرتاسـەری عێـراق و وڵاتـانی بیانی و دراوسێ سەر دانی ناوچەکە دەکەن، بۆ بەسـەر بردنـی کـاتێکی خۆش، لەگەڕان و سەیرن. ناوچەکەبە ژمارەیەکی زۆر لەگیای پزیشـکی دەوڵەمەندە کەدەکرێت لەپیشەسازی دروسـت کردنـی دارو دەرمـان بـە کار بهێنرێت(١).

---

١ دەستەی باڵای سەرپەرشتیارلەسەر چالاکیەکانی هەولێرپایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆساڵی ٢٠١٤،هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٤٤.

# ئەشکەوتی بەفری



﴿وێنەی ژمارە (١٠٤) ئەشکەوتی بەفری، لەرێکەوتی٢٠١٦/٧/٢٥ گیراوە﴾

ئەم ئەشکەوتە لە نزیك تاڤگەی پرژەیە یە لەکۆتایی چیای سەکران، لەقەزای چۆمانە سەربە پارێزگای هەولێرە، دەرکەوتەی ئەم ئەشکەوتە بۆ ئەو ڕووبار و تاڤگانە دەگەڕێتەوە کە لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆر کۆدەکەنەوە و دوو جار بۆتە کلۆ کلۆ بەفری شێوە نەخشێنراو. شوێنەکە زیاتر لە [٤٠٠م قوڵی و بەرزی ٣م پانی ٥م] ی دروستکراوە، پلەی گەرما لەکاتی هاویندا ٥ پلەی سەدی ییە و لەناویداهەمیشە وا هەست دەکەیت باران دەبارێت، لەهەمان کاتدا لەسەر بەفرەکە بواری یاری خلیسکانە هەیە.گەشت کردن بەناو ئەم

ئەشکەوتەو مانەوەلەناویدا جیاوازە لەگشت گەشتەکانی ژیانت کە کردووتە.

# قەلاّی روستیّ



﴿وێنەی ژمارە (١٠٥) قەلاّی روستیّ، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٥/٢٢ وەرگیراوە﴾

قەلاّکە دەکەوێتە گوندی (رۆست) بە دووری (١٣٧کم) لە باکووری شاری هەولێر و لە بەشی رۆژئاوای چیای هەڵگورد هەڵکەوتووە. قەلاّی گوندی رۆست بە بەرچاو ترین و گرنگترین شوێنەواری دەڤەرەکە دادەنریّ. لە بەشی ژێرەوەی قەلاّکە شوێنەواری کۆگایەکی خەزن کردنی ئاو بەناوی سارداو (سارنج) بە ئەندازەی (١٨م ×٣م×٢,٥م) هەیە. قەلاّکە لەسەر رووبەری (٢٠,٢٩م بە ٤٥,٥٠م) دروست کراوە،

زیاترلە (١٠) ژووری هەبووە. لەهەندێك بـەش دوو نهـۆم بـووە. لەسـاڵی ١٩٨٧ز لەکاتی ڕاگواستنی گوندەکـە، بەشـی زۆری قەڵاکـە وێـران کـرا، پاشماوەی چەند بەشـێك لـە دیـواری بناغـەی قەڵاکـە بـە بـەرزی٥م کـە کەوتووتــە ســەر لۆتکــەی شــاخەکە وەك خــۆی مــاوە. مێژووەکــەی بــۆ ساڵانی (١٧٠٠ز) بە دواوە دەگەڕێتەوە[1].

[1] دارار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠-٦٤ .

# دۆڵی ڕوست



﴿وێنەی ژمارە (١٠٦) دۆڵی ڕوست، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٥/١٠ گیراوە﴾

لەسەر ڕێگای گشتی سۆران چۆمان لەگوندی بەرسیرین درێژ دەبێتەوە بۆناحیەی سمیلان و بۆ بناری چیای هەلگورد، ژمارەیەك گوندی کلتووری لە خۆدەگرێت، کۆمەڵێك لوتکە چیاو بەرزایی لە خۆدەگرێت، بە ڕەزو باخ و سەوزایی داپۆشراوە، کەشو هەوایەکی سازگاری هەیە، هەوارەکانی کەوتونەتە ژێر سێبەری دارەکان، لەکۆتایی دۆڵەکە شوێنی پشودانی و گەشتیارانە، گەشتیار دەتوانێ بەم ڕێگەیە بۆ چیای هەلگورد سەربکەوێت [1].

---

[1] نادر روستی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥١٢ - ٥١٣ .

# تاڤگەی وەڵزێ



﴿وێنەی ژمارە (١٠٧) تاڤگەی وەڵزێ، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٧/١٠ وەرگیراوە﴾

دەکەوێتە گوندی وەڵزێ لەشارۆچکەی قەسرێ، بەدووری (١٥٥کم) دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر، ئاوەکەی راستەوخۆ لەژێر سێبەری دار گوێز لەکانیاوێك هەڵدەقولێت، لەناوسروشتێکی ڕازاوەدا کەبە دار درەخت و چیاو دەورە دراوە، تاڤگەی کانی بەستێ لەبەرزایەکی ٢٥ مەتری دەڕژێتە خوارەوە و دیمەنێکی جوان پێك دێنێت، دەوروبەری تاڤگەکە بە باخچەو چیا دەورە دراوەو دواتر بەناو دارو درەخت و گەلییەك، بۆ گوندی وەڵزێ شۆڕدەبیتەوە. ناوچەکە سروشتێکی سرنج راکێشی هەیە [1].

[1] سایتی فەرمی دەستەی گشتی گەشت و گوزار ( kurdistantour.net) .

# سەیرانگای خۆشکان



﴿وێنەی ژمارە (١٠٨) سەیرانگای خۆشکان، لەرێکەوتی١٠/٧/٢٠١٤ گیراوە﴾

**ئەم سەیرانگایە دەکەوێتە قەزای چۆمان (١٧٠کم) لەناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە لەسەر پردی مستەفا ئاغا بەرێگەیەکی لاوەکی دەڕوات بەرەو خۆر هەڵاتی دەگەینە ئەم گوندە ناوچەیەکی خۆشو دڵگیرە بۆ گەشت کردن، ئەم ناوچەیە زۆر ساردە و بەفرو بارانێکی زۆری لێدەبارێت، (٢٦٦٥م) بەرزە لەئاستی ڕووی دەریا، بەهۆی جوانی و سروشتی کەیەوە خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن [١] .**

---

[١] حكومة أقليم كوردستان ـالعراق، الهئةالعامة للسياحة، الدليل السياحى اقليم كوردستان، المصدر السابق، ص ٦٣ .

# گوندی ناوەندە



﴿وێنەی ژمارە (١٠٩) گوندی ناوەندە، لەرێکەوتی ٢٠١٤/٥/٢٦ گیراوە﴾

هەرکاتێك لەهەولێرە وە بتەوێت سەر دانی گوندی ناوەندە بکەیت دەبێت زیاترلە (١٧٠کم) ببڕیت، دەڕۆیت بەڕێگای چۆمان حاجی ئۆمەراندا پێش ئەوەی بگەیتە دەربەندی رایان بەدەستی چەپ ڕووەو ڕۆژئاوا لادەدەیت بەرێگای لاوەکی دەگەیتە گوندەکە، گوندەکە هەر چوار دەوری بە چیا گیراوە کەوتۆتە دامێنی ڕۆهەلاتی چیای هەلگوردەوە یەك دەروازەی هەیە بەڕێگای گوندی بەردۆکاندا دێیتە ژوورەوە لە پێشەوەی گوندە، لەبەری خواروی ڕۆژهەلاتی زنجیرە

**چیای (ترازان) ەلەمبەرەوە (بەردۆك)ە، هەموو ئەو لا پـاڵ و سـەردەرو بن دەرو لاشان و زوورگ و بەرزی و نزمیەی دارستانە.**

**ناوەندە هەمووی زەوی کشتوکاڵی و باخ و باخـات و کـانی و ئـاوە، هەرچوار دەوری گوند بەچیا دەورە دراوە وەکو چیای هەڵگورد، چـیای سۆرك و رەشکان، چیای بەردۆك، هاوشانان، زاویتە، گگـەروی سـارتك، چیای کەپرە....هتدئاووهەوای ئەم گوندە زۆر خۆشـە و فێنکـە هـەموو لێـرەو لـەوی سـەردانی دۆڵ و دارسـتان و بـاخ و باخاتـە کاندەکـەن بـۆ مەبەستی بەسەر بردنی کاتێکی خۆش[1].**

**(تێبینـــی دەکـــەم ئـــەم ســـەیرانگایانە خزمـــەتگوزاری گەشـــتیاری بۆدروست بکرێت تاوەکو زیاتر گەشـتیاران روو لەوشـوێنە گەشـتیاریانە بکەن ئومێدەوارم زیاتر گرنگی بەو شوێنانە بدرێت).**

---

[1] قادرباوەجان، گەشت و گوزار گەشتێکی مەیدانییەبەچیاکانی کوردستاندا، هەمان سەر چاوەی پێشوو،لا ٥٣-٥٤ .

# حاجی ئۆمەران



﴿وێنەی ژمارە (١١٠) حاجی ئۆمەران، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/١٩ وەرگیراوە﴾

حاجی ئۆمەران دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لەلای باکوورەوە ناحیەی سیدەکان و لای ڕۆژئاوا قەزای چۆمان لەلای باشورەوە پارێزگای سلێمانی لای ڕۆژهەڵات کۆماری ئیسلامی ئێرانە، دووری حاجی ئۆمەران لەپارێزگاو قەزاکانی دەوروبەری، حاجی ئۆمەران کەوتۆتە سەر سنوری هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، نزیکەی (٢٢کم) لەقەزی چۆمان دوورە، (٦٥کم) لەقەزای سۆران دوورە، (١٨٣کم) لەشاری هەولێرەوە دوورە، لەزستاندا بەفرو بارانێکی

زۆر دەبارێت لەم ناوچەیە، بۆیە لەوەرزی هاوین ئاوو هەوایەکی خۆشی بەم ناوچەیە بەخشیوە، شێخی باڵك و کانی دەرمانـاوی شـێخی باڵـەك چەند شوێنێکی گەشتیارین دەکەونە ئـەو سـنووره، هەرلەبـەر ئـەوەش ساڵانە گەشتیارێکی زۆرلەهەموو شوێنەکانی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریش ڕووی تێدەکەن[1].

## کانی دەرماناوی شێخی باڵەکان



﴾وێنەی ژمارە (١١١) کانی دەرماناوی شێخی باڵەکان، لەرێکەوتی ٢٠١٣/٨/٤ گیراوە﴿

کانی دەرمانـاوی شـێخی باڵـەك دەکەوێتـە نـاو شارۆچـکەی حـاجی ئۆمەران، ئاوی کانیەکـە بـۆ چارەسـەری لادانـی بـەردو ڕملـی گورچـیلە

[1] مامۆستا سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، شاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٣

بەکار دێت، ئاوەکە بەبڕی دوو ئینج دێت لەدەوروبەری ئاوەکە کەپرو شوێنی پشودان دروستکراوە، ئاو هەوای شوێنەکە لەهاویندا فێنك و گونجاوە بۆیە ساڵانە گەشتیاران و هاوڵاتیان بۆ پشودان و بۆ بردنی ئاوەکەڕوو لە شوێنەکە دەکەن [1].

## مەزاری شێخی باڵەك



﴿وێنەی ژمارە (١١٢) مەزاری شێخی باڵەك، لەرێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٢ وەرگیراوە﴾

دەکەوێتە ناو شارۆچکەی حاجی ئۆمەران، (١٨٠کم) لەناوەندی هەولێرو نزیکەی (٢٠کم) لە قەزای چۆمانەوە دوورە [2]. شێخ محمد باڵەك کەسایەتیەکی ئاینی ئیسلام بووە، سەر بەڕێبازی سەهرەوەردی

---

[1] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٣/٨/٤ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٣/٨/٤ .

بووە و لەسەدەی حەڤدە ژیاوە، زیاتر لە هەزار مورید و دەروێشی هەبووە بەهۆی چاکەی زۆرو پێشبینی خوا پەرستی ناوبانگی دەر کردبوو، ئەمەش وای کردووە دوای مردنی گۆڕەکەی ببێتە مەزاری مورید و نزاکاران، لەنزیك مەزار گەکە کانیەکی دەرمانـاوی هەیە لە ڕوانگەی ئاینیدا بە ئاوێکی پیرۆز دادەنرێت، وەداری بەرز بەری لێ رواوە سیمایەکی جوانی پێ بەخشیوە بۆیەلە ئیستاش گەشتیارو هاولاتیانبەردەوام سەردانی مەزگەکەی دەکەن [1].

(تێبینی دەکەم ئاوی شێخی باڵەکان ئاوێکی بەسودە بۆ چارەسەر کردنی بەردی گورچیلە، دەتوانرێت سودی زیاتری لێوەر بگرێت بەشێوەیەکی پێش کەوتووانە، وەمەزاری شێخی باڵەکانیش بەهەمان شێوە گەشتیاران لەناوچە جیاجیاکان سەردانی دەکەن بە شوێنێکی پیرۆز سەیر دەکرێت، بۆیە پێویستە هەندێك خزمەتگوزاری هەبێت وەکو شوێنی مانەوەی گەشتیاران، بۆئەوەی زیاتر گەشتیاران سەردانی بکەن ئاشنای ئەم شوێنانە بن).

[1] نادر روستی، گەشتێك بۆ گەشت و گوزار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٩ .

# کۆیە



﴿وێنەی ژمارە (١١٣) کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ گیراوە﴾

کۆیە دەکەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای (هەولێر و سلێمانی) لە باشوری ڕۆژهەلاتی شاری هەولێرەبەدوری (٧٠کم)، کۆیە لەسەر بناری چەند چایەك بنیاد نراوە کە خۆرهەلاّت و باکوور و خۆرئاوای شارەکەیان داپۆشیووە، وەك زنجیرە چیای (هەورێ و هەیبەت سولّتان) کە (١٢٠٦م) باواجی (١٢٦٦م) لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

باشـوری شـاریش دەبێتـە دەشـتێکی فـراوان و لەهەنـدێك شـوێندا خاکەکەی دەبێتە گردۆڵە هەڵەت و پەڵەت وشەپۆلاوی خۆی دەنوێنێت، بەیەکێك لەجوانترین شارۆچکەکانی کوردستان دەژمێر درێت بەهۆی بوونی ناوچەی گەشتیاری وەك (کۆسا ر، چنارۆك، حمامۆك، جلی،گەدان، گۆمەتاڵ، نازەنین، مزار ماربینا قدریش). مێژوو نوسان و لێکۆلەران وا دادەنێن کە کۆیە لەسەر دەمی (الخوتیین) زۆر گرنگ بووە کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی ئاشوریەکان و میدیەکان.

کۆیە چەند شوێنەوارێکی تێدایە وەك (بازاری قەیسەری قەلات مزگەوت خانوی بە نەخش) هەروەها لەکۆنەوە مزگەوتەکانی سەنتەرێکی زانستی بووە، بۆپێگەیاندنی چەند مامۆستاو شاعیرو هونەرمەندی لێ دەرچووە وەك (حاجی قادر، عەونی، دلدار، باکووری، تاهیر تۆفیق) [1]، وە ئیستاش زانکۆی کۆیە تەواو کەری ڕۆشنبیری ئەم شارەیە ئەگەرهاتوو زیاتر گرنگی پێبدرێت لەرووی گەشتیاری ئەوا لەداهاتوو گەشتیارێکی زۆر روو لەو شارە دەکەن دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ دانیشتوانی ئەوشارە[2].

[1] حكومة اقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات و السياحة، الهيئة العامة للسياحة، المديرية للسياحة ـ اربيل، مديرية سياحة كؤية، ٢٠١٤، ص ٢ .


[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ .

## جوگرافیای کۆیە

قـەزای کۆیـە خـاوەن پێگەیـەکی جـوگرافی گرنگـە لەسـەر ئاسـتی عێـراق و کوردسـتاندا. ڕووبەرەکـەی (٢٠٥٠کـم) چـوار گۆشـەیە و بەرزیەکەشـی (٦٢٠م) لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـاوە دەبێـت و بـەدوو چیای خنجیلانە دەورە دراوە.

ئەوانیش چـیای بـاواجی کـە بەرزیەکـەی ١٢٦٠کـم و چـیای هیبـەت سوڵتان کە بەرزیەکەی ١٠٩٢کم لە ئاستی ڕووی دەریاوە دەبێت.


قەزای کۆیە بەسەر پێنج گەرەك دابەش بـووە گـەرەکی (باییزئاغـا، قەلات، بەفر قەندی، سەرباغ، هەوار)، ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم شـارە (٩٥٢٤٦) کەسن لە دوو گەل پێـك هـاتوون (کـورد و کلـدان) کلدانـەکان لەناوچەی هەر مۆتە دەژین کە دەکەوێتە باشوری شاری کۆیە.




﴿نەخشەی ژمارە (٨)، قەزای کۆیە﴾(١)

[1] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٤٨ ـ ٤٩ .

## مێژووی کۆیە



﴾وێنەی ژمارە (١١٤) مێژووی کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٩/٣ وەرگیراوە﴿

دوابەدوای جەنگی چاڵدێران لەساڵی ١٥١٤ بەپێی ئەو رێکەوتنەی لەنێوان دەولەتی عوسمانی و میرنشینە کوردیەکان بەسترا ناوچەی کۆیەش وەك تەواوی بەشەکانی تری باشوری کوردستان کەوتە ژێر قەڵەم رەوی دەوڵەتی عوسمانی، لەم رۆژگارەدا هەرەیك لە میرنشینەکانی (بابان، سۆران، ئەردەلان) لەکایە دابوونوو دەوڵەتی عوسمانیش بەپێی رێکەوتنەکە تارادەیەك دانی بەسەربەخۆییان دانابوو، ئەم میرنشینانە هەندێك جار هەولّیان دەدا پەراوێزی سنوری دەسەلاتیان فراوان بکەن و ناوچەی کۆیەش بخەنە ژێر قەڵەم رەوی خۆیانەوە [1]، بەلاّم بەرێگای دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی ئەم سنورە

---

[1] هیوا سادق سەلیم، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا ٣٠٧

بـەدەر کـەوتووە کـە مێـژووی نیشـتە جێبـوون لەکۆیـە لەسـەردەمی عوسمانییـەکان کۆیـە گەشەسـەندنی زۆری لەمەدرەسـەی ئـاینی و هونەری و بازرگانی و ئەدەب و سیاسەت بەخۆیەوە بینیوە. ئەم گەشـە سەندنە لە هەندێك کاتدا شـانی لەشـانی شـارە گـەورەکانی سلێمانی و هەولێر داوە. مزگەوت و مەدرەسە و خان و بـازاڕ وقیسـەریەکانی کۆیـە ئەم شاهێدیە بۆ مێژووی کۆیە دەدەن [1].

# قەیسەری کۆیە



﴿وێنەی ژمارە (١١٥) قەیسەری کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

بازاڕی قەیسەری تاکەبازاڕێکی کۆنی شاری کۆیەیـە، دەکەوێتـە نـاو سـەنتەری شـاری کۆیـە، ژمارەیـەکی زۆر دووکـانی کـۆن و نـوێ لـە

[1] نادر روستی، گەشتێك بۆگەشتو گوزار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٥ .

خۆدەگرێت. لەدووبەشی کۆن پێك دێت، کەلە شێوەی ئەندازەی چەماوە و هێلکەیی دروستکراوە، بەشی یەکەمی بە قیسەری حاجی بەکر ئاغا ناسراوە وەلە ساڵی ١٨٤٠ز دروستکراوە، بەشی دووەمی دوای ساڵی ١٩٠٠ز دروستکراوە.

لەقیسەری کەلوپەلی کۆن و نویٚ دەفرۆشرێت و لە نزیك قیسەری کۆن کاروان سەرای کۆیەو مزگەوتی کۆنی کۆیە و چەند شوێنەوارێکی کۆن دەبینرێت، کەناوچەکەیان کردۆتە شوێنێکی کولتوری و مێژوویی سرنج ڕاکێش [1].هەرکەسێك سەردانی کۆیە بکات دەبێت قەیسەریش بەسەر بکاتەوە لە نزیکەوە ئاشنابێت بە بینینی، بەتایبەت ئەوانەی حەز بە کاڵای کۆن و میلییەکان دەکەن.



﴿وێنەی ژمارە (١١٦) قەیسەری کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

[1] هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، دەستەی گشتی گەشت وگوزار، بەخێربێن بۆکوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو،لا[78].

# قشڵەی کۆیە



﴿وێنەی ژمارە (١١٧) قشڵەی کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

ئەم قشلەیە دەکەوێتە ناوسەنتەری شاری کۆیە بەلای ڕۆژئاوادا، چەند بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی سەردەمی دروستکردنی ئەم قەڵایە، بەم شێوە باسی لێوە دەکەن. یەکێك لەو بۆچوونانە مێژووی دروست کردنی دەگەڕێنێتەوە بۆسەر دەمی مەمالیك، سەر چاوەیەکی تر دەیگەرێنێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەسەر دەمی والی عوسمانی (مەدحەت پاشا) (١٨٦٩ـ١٨٧٢ز) کە والی عوسمانی بووە لەبەغدا، گرنگی زۆری داوە بەدروست کردنی قەڵاو قوتابخانەی سەربازی لەناوچە شاخاویەکانی کوردستان، بۆئەوەی بەرگریەکی بەهێز بکات لەدژی سەفەویەکان. ئەم قەڵایە بەشێوەیەکی ئەندازیاری ڕێك و

پێك دروست کراوە، هەرلایەك لەگەڵ لایەکانی تردا لەڕووی درێژی و پانی کەمێك جیاوازیان هەیە، چوار قوڵە (برج)ی هەیە کەهەر یەکەیان بەشێوازێکی ئەندازیاری جیا دروست کراون، شوورەو قولەکان بەیەکەوە بەستراون. بناغەی قەڵا (قشڵە) لەسەر کۆنە قەبران دروستکراوە و گۆڕستانەکە کۆنترە لەقەڵا.

شێوەی پێشەوەی قەڵای کۆیە واتە دەروازەکەی ئیستا و بەر لەنۆژەن کردنەوەش لەشێوەی دەروازەی یەکێك لەقشڵە سەربازیەکانی عوسمانی دەچێت لەشاری موسڵ [1].

لەناوەوەدا گۆرەپانێك لەناوەڕاست هەیە هەمووی کراوە بەدار و سەوزایی لەچوار دەوریدا هۆڵ و ژوور و مەمەڕ هەیە لەهەندێك شوێن بیناکە دوو نهۆمە. ئیستا نۆژەنکراوەتەوە، بەشێکی قشڵکە مۆزەخانەی کۆیەی لێدا نراوە، بەشێکی تریشی گەلەری هونەری تیایە کە گەشتیاران سەر دانی دەکەن، وە هەرلەناو قشلەش لەبەشی سەرەوەی مۆزەخانەکە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە یە، لەخوارەوەش ژورێك کراوەتە مۆزەخایەکی خنجیلانە کە تێیدا کەلوپەلی کۆنی سەردەمانی کۆنی تێدا نمایش کراوە،باب وباژیرانمان لەژیانی رۆژانەدا بەکاریان هێناوە [2].

---

[1] زێدان برادۆستی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەم ٢٠٠٧، لا ٢٦-٢٧

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (سەرکەوت سۆفی) سەرۆکی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە لەێکەوتی ٢٠١٦/١/١ کات ژمێر ١٠:٢٧ ی بەیانی.

# مۆزەخانەی ( خانەی کلتوری لەپ زێڕین )



﴿وێنەی ژمارە (١١٨) مۆزەخانەی (خانی لەپ زێرین)، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٢٥ گیراوە﴾

ئەم مۆزەخانەیە دەکەوێتە گەرەکی بەفرقەندی بەرامبەر مزگەوتی (رشا)، مۆزەخانەکە خانووەکانی لەلایەن دکتۆرە عتیە حەمەسعید بۆ تەرخانکراوە، لەساڵی ٢٠١٥ کراوەتەوە وە لە ساڵی ٢٠١٧ بەشێکی تری بۆ زیاد کرا، کەل و پەلەکان دەستکردی کوردن، یان سەر دەمانێك لە لایەن کوردەوە بەکار هاتوون، کە پێك هاتوون لەبەشەکانی (ڕستن و چنین و قاپ و قاچاغ و کەرەستەی ناو ماڵ و جوانکاری مۆری ومەرجان و ڕایەخ)، وە کەرستە کۆنەکانی لەسفرو ئاسن دارو فافۆن و گڵ و بەرد دروستکراون. مەبەست لە کردنەوەی مۆزەخانەکە پاراستن و نمایشکردنی کەل و پەلی کلتوریە کەشارستانیەتی باب و باپیرانمان بۆ

نەوەی داهاتوو نمایش دەکات، لەلایەکی تریشەوە بۆ سود وەرگرتن لێیان لەکاری دراما و کلیپ و بەرنامە وێنەگرتن.

مۆزەخانەکە دەوڵەمەندە بە کەلە پوری کوردی کەل و پەلەکان جگەلە کەل و پەلی تایبەت بە کۆیە کەلو پەلی کوردەواری سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی تێدایە، بەرێوەبەری مۆزەخانەکەش بەرێز (دێدەوان یعقوبە)بەخۆبەخشی سەرپەرشتی دەکات، وە شوێنێکی سەرەنج ڕاکێشە بۆ گەشتیاران [1].



﴿وێنەی ژمارە (١١٩) مۆزەخانەی (خانی لەپ زێرین)، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٢٥ گیراوە﴾

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ( دێدەوان یاعقوب مەنتك) بەرێوەبەری مۆزەخانەی خانی لەپ زێرین لەرێکەوتی ٢٠١٧/٣/٢٥ .

# خان کاروان سەرای ( محمود ئاغا )



﴿وێنەی ژمارە (١٢٠) خان کاروان سەرای (محمود ئاغا)، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری کۆیە، واتە لەدواوەی بازاری قەیسەری ئیستا، خانەکە پێك هاتووە لەتەلارێك کەلە دوو نهۆم پێك هاتووە لەسەر ڕووبەری زیاتر لە ١٠٠٠ مەتر دووجا دروست کراوە، لەشێوەی نیمچە لاکیشە دایە و لەناوەڕاستدا گۆرەپانێکی هەیە، لەدەوری گۆڕەپانەکە هەمووی ژوورە، خانەکە یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە، ژوورەکانی نهۆمی یەکەم بۆ تەوێڵەی بارهەڵگرە (ئەسپ و هێستر و کەر) بەکار هاتووە، بەشی سەرەوە بۆ نوستن و مانەوە بەکار هاتووە، خان لەسەر دەمەکانی ڕابردوو ڕۆڵی مۆتێلی ئەمڕۆی بینیوە، خانەکە

بەشێکی ڕووخاوەنەخش و نیگارەکانی سەر دەرگاو دیوارەکان ماوە[1].

(تێبینی دەکەم زیاتر گرنگی بەم خانە بدەن بە زوترین کات نۆژەن بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە فەوتان و زیاتر روخانی رزگاری ببێت، وە ببێتە سەنتەرێکی رۆشنبیری لەبواری دراماو سودی لێ ببینرێت لەداهاتوودا هەرچەندە لەرابردووش بۆ ئەو مەبەستە سودی لی بینراوە).

# چوار تاقان



﴿وێنەی ژمارە (١٢١) چوار تاقان، لەرێکەوتی٥/٤/٢٠١٦ گیراوە﴾

شوێنەواری چوار تاقان کەوتۆتەباشووری شاری کۆیە لەساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم کاروان سەرای نێوان کۆیەو هەولێرو کۆیە و

[1] نادر روستی، گۆڤاری شارەوانی هەولێر، ژمارە ٢١، کانونی یەکەمی ٢٠١٣، لا ٢١ .

**کەرکوك بووە، ئەم شوێنەوارە چوار کوپی گەورەی لێ دانراوە رۆژانە پر کراوە لە ئاو بۆ رێبواران و کاروان چیەکانی دەوروبەری شاری کۆیە کەدوای پشودانێك بەخۆیان و وولاغەکانیان و کەل و پەلەکانیان دەگەیاندە شاری کۆیە، دوای فرۆشتنی کەل و پەلەکانیان و ئامادە کردنی کاروانەکەیان بەهەمان رێگا دا دەگەڕانەوە، ئەم شوێنەوارەلەساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن قائیمقامی کۆیە نۆژەن کراوەتەوە[١]، وە لەساڵی ٢٠١٦ لەلایەن فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە دووبارە نۆژەن کرایەوەلەسەر شێوازی جارانی[٢].**



﴿وێنەی ژمارە (١٢٢) چوار تاقان، لەرێکەوتی٥/٤/٢٠١٦ گیراوە﴾

[١] دازار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٢ .

[٢] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٥/٣/٢٠١٧ .

# خانی قەیسەری دەشتی کۆیە



﴿وێنەی ژمارە (١٢٣) خانی قەیسەری دەشتی کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/٥ گیراوە﴾

**ئەم خانە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی گوندی قەیسەریان، بە دووری (١٤کم) لەباشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە لەدامێنی زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان، ئەم خانە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی (کۆیە،کلکە سماق، دۆکان، سلێمانی).**

**خانەکە لەدەوروبەری ساڵانی (١٨٤٥ ـ١٨٤٦) دروست کراوە، ئەم بەرواره هاوکاتە لەگەڵ دروست کردنی مەزگەوتی گەورەی کۆیە، خانە شێوەی لاکێشەیی درێژی هەیە، درێژیەکەی نزیکەی (١٦م) و پانیەکەی (٤,٥م) دەبێت، بەرزی دیوارەکانی تاسەقفەکەی نزیکەی دوومەتر**

دەبێت، ئەم خانە لەشـێوەی هـۆڵێکی درێـژە تـەنها یـەك نهۆمـە، کـەبۆ شـوێنی حەوانـەوەی خـاوەن ئاژەڵـەکان بـەکار هێنـراوە، خانەکـە دووڕێگای هەیە، یەکەمیان دەکەوێتە دیوی باشوور لەبەشی خوارەوەی دیوارەکە، دەرگای دووەم دەکەوێتە دیوی باکوور لەبەشی سەرەوەیدا، بەڵام دەرگای سەرەکی دەکەوێتە دیوی رۆژهەڵات، ئەم دەرگایە ئێستا داخراوە، لەگەڵ ئـەوەی نازانرێـت کـەی ئـەم دەرگایـە داخـراوە، بـەڵام پێدەچێت لـەکاتی نۆژەنکردنـەوەی لەساڵی ٢٠٠٤ لەلایـەن شـوێنەواری کۆیە ئەم کارە ئەنجام درابێت، پێنج عەمودی تێدایە بنکەکەیان لەبـەرد دروسـت کـراوە، شـێوەکەی چـوار گۆشـەیە، لەسـەر ئـەم عەمودانـە بەردێکی شێوە چوار گۆشە یـی هەیـە پێـی دەوترێـت تەپلـەی عـەمود، عەمودێکی چـوار لاکەوانـەی کەوتۆتەسـەر، ١٦ عقـی شـێوە نـوك تیـژی تێدایە، ژمارەی گومەتەکانی خانەکە ١٠ دانەیە لەدوو ریز پێك هـاتوون، شێوەی گومەتەکە نیوە بازنەییە ناوەکەی سـواخ دراوە بـەمادەی گـەچ شـێوەی نـاوەوەی رێـك تـرو باشـترە لـە شـێوەی دەرەوەی، بـەڵام قوببەکانی سەر دیواری باشورو و قوببەکانی ناوەوەی شێوەی قوچـەکی دەردەکـەوێت لـە وانەیـە وەك شـوێنی دووکـەلکێش بـەکار هاتبێـت، لەناوەندی هەر قوببەیەك کونێکی بازنەیی بچوك هەیە بۆ هاتنـە نـاوەی وەی ڕووناکی و هەوا گۆرکێ، گرنگترین کەرەستە سەرەکیەکانی لـەپێك هاتەی خانەکەدا، بریتیە لـە بـەرد، گـەچ، قـوڕ، کەئـەم جۆرەمادانـە لـە کۆیە زۆرن ئاسان دەست دەکەون، شایەنی باسە خەڵکی ناوچەکە باس

لـەوە دەکـەن کـەخاوەن مـەڕو ماڵاتـەکان، کـەپریان لـەم جێگایـە دروستکردووە، گوایە چەند جار ئەم کەپرە تێکچووە و ڕووخاوە، دواتر خاوەن مەڕو ماڵاتەکان بیریان لەوە کردۆتـەوە کەلـە جیاتی کـەپر ئـەم خانـە دروسـت بکـەن، بۆئـەم مەبەسـتەش سـودیان لەوەسـتایانە وەرگرتووە کەلەو کاتـەدا خـەریکی دروست کردنـی مزگـەوتی گـەورەی کۆیە بوون[1].

(تێبینی دەکەم هەندێك خزمەتگوزاری بۆدروست بکرێت بۆ ئـەوەی ببێتە هاندانی گەشتیاران زیاتر سـەردانی بکـەن و بناسـرێت، پێویسـتە لەوحەیەکی هەبێت تەواوی زانیاری لەسـەری نوسرابێتبەهەرسێ زمـانی کوردی عەرەبی ئینگلیزی).



﴿وێنەی ژمارە (١٢٤) خانی قەیسەری دەشتی کۆیە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/٥ گیراوە﴾

[1] مهدی جەلال مستەفا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (٣)، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ١١١-١١٢-١١٣-١١٤.

# قەڵای شیلە



﴿وێنەی ژمارە (١٢٥) قەڵای شیلە، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ گیراوە﴾

قەڵای شیلە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی شیلە بەدووری (١٠کم) لەباشووری شاری کۆیە، نزیکەی (٧٦کم) لەڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە دوورە، قەڵای شیلە دەکەوێتە نێوان چەند گوندێکی ناوچەکە، لەنێوان گوندی (هەرمۆتە) لەباکوور (عەودالان) و (یارمیش) لەخۆرهەڵات (قۆریتان) و (داربەڕوولە) لەباشوور و (مام قلینچ) لەخۆر ئاوا. قوڵای شیلە لەسەر دوو گردی نیمچە بازنەیی کە یەکەمیان ناسراوە بەگردی قەڵای شیلەی گەورەو درێژیەکەی (٤٥م)ە و پانیەکەی (٣م) لەلای ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە لەبەشی خوارەوەی چەمی (کانی ریحانەی) پرئاوودرەختی لێیە، بەرزی قەڵای سەر گردەکە لای

ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە نزیکەی (٥٠م) کەزۆر لێژە، بەڵام لاکانی تری ئەم قەڵایە لێژی کەمە و شوێنەواری کێلان بەقەد پاڵی گردەکەوە دیارە کەتا ئیستاش دەکیلرێت و ئەمە بۆتە هۆی کەم بونەوەی لێژییەکەی. قەڵای شیلەی گەورە لەبەشی باشوریدا درێژو نزم دەبێتەوە

تادەگاتە گردقەڵای شیلەی بچووك، دووری نێوانیان دەگاتە (١٠٠م)، ئەم گردەی دوایش لەشێوەی لاکێشەییە و بەهەمان شێوەی گردی یەکەم کێڵان کاری کردۆتەسەر، لەوە دەچێت لە کۆندا هەردوو گردەکە بەیەکەوە بووبن، بەڵام بەهۆکاری سروشتی وەك بەفرو باران و هۆکاری مرۆیی وەك کێلان لەیەکتر جیابوونەتەوە، بەڵام پێدەچێت یەکێك لەم دوو گردە پەرستگاو قەڵای فەرمانڕەواکەی بێت و گردی دووەم ئاوەدانی بووە و خەڵکی ئاسایی لیّ ژیاوە، وەك دەر دەکەوێت گردی گەورەی شیلە بۆ نیشتە جێبوون بووە لەلایەن خەڵکەوە و گردی شیلەی بچووك پەرستگاو قەڵابووە[1] .

(تێبینی دەکەم قەڵای شیلە نۆژەن بکرێتەوە لەسەر شێوازی کۆنی خۆی تاوەکو ئەو مێژووە دیرینەی کەهەیەتی لەفەوتان رزگاری بێت، جا بۆیە زۆر پێویستە لایەنی بەر پرس خەمێکی لی بخوات بۆئەوەی لەداهاتوو بەگەشتیارانی ئاشنابکەین بەجوانترین شێوە پێشوازی لەگەشتیاران بکات بەسیمایەکی جوان وسرنج ڕاکێش).

---

[1] هێمن نوعمان کاوێس، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(٢)، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا[١٨] .

# مەزارگەی ماربێنا قدیشا



﴿وێنەی ژمارە (١٢٦) مەزارگەی ماربێنا قەدیشا، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

دەکەوێتە باکووری گوندی هەرمۆتە بەدووری (٣کم) لەقەزای کۆیە، کەپێی دەوترێت (ماربینابهنام)، بیروبۆچوونی وا هەیە کەئەم ناوچەیە لەلایەن بهنام و خوشکەکەی سارە دروست کراوە، وەڕای دووەم دەڵێت هێرشی مەغۆل بۆ ماربنهام لەموصل ڕهبانی کان ناچار بوون ڕووبکەنە ناوچەی هەر مۆتە، ئیستا ئەم ناوچەیە گرنگی زۆری پێدراوە ناوچەکە کراوەتە ناوچەیەکی گەشتیاری و خەڵك ڕووی تێدەکەن بەتایبەتی مەسیحیەکان [1].

---

[1] حکومة اقلیم کوردستان ـ العراق، وةزارة البلدیات و السیاحة، المدیریة العامة للسیاحة ـ أربیل، الدلیل السیاحی (اربیل)، ص ١٢ .

# قەڵای بۆگد



﴿وێنەی ژمارە (١٢٧) قەڵای بۆگد، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ گیراوە﴾

قــەڵای بۆگــد یەکێکــە لــەو قەڵایانــەی لەقــەزای کۆیــە دروســتکراوە بــەدووری (٣٢کــم) بــەلای باشــووری ڕۆژهــەڵات، قەڵاکــە لەســەر گردێـك دروست کراوە لەنزیك گوندی بۆگد بەلای باکوور، قەڵاکە دەکەوێتـە لای ڕاستی ڕێگای نێوان کۆیەو سلێمانی بەڕێگای کلکە سماقـە ناسـراوە. سـەبارەت بـە مێـژووی قەڵاکـە لێـك چـونێکی زۆر هەیـە لەگـەڵ قـەڵای سارتکە لەڕووی هێلکاری و شێوازی بیناسازی جگەلـەوەی هـەردووکیان لەیەکتر دەچن و دەکەونەسەر یەك سنوور بۆیە مێژووەکەی هاوشێوەیە لەگـەڵ قـەڵای سـارتکە.قەڵای بۆگـد ڕاگەیانـدنی شـوێنەواری بـۆکراوە لەڕۆژنامەی وقـائیعی عێـراق ژمـارە (٣٦٦٢) لەبـەر واری ١٦/ ٧/ ١٩٥٥

بەناونیشانی قەڵای کۆرە واتە میر محمد، قەڵاکە لەسەر گردێکی فـراوان دروستکراوە بەرزیەکەی (٤٠م) ە بەبەردوو گەچ دروست کراوە.

قـەڵای بۆگـد وەك زۆرێـك لەشـوێنەوارەکانی کوردسـتان بەرشـاڵاوی بەناو ئەنفال کەوت لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن حکومەتی عێراقـی ئـەو کاتـە تەقێندرایـەوە، ئـەوەی ئیسـتا لێـی مابێتـەوە بەشـێك لـە شـوراکەی وبناغـەی بەشـەکانی تـری قەڵاکەیـە، قەڵاکـە لەشـێوەی چـوار گۆشـە دروست کراوە قەڵاکە لە دوو نهـۆم پێـك هـاتووە چـوار قولگـەی شـێوە لوولەیی لەهەر چوار سوچی قەڵاکـە دامـەزراوە، قەڵاکـە یـەك دەروازەی چـونە ژوورەوەی هەیـە، چـەندین کونـە مەتـەرێز لەبەشـی سـەرەوەی شوراکەهەن حەوشەیەکی چوار گۆشەی هەیـە لـە ناوەڕاسـتی قەڵاکـە و بوونی بیرێکی ئاو لەحەوشـەکەدا لەگـەڵ بیرێکـی لەیـەکێك لەهۆڵـەکانی قەڵاکە. نهۆمی دووەم بەگوێرەی بەراوورد کردن ووتـەی خـەڵکی تـەمـەن گەورەی ناوچکە بەهەمان شێوەی نهۆمی یەکەمە، سەبارەت بە سەقفی قەڵاکەبەشێوەی ڕاست بووەبەدار سەری گیراوەبەبەڵگەی بوونی شوێنی سەری دارەکان لە دیورای قەڵاکە[1].

(تێبینی دەکەم قەڵای بۆگد نۆژەن بکرێتەوە لەسەر شێوازی خـۆیی بۆئەوەی ببێتەوە فەکتەرێکی گرنکی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆدەڤەرەکە و بەدەسـت هێنـانی دەسـتی کـاری زیـاتر بۆناوچـەکە خزمەتگوزاریـە

---

[1] زیاد احمد محمد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، پێشوو، لا ٨١٠ - ٨١١ .

سەرەتاییەکانی وەکو دروستکردنی مۆتیل شوێنی پشوودان و فرۆژگاو جەند خزمەت گوزاری تری بۆ دروست بکرێت).

# کۆساری گەشتیاری




﴿وێنەی ژمارە (١٢٨) کۆساری گەشتیاری، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری کۆیە بەدووری (٤کم) لەچەقی شاری کۆیەوە، (٧٤کم) لەشاری هەولێرەوە دوورە، ئەم ناوچەیە شوێنێکی گەشتیاری زۆر خۆش و دلگیرە و ئاو و هەوایەکی سازگاری هەیە، هەوارگەکە یاریگاو مۆتێل و ڕێستورانت و چەندین خزمەت گوزاری گەشتیاری تێدایە، بۆیە خەڵکی زۆر لەگەشتیاران لەناوچەجیاجیاکان ڕووی تێدەکەن[1].

[1] حکومة اقلیم کوردستان ـ العراق، وزارة البلدیات و السیاحة، الهیئة العامة للسیاحة، المدیریة للسیاحة ـ اربیل، مدیریة سیاحة کؤیة، المصدر السابق، ص٤.

# هەییەت سوڵتان



﴿وێنەی ژمارە (١٢٩) هەیبەت سوڵتان، لەرێکەوتی١/١/٢٠١٦ گیراوە﴾

**دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی کۆیە بەدووری (٣کم) وە بەدووری (٧٣کم) لەشاری هەولێرەوە دوورە، بەرزی ئەم چیایە (١٢٦٠م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە [1]، هەرکەبەسەر چیای هیبەت سوڵتان دەکەویت تەواوی کۆیەت لێ دیارە، داروو سەوزایەکی زۆری هەیە بۆیە خەڵك حەزدەکات بچێت بۆسەرچیاکە سیمایەکی جوان دەبخشێت بەگەشتیاران [2].**

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەخێر بێن بۆ کوردستان، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٧٩ .

[2] گەشێکی مەیدانی لەرێکەوتی ١/١/٢٠١٦ .

# هاوینە هەورای چناڕۆك



﴿وێنەی ژمارە (١٣٠) هاوینە هەواری چناڕۆك، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٥/٦ گیراوە﴾

لەسەر بناری کێوی (هیبەت سوڵتان) بەدووری (١٥کم) لەباکووری خۆر هەڵاتی شارۆچکەی کۆیەو (٩٥کم) لەناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە، چیای هەیبەت سوڵتان (٨٣٠م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ئەم هاوینە هەوارە کەوتۆتە سەر ڕێگا کۆنەکەی (کۆیەدۆکان) تاکە هاوینە هەوارە لەشارۆچکەی کۆیە و بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا نزیکەی (١٠٠٠م) بەرزە، هاوینە هەوارەکە کۆمەڵێك چێشتخانەو گازینۆی لێ دروست کراوە، کۆمەلێك داری بەرزوو سەوزایی و کانی تیایە، بۆیە گەشتیاران سەردانی داکەن لەوەرزی گەشتکردندا، جگەلەوەش ئێوارانیش خەڵك ڕووی تێدەکەن[1].

[1] سەلمان برادۆستی، گۆڤاری مێرگ، ژمارە ٣٧، حوزەیرانی ٢٠٠٨، لا ٩ .

# ڕووباری جەلی



﴿وێنەی ژمارە (١٣١) ڕووباری جەلی، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٥/٦ گیراوە﴾

دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر بەدووری (٩٥کم)، ڕووباری جەلی بەنێو گوندی (سماقوڵی)دا دەڕوات لەسنوری شارۆچکەی کۆیە تەنها (٢١کم) لەباکووری خۆرئاوای شارۆچکەی کۆیەدووره. بەرزی ئەم ناوچەیە لەئاستی ڕووی دەریا (٦٠٠م) بەرزە، ئەم شوێنەسروشتێکی جوان وڕەنگینی هەیە بریتی یە لەدۆڵێکی نیمچە فراوان و هەمووی بەڕەزو باخ داپۆشراوە، ئەم شوێنە بۆ دوو مەبەست گەشتیار ڕووی تێدەکات، بۆکات بەسەر بردن و بۆ چارەسەری، چونکە ئاوی ئەم شوێنەکانزاییەو بۆنەخۆشەکانی پێست کەلکی لێوەر دە

گیرێت [1]. لەساڵی ٢٠١٣ بەنداوێك لەسەر ئاوەكەی دروست كراوە وەلە ئاینده دەتوانرێت خزمەتگوزاری تریشی بۆ بكرێت [2].

# كانی دەرماناویی جەلی



﴿وێنەی ژمارە (١٣٢) كانی دەرماناوی جەلی، لەرێگەوتی ٢٠١٦/٥/٦ گیراوە﴾

كانی گڕاوی جەلی دەكەوێتە باكووری شارۆچكەی كۆیەبەدووری (٢٢كم) ، بۆكانی جەلی سێ ڕێگە هەیە: [١- هەولێر بۆ دەربەندی گۆمەسپان بۆ دۆڵی سماقوڵی (٦٢كم). ٢- هەولێر بۆ كۆیە و بۆ جەلی (٨٧كم). ٣ هەولێر بۆ هیران و نازەنین بۆ جەلی (٨٨كم)]. كەسەر جەم ڕێگاكان قیر تاوكراون. زیاتر لە ١٢ ئنج ئاوی لێ هەڵدەقووڵێت، ئاوی

---

[1] حكومة اقليم كوردستان ـ العراق، وةزارة البلديات و السياحة، المديرية العامة للسياحة ـ أربيل، الدليل السياحي (اربيل)، المصدر السابق،ص١١ .

[2] گەشتێكە مەیدانی لەرێكەوتی ٢٠١٦/٥/٦ .

کانیەکە بەشێوەی بەردەوام ٣٨ پلە گەرمە. کانیەکە بە پێوانەی ٦م ÷٦م کراوەتە حەزێکی ئاو، حەوزی دووەم بازنەیی و تیرەکەی دوو مەترە، ئاوەکە مادەی کبریتی زۆرە، بۆنەخۆشیەکانی پێست، وەك خورشت، زیبکەی جۆراو جۆر، سوتانەوەی پێست، پیسبونی پێست، گڕوویی و تەنانەت بۆ ڕۆماتیزم و فەقەراتیش سوودی لێوەر دەگیرێت [1].

(تێبینی دەکەم بەشێوەیەکی پێشکەوتوانە سود لەو کانیە وەر بگیرێت، وە پێویستە زیاتر گرنگی بەو جۆرە ئاوە کانزاییانەبدرێت، گەشە بە خزمەتگوزاریەکانی وەکو رێگاو بان و مۆتیل و خواردنگە و ریکلام کردن لەرێگەی تیڤیەکان بۆئەوەی زیاتر گەشتیار رابکێشێت).



﴿وێنەی ژمارە (١٣٣) کانی دەرمانایوی جەلی، لەرێگەوتی ٢٠١٦/٥/٦ گیراوە﴾

[1] هێرش محمد رەسول، ڕەگ چەند بنچینەیەکی ژینگەیی گەشتیاری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٠ - ٨١.

# سەیرانگای حەمامۆك



﴿وێنەی ژمارە (١٣٤) سەیرانگای حەمامۆك، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١ گیراوە﴾

لەسەرووی شارۆچکەی کۆیەیە (٢کم) لەچەقی شارۆچکەی کۆیەوە دوورە لەکاتی خۆی سەرچاوەی سەرەکی ئاوی کۆیە بووە، بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا (٦٥٠م) بەرزە، چەندین رەز و باخ و داری بەرز بەر زی لێیە، حکومەتیش چەندین شوێنی دانیشتن و پشودان و حەوزی ئاوی بۆ دروست کردووە، وەکو سەیران خەڵکی ناوچەکە لەبۆنەو ڕۆژەکانی پشووی ساڵ ڕووی تێدەکەن.

# چۆم حیدەر



﴿وێنەی ژمارە (١٣٥) چۆم حیدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٨/١٩ گیراوە﴾

چۆم حیدەر دەکەوێتە باشوری شاری کۆیە بەدووری (٢١کم) لەناوەندی شارۆچگەی کۆیەوە دوورە، بەدووری (١٠١کم) لەپارێزگای هەولێرەوە دوورە، ئەم ناوچەیە شوێنێکی گەشتیاری زۆر خۆشە گەشیتاران زۆر سەردانی دەکەن لەزۆر بەی ناوچە جیاجیاکان [1]. لەبەر لەبەر ئەوەی دارو سەوزایەکی زۆری هەیە سەرە ڕای ئەوەی کە ئاوێکی سازگاری هەیە ئەمانە هەمووی سێکتەری زۆر گرنگی گەشتیارین[2].

---

[1] حکومة اقلیم کوردستان ـ العراق، وةزارة البلدیات و السیاحة، المدیریة العامة للسیاحة ـ أربیل، الدلیل السیاحی (اربیل)، المصدر السابق،ص١٢ ـ ١٤ .

[2] گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/٨/١٩ .

# تەق تەق



﴿وێنەی ژمارە (١٣٦) تەق تەق، لەڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٥ گیراوە﴾

دەکەوێتە بەشی باشووری خۆرهـەڵاتی شـاری هـەولێری پایتـەختی هـەرێم، بـەدووری ٥٨کـم، وەهـەروەها بـەڕێگای قیرتـاو نێـوان هـەولێرو کۆیە و تەق تەق(٩٨) کم ەناحیەی تـەق تـەق لـەڕووی ئیداریـەوە سـەر بەقەزای کۆیەیەبەدووری (٢٣کم) بەڕێگای قیر تاو لەباشووریدا. سنوری لەگەڵ ناحیەی (ئاشتی) لەخۆرهەڵات ناحیـەی (سێگردکان) لـەخۆرئاوا ناحیەی (شۆڕش) لەباکووری خۆرئاوا ناحیـەی (شـوان) لەباشـوور یـەك دەگرێتەوە هەروەها(٤٥کم) لەسەرووی شاری کـەرکوك هەلکـەوتووە[(1)]، و (٥٠٠) مـــەتر لەئاســـتی ڕووی دەریـــاوە بـــەرزە وە زێـــی بچـــوك

---

[1] ئاراس ئیلنجاغی، ئینسکلۆ پیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، هەمان سەر چاوەی پێشوو،لا٣١٩

بەناوەڕاستیدا تێدەپەڕێت، پارکێکی لێ دروست کراوەکەچەندان جۆری یاری لە ڕۆخی روبارەکە لە خۆدەگرێت، لەهەر دوو بەری ڕووبارەکە کەپری گەشتیاری دروستکراوە. ناوچەکە دارو باغاتێکی زۆری لەدەورووبەرە و سروشتێکی جوانی هەیە، هاوڵاتیان لە وەرزی بەهار ڕوو لەم ناو چەیە دەکەن[1].

(تێبینی دەکەم چۆم حیدەروتەق تەق خزمەتگوزاری گەشتیارییان بۆ دروست بکرێت وەك هۆتیل وکافتریا شوێنی پشودانی گەشتیاران و دروستکردنی شاری یاری مۆدێرن بەمەش وادەکات زیاتر خەلك لەناو چە جیا جیا کان سەردانی بکەن).



﴿وێنەی ژمارە (١٣٧) تەق تەق، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٥ گیراوە﴾

[1] أقليم كوردستان ـ العراق، وزارة البلديات والسياحة، الهيئة العامة للسياحة، مديرية سياحة– اربيل، المسدر الصابق، ص٢٠٢ .

# مەخمور



﴿وێنەی ژمارە (١٣٨) قەزای مەخمور، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩ گیراوە﴾

قەزای مەخمور کەوتۆتە بەشی باشوری رۆژئاوای پارێزگای هەولێر، بەیەکێ لەدەرگا سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت بۆپارێزگاکانی ناوەراست و باشوری عێراق و دەشتایی باشوری هەولێر لەخۆدەگرێت، لەلایەك کەوتۆتە نێوان زێی گەورەو زێی بچوك لەلایەکی دیکە ڕووباری دیجلە. قەزای مەخمور بەیەکێ لەیەکەئیداریەهەرە گرنگەکان دادەنرێت کەلیوا پارێزگای هەولێر لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق پێکی هێناوە. ناحیەکانی گوێڕو کەندیناوە و قەراج و ناحیەی ناوەند لەخۆ دەگرێت. ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٩,١٪) ی

ڕووبەری پارێزگای هەولێر. ژمارەی دانیشتوانەکەشی (٥,٥٪) دانیشتوانی هەولێرە. ناوچەکە مێژوێکی کۆنی هەیە وبۆچاخەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە، تائیستاشی لەگەڵ دابێت شوێنەواری کۆنی پێوە دیارە، بەتایبەت لەبەرزایەکانی قەرەچوغ، لەم دوایانە لەپاڵ شوێنەواری سەر دەمی عسمانیەکان، پاشماوەی شوێنەواری ئاشوریەکان لەوناوچەیە دۆزراوەتەوە، لەساڵی ١٩٨٤ سایلۆیەکی گەورە بۆداکردنی دانەوێڵە دروست کراوە هەروەها بایەخێکی نەوتی هەیە زیاتر لە (١٥٧) چاڵی نەوت لە خۆدەگرێت بەسەرناوچە جیاجیاکانی قەزاکە دابەش بووە. سەرەڕای ئەوە پێگە جوگرافیەکەی گرنکی تایبەتی هەیە، شوێنێکی زۆر شیاوە بۆ نیشتە جێبونی مرۆڤ و بۆ کشتوکاڵ[1].


## جوگرافیای مەخموور

لەڕووی جوگرافیەوە مەڵبەندی قەزای مەخموور بەدووری (٦٥کم) دەکەوێتە خۆرئاوای هەولێر، لەباکوورەوە قەزای دەشتی هەولێر و خەباتە لە باشوریشەوە ڕووباری دیجلەیە، خۆرهەڵاتی زێی بچووکە خۆر ئاوای زێی گەورەیە. دووری لەناحیەی مەلاقەرە (٢٨کم)، لە ناحیەی گوێر (٥٣کم)، لەناحیەی قەراج (١٤کم)، ناحیەی دیبەگەو گەیارە (٢٨کم)، لەلای ڕۆژئاوای شرگات (٦٠کم) دوورە، لەگەڵ پارێزگای

---

[1] د. خلیل ئیسماعیل محمەد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٣٢٤ - ٣٢٥ .

(موسلّ،کەرکوك،تکریت) هاوسنورە قەزای مەخمور خاکێکی بەپیت و بەرەکەتی هەیە لەڕووی کشتوکاڵیەوە بەتایبەت بۆ (گەنم و جۆ) کەلە سەر ئاستی کوردستان و عێراق بەپلەی یەکەم دێت، هەربۆیەسایلۆیەکی گەورەی بەقەد شارەگەورەکانی لێ دروستکراوە[1].




﴿نەخشەی ژمارە (٩)، قەزای مەخمور﴾

[1] هەولێر لە ١٠ ساڵی زێریندا ٢٠٠٤ ـ ٢٠١٣، هەمان سەر چاوەی پێشوو، لا ٥٠ .

## مێژووی مەخموور

مـەخموور مێژوویـەکی کـۆنی هەیـە و بـۆ چـاخەکانی پـێش زایـین دەگەڕێتـەوە، تائێستاشـی لەگەڵـدابێت شـوێنەواری کـۆنی هـەرپێوە دیارە. بەتایبەت لـە بەرزاییـەکانی قەرەچـوغ، کەلـەم دواییانـەدا لـەپاڵ شوێنەواری ئاشووریەکان لەو ناوچەیە دۆزرایەوە. بەپێی ئەو راپۆرتـەی کەلیژنـەی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان سـاڵی ١٩٢٥ پێشکەشـی کـردووە بـۆ یەکلاییکردنـەوەی کێشـەی ویلایـەتی موسـڵ ئاشـکرادەکات، کـە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی شـارەکان و سـەر بـە لیـوای هـەولێرن. لـەرووی پێکهاتـە ئیدارییەکەشـییەوە لـە تێکـڕای دانیشـتوانی شـارەکە ڕێژەی کوردەکان ٨٩ ٪ کەمتر نەبووە، بەڵام عەرەبەکان تـەنها٦٪ یـان پێکدەهێنا.

حکومـەتی عێراقـی ڕێککەوتننامـەی جـەزائیری سـاڵی ١٩٧٥ ی قۆزتەوە و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچـەکە دا سـەپاندو بـە ئەنقەست ژمارەیەك گوندی کوردەکانی چۆڵ کردو ڕای گواسـتن، عـەرەبی هێنایـە شوێنی ئەوان. بۆیە لە بەیاننامەکانی ژمارەی دانیشتوانی عێـراق سـاڵی ١٩٧٧ بەئاشکرا ڕێـژەی عـەرەب لەناوچـکە جیاوازییـەکی بەرچـاوی بـە خۆیەوە بینی.بۆنموونە لە قەزای مەخموور لە تێکـرای دانیشـتوان ٣٤٪ لە ناحیەی گوێڕ گەیشتە ٣٥٪ و لەناحیەی قەراجیش گەیشـتە نزیکـەی ٥٣٪، زیاترلـە ١٤٠ گونـدو کۆمەڵگـە کـاول کـران و دانیشـتوانەکەی ئاوارەبوون و ڕاگوێزران، لـە پـاش ڕاپەرینەکـەی ساڵی ١٩٩١ ناوچـەکە

هەر لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتی عێراقی مایەوە قەزای مەخموور بە پارێزگای نەینەوا لکێنرا. تاوای لێهات بازنەی بەعەرەب کردن هێلی (٣٦) ی لەناو خاکی هەرێمی کوردستانی ئازاد کراودا بەزاند[١].

# قشڵەی مەخمور



﴿وێنەی ژمارە (١٣٩) قشڵەی مەخمور، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩ گیراوە﴾

قشڵەی مەخمور دەکەوێتە ناوەندی شارۆچکەی مەخمور کەسەر بەپارێزگای هەولێرە، مێژووی دروست کردنی ئەم قەڵایە بۆکۆتایەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکان (١٩٠٧ز) دەگەڕێتەوە کەبۆ مەبەستی سەربازی بەکاریان هێناوە.

---

[١] د. خلیل ئیسماعیل محمەد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم،لا ٣٢٨ ـ ٣٢٩ ـ ٣٣٠ .

ئەم قشلّیە بەشێوەی لاکێشەیی یە بەبەردو بەگەچ و قسلّ دروست کراوە، لەدوونهۆم پێك هاتووە، دوو دەرگای هەیە (دەرگای باکوروو باشور). دەرگای باشور گەورەترە پێدەچێت کە دەرگای سەرەکی قشلّە بوبێت [1].

ئەگەرلەدەرگای باشور بچینە ژوورەوە سەرەتا ڕاڕەو (ممڕ) ێك کە درێژیەکەی دەگاتە (١٠م) لەهەردوو لای ڕاڕەوەکەش دوو ژوور هەیە. بەهۆی ئەم ڕارەوە دەچیتە حەوشی قشلّە کەلەناوەندی بیناکەوە واتا هەموو ژووروو هۆلّەکان (قاعەکان) دەوری ئەم حەوشەیان داوە، وەرووبەرەکەی (١٨×١٣م)، هەرلە لای ئەم راڕەوە لەهەر دوو لای دوو قادرمە هەیە کە سەر دەکەویت بۆ نهۆمی یەکەم، نهۆمی یەکەمیش لە دووبەش پێك هاتووە: بەشی باشوور بەشی باکوور کەبەشی باشور هەرلەسەر شێوەی راڕەوێك و ژوورەکانی خوارەوە دروست کراون، بەلاّم بەشی باکوور لەسێ ژووری یەك لە دوای یەك پێك هاتووە.

لەبەشی باکووری حەوشەکە راڕەوێکی ترهەیە کەدرێژیەکەی (٦م) و دەرگای لەسەرەوە لەدوو هۆلّی گەورە یەك لای ڕۆژهەلاّت و ئەوەی تریش لای باکووری پێك هاتووە و هۆلّەکان لەناوەوە بەهۆی ناوبڕ بەشێوەی کەوانەیی دابەش دەکرێنە سێ بەش، تەنها بەهۆی یەك پەنجەرەی بچووك رووناکی ئەم هۆلاّنە دابین دەکرێن. جگەلەم دوو هۆلّە چوار ژووری راڕەوێکی باشوور لەهەردوو لای رۆژهەلاّت و رۆژئاوای

[1] ئازاد مەخموری، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمارە (٥٢٨)،٢٠/ ١٠/٢٠٠٩، لا ٥٩ .

قشڵە کە چوار هۆڵی گەورە و هاوشێوەی یەکتر بە رووبەری (١٤×٤م) هەیە. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قشڵەیە شێوازی سەقفەکەیەتی، کەبەبێ دار یان ئاسن یان شتێکی تر راگیراون. کەئەویش شێوازی گومبەزی بوونیانە کەتوانویەتی قورسایی سەقفەکان بخاتە سەر دیوارە ئەستورەکانی قشڵکە (ئەستوری دیوارەکان ٧٥سم). دەرگاو پەنجەرەکانی لەسەر شێوەی نیمچە بازنەیی دروست کراوە، چوار چێوەی دەرگاو پەنجەرکان بەردی (رخام) دانراوە، ئەم قشڵیە لەساڵی (٢٠٠٧) نۆژەن کراوەتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر [١].

(تێبینی دەکەم قشلەی مەخمور پێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە ببینێ و گەشتیاران سەردانی بکەن و ئاشنای ببن وە پێویستە لەداهاتوو زیاتر گرنگی پێبدرێت و خزمەتگوزاری گەشت و گوزاری بۆ دابین بکرێت و رێگە لەبەردەم گەشتیارن خۆش بکرێتوە پێویستە ئیدارەی قەزاکە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیاریەکان بکات بۆئەوەی گەشتیاران بیهێنن بۆ بینینی).

---

[١] صابر حسن، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣-٣٤-٣٥ .

# چیای قەرەچوخ



﴿وێنەی ژمارە (١٤٠) چیای قەرەچوخ، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩ گیراوە﴾

چیای قەرەچوخ تاکە چیایە لەدەشتی هەولێر هەڵکەوتووە، دەشتی قەراج لەدەشتی کەندێناوە جیا دەکاتەوە واتە کەوتۆتە نێوان ئەو دوو دەشتە، ئەو زنجیرە چیایە درێژ دەبێتەوە لە زوورگی قەرەبۆتك و قەرە بۆتکان و کلکەی دارە بزمارە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا دەگاتە کلکەی بێجیان لەنزیك گوندی (زمارەی مەرزان) لە ڕۆژئاوا دا نزم دەبێتەوە دوایی دێت و دەبێتە دەشت، درێژیەکەی (٢٢کم) ە بەرزیەکەی (٧٨٩م)، بەدووری (٦٧کم) لەخوارووی ڕۆژئاوای شاری هەولێر هەڵکەوتووە، ئەم چیایە دیمەکارو کەم دارو بارە، بەفریشی کەم لی دەبارێت، لەبەر ئەوە ئەو دەشتە ئاو و کانی و کانیاوی کەمە جگە لە چەند کانیەك نەبێت ئەوانیش ئاویان کەمە.

# ئاوی دەرماناوی ( ئاوی شێخی چۆلی )

ئاوی کانیەکە لەبناری چیای قەرەچوخ هەڵدەقوڵێت بەناو گوندی قەسران دا دەڕۆیشت لەوێ کشتوکاڵیان لەبەر دەکرد و دارو بارەکانیان پێ ئاو دەدا، وە چوار قەد برنجی لەبەر دەکرا سەرەڕی ئەمەش بۆ نەخۆشی پێستیش سودی لێ وەر دەگیرا، لەسەر دەمانی کۆنیش بۆ ئیش پێکردنی ئاشیش سودیان لێ وەر دەگرت [1].

# ئاوی بن بەردی



﴾وێنەی ژمارە (١٤١) ئاوی بن بەردی، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩ گیراوە﴿

ئاوی کانیاوێکە لەبناری چیای قەرەچوخ هەڵدە قوڵێت و دێتە دەرەوە، بۆیە ئەو کانیاوە بەئاوی بن بەردی ناو نراوە و ناسراوە،

[1] هۆشیار عبدالله، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٢ .

بەوتەی خەلکی ناوچەکە دەلێن لەسالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕوسەکان کاتێك کە سایلۆی مەخموریان دروست کرد بەنداوێکیان لەبەر دەم ئاوەکەش دروست کرد بۆئەوەی سود لەئاوەکەی وەر بگرن بۆ ئاو دانی سایلۆ[1].

(تێبینی دەکەم کانی و کانیاوەکان و چیای قەرە چوخ لەقەزای مەخمور زۆر بایەخی پێبدرێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە ببوژێتەوە لە لایەنی گەشت و گوزاری ئەو سێکتەرە ببێتە هۆی بەست هێنانی دەستی کار و داهات بۆدانیشتوانی ناوچەکە).



﴿وێنەی ژمارە (١٤٢) ئاوی بن بەردی، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩ گیراوە﴾

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (مام فەوزی جوهر) خەڵکی قەزای مەخمورە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٩.

# گردی عەوێنە



﴿وێنەی ژمارە (١٤٣) گردی عەوێنە، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٣/٢٧ گیراوە﴾

گردی عەوێنە دەکەوێتە نزیك گوندی عیونات سەربەناحیەی گوێر لەقەزای مەخمور. مێژووی ئەم شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمەکانی: وەرکا، سومەر، ئەکەد، کاشیەکان، دەست پێکردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکاندا.

ئەم گردە وەك شار بووە هەروەك لەنوسینە مسماریەکاندا نیشانەی پێکراوە، ئەم گردە بەپێی بەڵگەنامە سەرەتاییەکان لەهەزارەی دووەمی پێش زاینیەوە تاسەردەمی عەباسیەکان واتە بۆماوەی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ ژیانی تێدابووە، وەیەکێکە لە شارە کۆنەکانی نێوان

نەینەوا و هەولێر و ئاشور و بەگەورەترین گردی شوێنەواری دەشتی هەولێر دادەنرێت لەدوای گردی قەڵای هەولێر[1].

(تێبینی دەکەم قەزای مەخمور ژمارەیەکی زۆری گردی تێدایە گەشتیاران وخەڵکی بیانی هەیە ئارەزووی بینینی شوێنەوار دەکەن یاخود مێژوو نوس و شوێنەوار ناسانی بیانی دەتوانن بین توێژینەوە لەسەر ئەو گردە شوێنەواریەبکەن، یاخود هەندێك خزمەتگوزاری لەئایندە بۆ ئەو شوێنە بێتە دروستکردن بۆئەوەی گەشتیاران سەردانی بکەن و پێی ئاشنابن).



﴿وێنەی ژمارە (١٤٤) گردی عەوێنە، لەرێکەوتی ٢٠١٥/٣/٢٧ گیراوە﴾

[1] مامۆستا سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، شاری هەولێر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٤ .

# مۆزەخانەی کەلەپوری دیبەگە



﴿وێنەی ژمارە (١٤٥) مۆزەخانەی کەلەپوری دیبەگە، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢٧وەرگیراوە﴾

ئەم مۆزەخانەیە لە ناحیەی دیبەگە لەسەر ڕوبەری (١٠٠٠م) چوار گۆشە دروست کراوە، وە بینای مۆزەخانەکەش هەر بە خشت و قورلەسەر شێوازی کۆنی لادێ کانی کوردستان دروست کراوە، کەتیدا چەندین جۆر کەلو پەلی کۆنی تێدا نمایش کراوە وەك (جل و بەرگی کۆن، قاپ و قاچاغ، فانۆس، لامپا، جاجم، بەڕە، وێنەی کەسایەتی و شەهیدەکانی کوردستان.. هتد) وە کە بەشێکی زۆری کەلو پەلەکان لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکە کراوەتە دیاری کە جاران کوردەواری خۆمان بەکاریان دەهێنا چ لەدیبەگە و کەندیناوە چ لە ناوچەکانی تری کوردستان، مۆزەخانەکەدەتوانرێت سودی لی وەر بگیرێت بۆ مەبەستی سازدانی فیستڤاڵ و بۆنە نەتەوەیەکان تێیدا، هەرگەشتیارێك روو لەو

دەڤەرەبکات سەردانی مۆزەخانەکە دەکات بۆمەبەستی ئاشنابوون بە داب و نەریت و شێوەی ژیانی کۆنی خەلکی ئەوناوچەیە.[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (عەدنان حاجی کاکە دیبەگەیی) نووسەر و رۆژنامەنووس، ٢٠١٧/٨/٢٧.

# بەشێك لە چالاكییەكانی ڕێکخراوی
# ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە






22.03.2017 16:05






Computer
(Auto)
Signal
To display Help,
button


18.01.2015 15:48


19.03.2015 09:40




پاراستنی
هەمووانە


ڕێکخراوی
ئاشتیاری هوشیاری ژینگە
لە 3 / 3 / 2013



# سەرچاوەکان:

## یەکەم / سەچاوە کوردیەکان:


١) پرۆفیسۆر. ئازارد نەقشبەندی، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، کتێبی سەنتری برایەتی ٣، ١٩٩٩.

٢) نادر ڕۆستی، گەشتێك بۆ گەشت و گوزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی روکسانە، هەولێر، ٢٠١١.

٣) سەلاحەدین حەفید، ئابووری کوردستان (١٩٧٧ــ١٩٩٠)، چاپی یەکەم، سلێمانی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٠.

٤) کۆمەلێك مامۆستای زانکۆ، جیۆگرافیای کوردستانی عێراق، وەرگێرانی: سەنتەری برایەتی و ئاسۆکەریم بەکوردیەکەی داچۆتەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر کوردستانی عێراق، ١٩٩٨.

٥) عبداللــه غفــور، جوگرافیــای کوردســتان، چــاپی پێنجــەم، چــاپخانەی خانی(دهۆك)، ٢٠٠٨.

٦) مهدی محمد قادر، هەولێر لەنێوان سالانی ١٩١٤ـ ١٩٣٠، چاپخانەی ڕۆژهەلات، سالی ٢٠٠٨.

٧) مەغدید حاجی، لە (ئوربیللۆم و ئەربەئیلۆ) وە بۆهەولێر، ٣٩ وتارو کورتە لێکۆلینەوە دەربارەی مێژووی هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٨) دلزار حەسەن، ئینسکلۆپیدیای گەشتیاری هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٤.

٩) هۆشیار محمد امین و سەردار محمد، ئەتلەسی پارێزگای هەولێر، ساڵی ٢٠١٠.
١٠)دەستەی باڵای سەرپەرشتیارلەسەر چالاکیەکانی هەولێرپایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆساڵی ٢٠١٤
١١)سەرکەوت حسێن و سامان حەمەدەمین خۆشناو، رێبەری گەشتیاری لەشەقلاوە، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٦.
١٢) هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی گەشە پێدلنی گەشت و گوزاری لەقەزای شەقڵاوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر٢٠١٣.
١٣) قادرباوەجان، گەشت و گوزار گەشتێکی مەیدانییەبەچیاکانی کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٩.
١٤) عبداللە غفور، فەرهەنگی مێژووی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٥) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن، بەخێر بێن بۆکوردستان ڕێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان.
١٦)فەریدە محمد خضر، (کاریگەری بنەماکانی کۆمەلایەتی لەسەر گەشت و گوزار لەقەزای سۆران)، پرۆژەی لێکۆلینەوە پێشکەش کراوە بۆبەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری پەیمانگای گەشت و گوزار، هەولێر، ساڵی٢٠١٠.
١٧) حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزگای هەولێر، کۆمسیۆنی باڵای بوژانەوەی قەلاَی هەولێر، www.erbilcitadle.org/Email:info@erbilcitadle.org.
١٨) نادر روستی، گەشت و گوزار نەوتی ئایندەی کوردستانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠.
١٩) ممدوح مزوری، مێژووی رواندز، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦.

٢٠) هێرش محمد رەسول، ڕەگ چەند بنچینەیەکی ژینگەیی گەشتیاری، هەلێر، ٢٠١٤.

٢١) مامۆستا سەعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، شاری هەولێر، چاپخانەی ژیان، هەولێر، ٢٠١٦.

٢٢) ریبەری شوێنەواری مۆزەخانەی هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٤.

٢٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، دەستەی گشتی گەشت و گوزار، بەخێر بێن بۆ کوردستان، ٢٠١٥.

٢٤)ویسی سالّح حەمەدەمین و عمر علی شریف، بابەتە کۆمەلآیەتیەکان، چاپی حەوتەم، ٢٠١٦.

٢٥) بەرەو بنیاد نانی ناشنالّ پارکی هەلّگورد سەکران.

٢٦) بەخێر بێن بۆ کوردستان رێبەری گەشتیاری هەرێمی کوردستان.

٢٧) پارێزگای هەولێر، هەولێر ٥ سالّ لە ئاوەدانکردنەوەو گەشە سەندن.

## گۆڤار:

١) مهدی محمد قادر، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(٢) ی سالّی دووەم، پایزی ٢٠٠٨.

٢) محمد سەعید کوردە، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (١٣)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر سالّی ٢٠٠٥.

٣) زێدان برادۆستی، گۆڤاری سوبارتۆ، ژمارە٤٥، سالّی ٢٠١١.

٤)کنعان رشاد موفتی، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ٩، هەولێر، ئاداری ١٩٩٩.

٥) د. یوسف خلف عبدالله، گۆڤاری سوبارتۆ، سالّی سێیەم پایزی ٢٠٠٩.

٦) دلشاد عەزیز زاموا، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (٣)، سالّی سێیەم، پایزی ٢٠٠٩.

٧) محمد ملا کەریم، لەبارەی ریشەیی ناوی رەواندز، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (٧٠)، سالّی١٩٩٤.

٨) گۆڤاری سوبارتو، ژمارە(٤٥)، سالّی چوارەمو پێنجەم، هاوینی ٢٠١١.

٩) گۆڤاری دنیای گەشت و گوزار، ژمارە (٢ ٣)، ئەیلولی ٢٠١٠.

١٠) عبـدالرحمان علـی کـوردە، گۆڤـاری باڵـەك و باڵەکایـەتی، باڵـەك، ژمـارە (٣) تەمموزی ٢٠٠٨.

١١) زێدان برادۆستی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کـانونی یەکـەم ٢٠٠٧.

١٢)سەلمان برادۆستی، گۆڤاری مێرگ، ژمارە ٣٧، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

١٣)گۆڤاری سەفین، ژمارە(٦٠)، شوباتی ٢٠١٥.

١٤)ئازاد مەخمووری، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ژمـارە (٥٢٨)، ٢٠ ی تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٩.

١٥) نادر روستی، گۆڤاری شارەوانی هەولێر، ژمارە ٢١، کانونی یەکەمی ٢٠١٣.

١٦) عباس سلێمان سمایل، گۆڤاری سەفین، ژمارە ٥٨، حوزەیرانی ٢٠٠٥.

## ئینسکلۆپیدیا ی هەولێر:

١) زوبێر بیلال ئیسماعیل، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکـەم، چـاپی یەکـەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٢) کارزان حیدەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی یەکـەم، لبنـان، ساڵی ٢٠٠٩

٣) زیاد احمد محمد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٤) زرار عبدالله سەرتاش، ئینسکلۆ پیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکـەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٥) زوبیر بیلال اسماعیل، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی سـێیەم، چـاپی یەکـەم، لبنان ٢٠٠٩.

٦) هۆشیار عبدالله، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٧)تەها باقر و فوئاد سەفەر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٨ دلْشاد عەزیز زاموا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

٩) نادر روستی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

١٠)هیوا سادق سەلیم، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

١١) ئاراس ئیلنجاغی، ئینسکلۆ پیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

١٢)د. خلیل ئیسماعیل محمەد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لبنان، ساڵی ٢٠٠٩.

## دووەم / سەرچاوە عەرەبییەکان:

١) ئاراس سماعیل خضر، العناصر المعماریة والنقوش الزخرفیة فی العمائر العثمانیة الباقیة فی اقلیم کوردستان/ العراق، أطروحة دکتورا غیر منشرة، جامعة القاهیرة، ٢٠١٣ـ ٢٠١٤م.

٢) سەردار محمدعبدالرحمان هۆشیار محمدأمین خۆشناو، الاطلس السیاحی لاقلیم کوردستان العراق (الاثار و السیاحة) الطبعة الاولی، اربیل، ٢٠١٠.

٣) سروه دەشتی وهاب، تحلیل جخرافی للمواقع الترفیهیه فی المدینه اربیل (دراسهمیدانیه) الرساله ماجستیر، کلیه الاداب، جامعه صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٤.

٤) الدليل السياحى اربيل، وزاره البلديات والسياحه، المديرية العامة للسياحةأربيل.

٥) سعيد شامايا، السياحة فى ربوع كوردستان، مطبعة شريكة ديوان، اربيل، ٢٠٠٧.

٦) أقليم كوردستانالعراق، وزارة البلديات والسياحة، الهيئة العامة للسياحة، المديرية للسياحةاربيل، ٢٠١٥.

٧) حكومة أقليم كوردستان العراق، الهئةالعامة للسياحة، الدليل السياحى اقليم كوردستان، ٢٠١٣.

٨) حكومه أقليم كوردستانالعراق، وزارة البلديات والسياحة، المديريةالعامة للسياحةاربيل، الدليل السياحى (اربيل).

٩) حكومة اقليم كوردستان وزارة البلديات والسياحة، السياحة في كوردستان نبع من دُرر.

١٠) طه باقر و فواد سفر، المرشيد الى مواطن الاثار والحظارة الرحلة الخامسة بغداداربيل، بغداد، ١٩٩٦.

١١) جەمال نەبەز، الامير الكردى مير محمد الرواندزى الملقب ب (میری کۆرە)، ترجمة: فخرى شمس الدين سيلاحشۆر، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣.

١٢) حكومة اقليم كوردستانالعراق، وزارة البلديات و السياحة، الهيئة العامة للسياحة، المديرية للسياحةاربيل، مديرية سياحة كؤية، ٢٠١٤.

١٣) حكومة اقليم كوردستانالعراق، وةزارة البلديات و السياحة، المديرية العامة للسياحةأربيل، الدليل السياحى (اربيل).

١٤) حكومەأقليم كوردستانالعراق، وزارة البلديات والسياحة، الهيئة العامة للسياحة، المديريه العامه السياحه، الابيل، مديريەسياحه سوران، ٢٠١٤.

## چاوپێکەوتن/

١) چاوپێکەوتون لەگەل بەرێز (م. مازن محمدأمین) سەرۆك بەشی رێبەری گەشتیاری، لەڕێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤.

٢)چاوپێکەوتن لەگەلبەرێز (خالص یونس) خاوەنی ئەنتیکە خانە، لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٦، رۆژی دووشەمە، کات ژمێر ١١:٥٠ بەیانی.

٣) چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرێز (اسماعیل بەرزنجی) لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٦کاتژمێر ١٠ی بەیانی.

٤) چاوپێکەوتن لەکەڵ بەرێز (عبدالباسط بهجت عمر) جێگری بەرێوەبەری کتیبخانەی زەیتون لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١٦.

٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز(معسین مجید اسماعیل) خاوەنی چیایخانە، لەڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/٧، کات ژمێر٩ی شەو.

٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەنی باخچەکە بەڕێز (خلیل صابر کاوانی) لەڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢٢.

٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (رێبوار خدر باین)، کارگێری ماجی لاند، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٢٣، کاتژمێر١٠:٣٠ بەیانی ڕۆژی یەك شەمە.

٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (سەرکەوت سۆفی) بەرێوەبەری شوێنەواری کۆیە لەێکەوتی ٢٠١٦/١/١ کات ژمێر ١٠:٢٧ ی بەیانی.

٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (ئەندازیار هاوکار عبدالعزیز رەمەزان) لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی، رۆژی چوارشەمە.

١٠) چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز (شەریف عسمان) بەڕێوەبەری ئاوی مێرگەسۆر لەرێکەوتی ٢٠١٣/٢/١٦.

١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (کاوێس احمد سلیمان) بەرێوەبەری شانەدەر، لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٥ کاتژمێر١١:٣٠ ی بەیانی رۆژی چوارشەمە.

١٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (عونی مامەند شێخان) لەرێکەوتی ٢٠١٧/٤/٦کاتژمێر ١٠ی بەیانی رۆژی پێنج شەمە.

١٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز عبدالواحید گوانی قائیمقامی قەزای چۆمان لەرێکەوتی٢٢/٥/٢٠١٥ کاتژمێر ١١:٣٥ ی سەرلەبەیانی.

١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (مام فەوزی جوهر) خەڵکی قەزای مەخمورە، لەرێکەوتی ١٩/٤/٢٠١٦.

١٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (عەدنان حاجی کاکە دیبەگەیی) نووسەر و رۆژنامەنووس، ٢٠١٧/٨/٢٧.

## بەرێوەبەرایەتی /

(١) بەرێوە بەرایەتی شوێنەواری هەولێر، رێکەوتی ١٤/٤/٢٠١٦.

## سەرچاوەی ئینگلیزی/

1)Kurdistan Regional Government, 2013, p.[17-19].

## پێگەی ئەلیکترۆنی /

١) پێگەی ئەلیکترۆنی (www.hawlergov.org\kur.

٢) سایتی فەرمی دەستەی گشتی گەشت و گوزار(kurdistantour.net).

٣)پێگەی ئەلیکترۆنی http://www.hawlergov.org

## گەشتی مەیدانی /

١)گەشتێکی مەیدانی بۆ مۆزەخانەی کەلە پوری سریانی، لەرێکەوتی ١٣/٤/ ٢٠١٦ کات ژمێر٢٣: ١٠ ی بەیانی.

٢) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ١٠/٤/٢٠١٦.

٣) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٧/٩/ ٢٠١٦.

٤) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی٢٢/٧/ ٢٠١٤.

٥) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/١.

٦) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٥/٣/ ٢٠١٦.

٧) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/٤/١.

٨) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/١٧.

٩) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/١٢/٢٢.

١٠) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی٢٠١٤/٧/٢٣.

١١) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/٢/١٩.

١٢) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/١١/٣٠.

١٣) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٤.

١٤) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٥/٧/٢٥.

١٥) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٣/٨/٤.

١٦) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی ٢٠١٦/٥/٦.

١٧) گەشتێکی مەیدانی لەرێکەوتی٢٠١٥/٨/١٩.

# کورتەیەك لە ژیانی نوسەر



## دەشتی مەنتك

ناوی تەواوی ﴿دەشتی اسماعیل حاجی﴾ یە لەساڵی (١٩٨٩) لە شاری هەولێر لە دایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ناحیەی دارەتوو تەواو کردووە، ئامادەیی لە ئەحمەدی خانی کوڕان لەشاری هەولێر تەواو کردووە.

پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی جوگرافیای گەشت و گوزارتەواو کردووە لەساڵی ٢٠١١.

لەساڵی ٢٠١٣ ەوە چالاکوانی مەدەنیە لەبواری هۆشیاری ژینگە، جێگری بەرپرسی رێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگەیە، دەستەی دامەزرێنەی رێکخراوی ئاڤیاربووە، چەندین سیمیناری ژینگەیی لەناوەندەکانی خوێندن و لەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان پێشکەش کردووە بەخۆبەخشانە، بەشداری چەندین خولی رۆشنبیری جیاجیا بووە.

لە رادیۆی زانایان بەرنامەی ئاڤیاری ژینگەیی پێشکەش کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵ.

لەرادیۆی پێشکەوتن بەرنامەی ئاڤیاری ژینگەیی پێشکەش دەکات.

ئەندامی کۆمەڵەی گەشت و گوزار ناسانی کوردستانە.

ئەندامی کۆمەڵەی وێنە گرانی کوردستانە.

*******************